# ئایۆڵفی بچکۆلە

## هێنریك ئیبسن

### وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە

### هاودەم ساڵح جاف

### لەم سەرچاوە نەرویجییەوە کراوە بەکوردی:

**LILLE EYOLF**

**SKUESPILL I TRE AKTER**

Utgitt første gang i 1894

Oversatt fra Henrik Ibsens skrifter 2009

Oversatt fra norsk av

Hawdam Salih Jaf

2023

## کاراکتەرەکان

**ئەڵفرێد ئاڵمەرش، خاوەن موڵك، نووسەر، پێشتر مامۆستا**

**خانم ڕیتا ئاڵمەرش، هاوسەری ئەڵفرێد**

**ئایۆڵفی تەمەن نۆ ساڵ، منداڵی ئەڵفرێد و ڕیتا**

**خاتوو ئاستا ئاڵمەرش، زڕخوشکی بچکۆلەی ئەڵفرێد**

**ئەندازیار بۆرگهایم**

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردوو**

شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە ماڵ و موڵکەکەی ئاڵمەرشە کە دەکەوێتە سەر کەنداوێك، دوو میل [٢٠کم] لە شارەوە دوورە.

## ئایۆڵفی بچکۆلە

### دیمەنی یەکەم

هۆڵێکی جوان لە نێو باخێکدا[1]، بە کەل و پەلی زۆر و، گووڵ و شینایی و، شتی گرانباها ڕازاوە . دەرگای جامخانەکەی پشتەوەی هۆڵەکە بەسەر هەیوانێکدا دەکرێتەوە. دیمەنی بەر هەیوانەکە بەسەر کەنداوێکی بەرفراواندا دەڕوانێ. گردی بە دارستان داپۆشرا ولەدوورەوە دیارن. دیوارەکانی ئەملاولای هۆڵەکە، دەرگایان تێدایە، دەرگاکەی لای ڕاست، دەرگایەکی دووتاکییە وکەوتووەتە بەشی دواوە. لە بەشی پێشەوەی لای ڕاست دا قەنەفەیەک  هەیە گۆشە و بەتانی لەسەرە. قەنەفەیەکی سوچداریش کورسیەک و مێزێکی بچکۆلەی بە تەنیشتەوەن. لەبەشی پێشەوەی لای چەپیش دا مێزێکی گەورەتر دانراوە، کورسی قۆڵداری بەدەورەوەیە. مێزەکە جانتایەکی سەفەری بە کراوەیی لەسەرە.  بایانییەکی هاوینی گەرمە لە کەشێکی خۆرهەتاودا.

[1] هۆڵێک، کە لە نیو باخی ماڵاندا دروستدەکرا بۆ هاوینان تێدا دانیشتن. وەرگێڕ.

خانم ڕیتا ئەڵمرش لەلای مێزەکەوە وەستاوە. پشتی کردوەتە لای ڕاست و، خەریکی بەتاڵکردنەوەی جانتاکەیە. ڕیتا خانمێکی جوانکەلەی باڵابەرزی، لەشولارجوانی قژزەردی تەمەن ٣٠ ساڵانە. کراسێکی کاڵی [ڕۆژانە ی[2]] لەبەردایە.

دوای کەمێک لە دەرگاکای لای ڕاستەوە خاتوو **ئاستا ئەڵمەرش،** لە پۆشاکێکی قاوەیی کاڵی هاوینە و شەپقە و چاکەت و چەتری خۆرەتاوەوە دێتە ژوورەوە. جانتایەکی چەرمی [فایل ئاسا]ی گەورەی لە بنباڵدایە. **ئەستا ئەڵمەرش** خانمێکی باریک و جوانی، باڵا مامناوەندی، قژڕەشە و دووچاوی قووڵ سەرنجدەر و جددی پێوەیە. ٢٥ ساڵانە.

**ئاستا** لەنێو دەرگاکەوە

بەیانیت باش، ڕیتای ئازیز!

**ڕیتا** ئاوڕدەداتەوە و سەری بۆ دەلەقێنێ

نا بڕوانە،- ئەوە تۆی ، ئاستا! هەروا زوو لەشار گەڕایتەوە؟ بۆ ئێرە لای ئێمە؟

**ئاستا** [چەتری خۆرەتاو] ەکە لەسەر کورسییەک بەتەنیشت دەرگاکەوە دادەنێ

بەڵێ، ئارام و ئۆقرەم نەمابوو. دەبوایە هەر بێم و ئایۆڵفی بچکۆلە ببینم. بێم بۆ لای تۆش. (فایلەکە دەخاتە سەرمێزەکەی تەنیشت قەنەفەکە) بە کەشتییە هەڵمینییەکە سەفەرمکرد.

**ڕیتا** بۆی پێدەکەنێ

ئینجا ڕەنگە لە کەشتییەکەدا هاوڕێیەک یان دووانیشت بینی بێت. مەبەستم، ئاوها بە ڕێکەوت.

**ئاستا** لەسەرخۆ

نەخێر، کەسم نەبینی، کە من بیناسم. (جانتاکە دەبینێ) بەڵام، ڕیتا، - ئەوەچییە لەویا دا؟

**ڕیتا** بەپەنجە ئیشارەت دەکات

جانتای سەفەرەکەی ئەڵفرێدە. نایناسیتەوە؟

**ئاستا** دڵخۆشانە، نزیکتر دەبێتەوە

چی! بۆ ئەڵفرێد گەڕاوەتەوە!

**ڕیتا**

بەڵێ، ئەی چۆن،- بە شێوەیەکی زۆر چاوەڕێنەکراو بە شەمەندەفەری شەو گەڕایەوە.

**ئاستا**

ئۆ، کەواتە ئەوە ئەمە بوو، من هەستم پێ کرد بووا ئەمە بوو، منی پەلکێشی ئێرە دەکرد! – ئەی پێش سەفەرەکەی هیچی بۆ نە نووسیبوون؟ تەنانەت کارتێکیشی نەنارد بوو؟

---

[2] کراسێکی ئاسایی ڕۆژانە، بۆچوونە بازاڕ و لەماڵدا پێشوازیکردنی خەڵک، بەڵام کراسی چوون بۆ داوەت و ئاهەنگ نییە. وەرگێڕ

**ڕیتا**

یەک وشەی نەنووسی بوو.

**ئاستا**

تەلەگرافێکیشی نەکرد بوو؟

**ڕیتا**

با، کاتژمێریک پێش ئەوەی بگاتە ئێرە. زۆر کورت و خەمساردانە. (پێدەکەنێ) پێت وانییە، ئەوە ڕێک لە ئیشەکانی ئەو بچێت، ئاستا؟

**ئاستا**

با چۆن. ئەو لە هەموو شتێکدا زۆر بێدەنگە.

**ڕیتا**

بەڵام خۆشترین شت ئەوە بوو، کە دووبارە من ئەوم بۆ گەڕایەوە.

**ئاستا**

بەڵێ، بێگومان من ئەوە دەزانم.

**ڕیتا**

تەواو چواردە ڕۆژی پیشتر لەوەی من چاوەڕوانی بووم!

**ئاستا**

ئەی خۆ شکور باشە؟ دڵتەنگ نییە؟

**ڕیتا** جانتاکە دادەخات و بۆی پێدەکەنێ

هەر کە لەدەرگاکە هاتە ژوورەوە، ڕێک وەک ئەوە وا بوو نووری لێ بباریێ.

**ئاستا**

ئەی هیچ ماندوو نەبوو؟

**ڕیتا**

با، بێگومان ماندوو بوو. زۆریش ماندوو بوو. ئاخر، داماوە، زۆربەی زۆری ڕێگەکەی بە پێ بڕیبوو.

**ئاستا**

ئینجا ڕەنگە هەوای ئەو سەر چیا بەرزانەش بۆ ئەو سارد بووبێ.

**ڕیتا**

نەخێر، هەرگیز لەوباوەڕەدا نیم. تەنها جارێکیش گوێم لێی نەبوو بکۆکێ.

**ئاستا**

ئێ، وا ئەشبینیت! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی چاک بوو کە دکتۆرەکەی توانی بیهێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی ئەم سەفەرە بکات.

**ڕیتا**

بەڵێ، ئێستا، ئێدی سەرئەنجام لێی دەربازبووین، ئاوها -. بەڵام باوەڕکە بۆ من ، کاتێکی زۆر ترسناک بوو، ئاستا. من هەرگیز نەم دەویست باسی ئەوە بکەم. تۆش زۆر بە دەگەمەن دەهاتیت بۆ ئێرە بۆ لام.-

**ئاستا**

بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەوەی من کردم کارێکی ڕاست نەبوو. بەڵام-

**ڕیتا**

ئێ، ئێ، ئێ، - تۆش قوتابخانەکەت لە شار بوو. (پێدەکەنێت) ئینجا ڕێگە سازەکەشمان – سەفەری کرد بوو.

**ئاستا**

ئۆ، ڕیتا، واز لەوە بێنە!

**ڕیتا**

بەڵێ، بەڵێ. لە ڕێگەسازەکە گەڕێ با ئەو [بۆخۆی]بڕوات. – بەڵام غەم و پەژارەیەکی ئاوها، وەک ئەوەی من دوای ئەڵفرێد چێشتم! چۆڵی و بەتاڵیەکی ئاوها! قاتوقڕییەکی لەو شێوەیە! ئێهە، وەک ئەوە وابوو لێرە کەسێک لە ماڵەکەدا نێژرابێت -!

**ئاستا**

ئۆی، خوای گەورە، - هەر بەو شەش – حەوت هەفتەیە –

**ڕیتا**

بەڵێ، بەڵام بیرت نەچێت، ئەڵفرێد هەرگیز پێشتر بەجێی نەهێشتووم. تەنانەت بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێکیش بەجێی نەهێشتووم. هەگیز لە ماوەی ئەو دەساڵەدا –

**ئاستا**

نەخێر، بەڵام بۆیە منیش ئێدی پێم وابوو بەڕاستی کاتی خۆیەتی، ئەو ئەمساڵ کەمێک بچێتە دەرەوە. دەبوایە ئەو هەموو هاوینێک بۆ گەشتی سەر چیا بچوایە. دەبوایە ئەو ئەوەی بکردبایە.

**ڕیتا** بە نیوە پێکەنینێکەوە

ئاخ بەڵێ، قسەکردن بۆ تۆ ئاسانە، ئەی چۆن. ئەگەر من هێندە – هێندەی تۆ ژیر بوومایە، ئەوا ڕەنگە، پێشتر بەرەڵام کردبایە – بەڵام پێم وانە بوو، بتوانم ئەوە بکەم، **ئاستا!** ئەوە بۆ من وەک ئەوە وا بوو، کە چیدی لەوە زیاتر دووبارە من ئەو نەبینمەوە. بۆ تۆ لەوە باش تێناگەیت؟

**ئاستا**

نەخێر. بەڵام ئەوە ئیحتیمالە، لەبەرئەوە بێت کە من کەسم نییە لەدەستی بدەم.

**ڕیتا** بە پێکەنینێکی لاقرتێ پێکردنانەوە

بەڕاست تۆ بەهیچ شێوەیەک کەست نییە -؟

**ئاستا**

ئەوەندەی من بزانم نیمە. (بە قسە بڕینەوە) بەڵام پێم بڵێ، ڕیتا، - ئەی ]کوا] ئەڵفرێد لەکوێیە ئێستا؟ ڕەنگە نووستبێ؟

**ڕیتا**

ئۆ نەخێر. هەروەکو خوی پێوە گرتووە، بەهامان شێوە ئەمڕۆ زوو لە خەو هەستا.

**ئاستا**

ئێ، کەواتە ئەو هێجگار ئەوەندە ماندوو نەبووە.

**ڕیتا**

با، شەو. کە هاتەوە. بەڵام ئێستا ئەوە تەواو کاتژمێرێک زیاترە لە ژوورەوە ئایوڵفی لایە.

**ئاستا**

ئەو کوڕە داماوە، ڕەنگ زەردە! دیسان دەبێ فێر بێ و فێر بێتەوە؟

**ڕیتا** بە شان هەڵتەکاندنەوە

ئەڵفرێد ئاوهای دەوێ، تێگەیشتیت.

**ئاستا**

بەڵێ، بەڵام من پێم وایە، ڕیتا، تۆ دەبێت بەرەنگاری ئەو شتە ببیتەوە.

**ڕیتا** بێ سەبرانە

نەخێر، - ئەزانی چی، - بە هەقیقەت من ناتوانم خۆم تێکەڵاوی ئەو باسە بکەم. ئەڵفرێد لە من باشتر لەو شتانە تێدەگات. – ئەی بۆ تۆ دەتەوێت ئایۆڵف خەریکی چی بێت؟ ئەو ناتوانێت – وەک منداڵانی دیکە، ڕابکا و یاری بکا.

**ئاستا** بڕیاردەرانە

من لەو بارەیەوە لەگەڵ ئەڵفرێد دا قسەدەکەم.

**ڕیتا**

بەڵێ، ئازیزم، لەگەڵیدا قسەبکە. – ئێ، تۆ سەیرکە –

ئەڵفرێد ئاڵمەرش، لە جل و بەگی هاوینە دا، دەستی ئایۆڵفی گرتووە، لەدەرگای چەپەوە دێنە ژوورەوە. ئەڵفرێد پیاوێکی باریک و لەش و لار ڕێکە و لە تەمەنی ٣٦-٣٧ ساڵیدایە و چاوەکانی نەرم و سەروڕیشێکی قاوەیی تەنکی هەیە. شوێن پەنجەی بیرکردنەوەی قووڵ و جدی بە ڕوخسارییەوە دیارە.- ئایۆڵف پانتۆڵ و چاکەتیکی یەکپۆشی لەبەردایە بە پەت و قۆپچەی زەردەوە و قوپچەکان وێنەی شێریان لەسەر دروستکراوەوە . شەلە و بەهۆی دارشەقێکەوە کە لەژێر باڵی چەپیدایە دەڕوات. قاچەکەی ئیفلیجە. باڵای کورتە و، نەخۆش دیارە، بەڵام جوتێ چاوی جوانی زیرەکانەی پێوەیە.

**ئەڵمەرش** دەستی ئایۆڵف بەردەدات و دڵخۆشانە دەڕوا و هەردوو دەستی ئاستا دەگرێ

ئاستا! ئاستای دۆست! ئەوە تۆی لێرە! من ئاوها زوو یەکسەر بتوانم تۆ ببینم!

**ئاستا**

پێم وابوو هەر دەبێت بێم – دووبارە بەخێربێیتەوە!

**ئەڵمەرش** دەستی ڕادەوەشێنێ

زۆر سوپاس.

**ڕیتا**

نایاب نایەتە بەرچاو؟

**ئاستا** زەق تەماشای دەکات

جوانە! تەواو جوانە! چاوەکانی هێجگار گەشاوەن! بەڵێ، بێگومان ئەوماوەیە تۆ زۆر زۆرت نووسیوە. (شادمانانە) ڕەنگە کتێبەکە هەمووی تەواو بووبێ، ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش** شان هەڵدەتەکێنێ

کتێبەکە -؟ ئا، ئەوە –

**ئاستا**

بەڵێ، من لەوباوەڕەدا بووم، هەر هێندەی چوویتە دەرەوە، ئیدی ئەوە زۆر ئاسان دەکەوێتەوە بۆ تۆ.

**ئەڵمەرش**

منیش لەوباوەڕەدا بووم. بەڵام ئیدی، - شتەکە تەواو جیاواز کەوتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت من یەک دێڕم لەو کتێبە نەنووسیوە.

**ئاستا**

نەتنووسیوە -!

**ڕیتا**

ئا، ئەوە بۆیە! منیش تێنەگەیشتم، چونکە کاغەزەکان لە جانتاکەدا دەستیان بۆ نەبرا بوو.

**ئاستا**

بەڵام، ئەی تۆ ئەو ماوەیە هەمووی خەریکی چی بوویت، ئەڵفرێدی ئازیز؟

**ئەڵمەرش** پیدەکەنێ

هەر خەریکی بیرکردنەوە و بیرکردنەوە و بیرکردنەوە بووم.

**ڕیتا** باوەشی پێدادەکات

کەمیکش بیرت لەوانە کردەوە، کە لێرە لە ماڵەوە بوون.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، زۆر زۆر، هەموو ڕۆژێک. با باش ئەوە بزانیت.

**ڕیتا** بەرەڵای دەکات

ئێ، کەواتە ئیتر هەموو شتێک باشە.

**ئاستا**

بەڵام تۆ هیچت لە کتێبەکە نەنووسیوە؟ کەچی هێشتا دەتوانیت هێندە دڵخۆش و ئاسوودە بیت؟ ئەوە تۆ نیت. مەبستم ئەوەیە، لەکاتی ئاساییدا کە کارێکت لێ عاسی دەبێت وا نیت.

**ئەڵمەرش**

ڕاست دەکەیت. چونکە پێشان من زۆر گێلۆکە بووم، ئەی چۆن. چونکە، بیرکردنەوە، مرۆڤ باشتر پڕەکات. ئەوەی دەخرێتە سەر کاغەز کەڵکێکی ئەو تۆی نییە.

**ئاستا** هاواردەکات

کەڵکی نییە؟

**ڕیتا** پێدەکەنێ

ئەوە تۆ شێت بوویت، ئەڵفرێد؟

**ئایۆڵف** بە باوەڕپێ هەبوونەوە تەماشای دەکات

با، باوکە، - ئەوەی تۆ دەینووسیت، کەڵکی هەیە.

**ئەڵمەرش** پیدەکەنێ و دەست بە سەریدا دەهێنێ

بەڵێ بەڵێ، مادام تۆ وا دەڵێیت، وایە -. بەڵام باوەڕم پێ بکە، - پاشان کەسێک دێ، کە بەشێوەیەکی باشتر ئەو کارە ئەنجام دەدات.

**ئایۆڵف**

دەبێ ئەو کەسە کێ بێ؟ ئۆ، دە بیڵێ!

**ئەڵمەرش**

سەبرت بێ، ئەو کەسە خۆی پیشان دەدات.

**ئایۆڵف**

ئەی تۆ دەخوازیت چی بکەیت؟

**ئەڵمەرش** بەجدی

من دووبارە دەچمەوە بۆ چیا –

**ڕیتا**

ووی، ئەڵفرێد، شەرمکە!

**ئەڵمەرش**

بۆ سەر بەرزاییەکان و ئاسۆی بەرفراوان.

**ئایۆڵف**

بابە، لەوباوەڕەدا نیت منیش زوو چاک بمەوە، تا لەگەڵتدا بێم؟

**ئەڵمەرش** بە ئازارەوە

با چۆن، لەوانەیە، کوڕە بچکۆلانەکەم.

**ئایۆڵف**

چونکە من پێموایە، ئەوە، زۆر خۆش دەبێت، ئەگەر منیش بتوانم بە سەر چیادا سەرکەوم.

**ئاستا** بە قسە لەبیربردنەوەوە

نا، تۆ چەند جوان و کەشخەیت ئەمڕۆ، ئایۆڵف!

**ئایۆڵف**

بەڵێ، بەلای تۆشەوە من ئەمڕۆ کەشخەنیم [توخوا]، پووریێ؟

**ئاستا**

با بێگومان، ئەوە لەبەرخاتری باوکت، ئەو جلە نوێیانەت پۆشیوە؟

**ئایۆڵف**

بەڵێ، داوام لە دایکم کرد ئەم جلانەم لەبەرکا. چونکە من حەزمدەکرد باوکم بەم جلانەوە بم بینێ.

**ئەڵمەرش** بەهێواشی بە ڕیتا دەڵێ

نەدەبوایە ئەو جلانەی لەبەرکەیت.

**ڕیتا** بە هێواشی

ئۆ، بەڵام زۆر بۆژۆی کردم. زۆر بە پەرۆشەوە داوای دەکرد. ئارامم نەما بۆی.

**ئایۆڵف**

ئا، ڕاسته، باوکه، - بۆرگهایم تیروکەوانێکی بۆ کڕیوم. فێریشی کردوم چۆن تیری پێ بهاوێژم.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، سەیرکە، ئایۆڵف، ئەوە، ئەو شتە ڕاستەیە کە بۆ تۆ دەگونجێ.

**ئایۆڵف**

ئینجا ئەمجارە دووبارە کە هاتەوە، داوای لێ دەکەم فێری مەلەکردنیشم بکا.

**ئەڵمەرش**

مەلەکردن! ئۆ، بۆ دەتەوێت فێری مەلەکردن بیت؟

**ئایۆڵف**

ئا، لەبەرئەوەی لە خوارەوە لە کەناردەریاکە هەموو کوڕەکان، دەتوانن مەلە بکەن. هەر بەتەنها من ناتوانم مەلەبکەم.

**ئەڵمەرش** نیگەرانە، دەست دەکاتە ملی

تۆ بۆت هەیە فێری هەموو شتێک بیت، هەرچییەک تۆ بتەوێت! هەمووشتێک، ئەوەی تۆ خۆت حەزەکەیت فێری بیت.

**ئایۆڵف**

بەڵێ، دەزانیت باوکە، من حەزم لە چییە زیاتر فێری بم؟

**ئەڵمەرش**

چی؟ ئا پێم بڵێ.

**ئایۆڵف**

لەهەمووی زیاتر حەزدەکەم ببمە سەرباز.

**ئەڵمەرش**

ئۆ، ئایۆڵفی بچکۆلە، شتی دیکە زۆرن، کە زۆر لەوە باشترن.

**ئایۆڵف**

ئا، بەڵام کە گەورە بووم، خۆ دەبێ بچم بۆ سەربازی. خۆ تۆ خۆت ئەوە دەزانیت.

**ئەڵمەرش** دەستەکانی دەنوقێنێ

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ؛ بابزانین –

**ئاستا** لەتەنیشت مێزەکەی لای چەپەوە دادەنیشێ

ئایۆلف! وەرە ئێرەوە لای من، ئەوسا شتێکت پێ دەڵێم.

**ئایۆلف** دەچێ بۆ لای

ئەو شتە چییە، پووری؟

**ئاستا**

ئینجا بزانە، تۆ، ئایۆلف، - مشکەکوێرەی مێردنەکردووم بینی.

**ئایۆلف**

چی؟ مشکەکوێرەی مێردنەکردووت بینی! نا، گاڵتە دەکەیت!

**ئاستا**

نا، بەڕاستمە. دوێنێ بینیم.

**ئایۆلف**

دەی لەکوێ بینیت؟

**ئاستا**

لەسەر ڕێگاکەی دەرەوەی شار، بینم.

**ئەڵمەرش**

منیش ئەوم لە باکوور لە شوێنێک بینی.

**ڕیتا** کە لەسەر قەنەفەکە دانیشتووە

ڕەنگە ڕێکەوێ ئیتر ئێمەش ببینین، ئایۆلف.

**ئایۆلف**

پووری، ئەوە شتێکی سەیر نییە، کە ئەو ناوی مشکەکوێرەی مێردنەکردووە؟

**ئاستا**

خەڵک بەو ناوەوە بانگی دەکەن، چونکە ئەو بەشاران و کەناری دەریاکاندا دەگەڕێ و جرج ڕاودەنێ.

**ئەڵمەرش**

لەڕاستیدا خۆی ناوی خاتوو ڤارگ – ە، وابزانم.

**ئایۆلف**

ڤارگ؟ ئێنجا خۆ ئەوە مانای گوورگ.

**ئەڵمەرش** دەست بەسەریدا دەهێنێ

ئایۆڵف، تۆ، ئەوەش دەزانیت؟

**ئایۆڵف** بیردەکاتەوە

کەوابێ ڕەنگە ئەوە ڕاست بێ، ئەو بەشەوان گورگ بێ. تۆش لەو باوەڕەدا نیت، باوکە؟

**ئەڵمەرش**

نا، نەخێر، من لەوباوەڕەدا نیم . – بەڵام ئێستا ئیتر تۆ دەبی بچیتە خوارەوە و کەمێک لە باخەکەدا یاری بکەیت.

**ئایۆڵف**

پیت وا نییە باشتربێ چەند کتێبێک لەگەڵ خۆمدا بەرم؟

**ئەڵمەرش**

نەخیر، لەمە بەدواوە باسی کتێب مەکە. بڕۆ خوارەوە بۆ لای کوڕەکانی دیکە، لەکەناری دەریاکە.

**ئایۆڵف** بەشەرمەوە

نەخێر، باوکە، ئەمڕۆ من نامەوێ بچمە خوارەوە بۆلای کوڕەکان.

**ئەڵمەرش**

بۆ نا؟

**ئایۆڵف**

نا، لەبەرئەوەی ئەم جلانەم لەبەردایە.

**ئەڵمەرش** ناوچەوانی گرژدەکات

ڕەنگە گاڵتە بە – بە جلە جوانەکانت بکەن!

**ئایۆڵف** بە خۆ لێ نەبان کردنەوە

نەخێر، ناوێرن ئەوە بکەن. چونکە لێیان دەدەم.

**ئەڵمەرش**

ئێ باشە، - ئەی بۆ چی -؟

**ئایۆڵف**

بەڵام ئەو کوڕانە، زۆر هاروهاجن. دەڵێن، من هەرگیز ناتوانم ببم، بە سەرباز.

**ئەڵمەرش** تووڕەیی خۆی دەشارێتەوە

بەبڕوای تۆ، ئەوان بۆ وا دەڵێن؟

**ئایۆڵف**

بێگومان لەبەرئەوەی ئەوان ئیرەیم پێ دەبەن. باوکە، چونکە، ئەوان، ئەوان هێندە هەژارن، کە بە پێخاوسی دەگەڕێن.

**ئەڵمەرش** بەهێواشی، بە قورگ گیرانەوە

ئۆ، ڕیتا،- ئا ئەمە، چەند ئازاری دڵم دەدات!

**ڕیتا** بەهێورکردنەوە، هەڵدەسێتە سەرپێ

هیچ نیە – هیچ نییە – هیچ نییە!

**ئەڵمەرش** بە هەڕەشەکردنەوە

بەڵام ئەو کوڕانە جارێك، وا تەمێ دەکرێن کە هەست بکەن، کێ لەکەنار دەریاکەی خوارەوە خاوەن دەسەڵاتە!

**ئاستا** گوێقوڵاغ دەکات

دەرگایە.

**ئایۆڵف**

بێگومان بۆرگهایم -ە!

**ڕیتا**

وەرە ژوورەوە!

مشکەکوێرەی مێرد نەکردو لەسەرخۆ و بێدەنگ لەدەرگاکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە. مشکەکوێرەی مێرد نەکردو ژنێکی بچکۆلەی، باریکی، لەش کوڕ و چەماوەی، پیر و قژ سپییە و دوو چاوی قووڵ نۆڕی، دەرپۆقیوی پێوەیە. کراسێکی کۆنی گوڵ گوڵی و شەپقەیەکی شیسە[3] و کۆڵوانەیەکی درێژی پۆشیوە. چەترێکی گەورەی سووری بە دەستەوەیە و پەتێکیشی لە قۆڵدایە، کە تورەکەیەکی ڕەشی پێوەیە.

**ئایۆڵف** بەهێواشی، کراسەکەی ئەستا دەگرێ

پووری! بەدڵنیاییەوە ئەمە، دەبێ ئەو بێ!

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو** لە نیو دەرگاکەدا دەچەمێتەوە [بۆ سڵاوکردن]

بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە بەیارمەتیتان، - داخوا خانەدانانی ماڵەگەورە هیچیان لە ماڵدا هەیە، کە شتومەک داکرمینێ؟

**ئەڵمەرش**

ئیمە؟ نەخێر، لەوباوەڕەدا نیم.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

[3] جۆرە شەپقەیەکی ژنانە بووە پشتی مل و گوێچکەکانی داپۆشیوەوە و لە ژێرەوە بە قردێلە گرێدراوە. وەرگێر

بەڵێ، چونکە گەر هەتانبایە ئەوا من لە دڵەوە، لەوە دا، یارمەتی ئێوەی خانەدانم دەدا.

**ڕیتا**

بەڵێ، بەڵێ، تێدەگەین. بەڵام ئێمە هیچ شتێکی لەو چەشنەمان نییە.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

ئەوە، زۆر بێ بەختانە بوو. چونکە من ئیستا ئێدی دەست دەکەم بە گەشت و گەڕان. ئینجا کەس نازانێ، کەی جارێکی دی دەگەڕێمەوە بۆ ئەم دەوروبەرە. – ئۆهـ، زۆر ماندووم!

**ئەڵمەرش** ئاماژە بۆ کورسییەک دەکات

بەڵێ، ئێوە چاوتان لەو شوێنەیە.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

دەبوایە کەس لە کاری خێرخوازی لەهەمبەر ئەو وردیلە بەسەزمانانەدا ماندوو نەبوایە، زۆر بەسەختی دەکەونە بەر کینە و ڕاوەدوونان. بەڵام ئەوەش تابڵێیت زۆر تاقەت پڕوکێنە.

**ڕیتا**

ڕەنگە بخوازن دانیشن و کەمێک پشوو بدەن؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

زۆر سوپاسگوزارم. (لەسەر کورسیەک لە نێوان دەرگاکە و قەنەفەکەدا دادەنیشێ) چونکە تەواوی شەو لەدەرەوە خەریکی سەودا و مامەڵە بووم.

**ئەڵمەرش**

خەریکی سەودا و مامەڵە بوویت؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

بەڵێ، لە دوورگەکان. (قاقایەک لێدەدات) هەر بەڕاستی خەڵکەکانی ئەوێ ناردبوویان بە دوامدا. زۆریش بەوە نارەحەت بوون. بەڵام چارێکی دیکەیان نەبوو. هەر دەبوایە بەنابەدڵی قەپ لەو سێوە ترشە بگرن. (تەماشای ئایۆڵف دەکات و سەری بۆ دەلەقێنێ) سێوی ترش، پیاوی بچکۆلانە، سێوی ترش.

**ئایۆڵف** بێ ویستی خۆی و کەمێک بەشەرمەوە

ئەی بۆ دەبوایە ئەوان -؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

چی؟

**ئایۆڵف**

قەپی لێ بگرن؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

با، چونکە چیدی نەیان دەتوانی قوتی خۆیان دابین بکەن. لەبەر جرجەکان و هەموو بەچکە جرجە بچکۆلانەکانیان، ئێستا پیاوی بچکۆلانە باش دەزانێ دەڵێم چی.

**ڕیتا**

ئۆف! بۆ ئەو خەڵکە داماوانە، هێندە جرجیان زۆرە؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

بەڵێ، زۆر و بەکۆمەڵ. (بەهێواشی خۆشحاڵانە پێدەکەنێ) بەدرێژایی شەو لەسەر تەختی نووستنەکان ئاپۆرە دەبەستن. بەردەبنەوە نێو دەفری شیرەکان و شڵپەیان دێ. لە ناو ماڵەکاندا لەهەموولایەکەوە کرتەکرت و خشەخشیان دێ.

**ئایۆڵف** بەهێواشی بە ئەستا دەڵێ

من هەرگیز نامەوێ بچم بۆ شوێنی ئاوها، پووری.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

بەڵام ئێدی من و کەسێکی دی – چووین. هەموویانمان لەگەڵ خۆماندا برد. ئێمە هەردووکمان زاڵبووین بەسەر هەموو ئەوگیان لەبەرە جوانە، بچکۆلانانەدا!

**ئایۆڵف** بەهاوارکردنەوە

باوکە، - تەماشاکە، تەماشاکە!

**ڕیتا**

خوای گەورە، ئایۆڵف!

**ئەڵمەرش**

چی بووە؟

**ئایۆڵف** ئاماژە دەکات

شتێک لە توورەکەکە دا، پەلەقاژێیەتی!

**ڕیتا** بەرەو لای چەپ، دەقریشکێنی

ئۆی! ئەڵفرێد، بیکەرە دەرەوە!

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو** پێ دەکەنێ

ئۆ، جوانترینی گشت خانمان، هەرگیز لە شتێکی بچکۆلانەی ئاوها ناشرین مەترسن.

**ئەڵمەرش**

بەڵام ئەوە چییە؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

ئەوە موپسەمانە[4]. (پەتی توورەکەکە دەکاتەوە) دە لە تاریکی وەرە دەرێ، ئەی ئازیزترین هاوڕێم.

سەگێکی بچکۆلەی دەمولمۆز پانی، ڕەش سەر لە توورەکەکە دەردەهێنێ.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو** سەر بۆ ئایۆڵف ڕادەوەشێنێ و بەدەست ئیشارەتی بۆ دەکات

وەرە بێ ترس نزیک بەرەوە، جەنگاوەرە زامدارە بچکۆلانەکە! گاز ناگرێ، وەرە! دە وەرە ئێرەوە!

**ئایۆڵف** دەست بە ئاستاوە دەگرێ

نا، ناوێرم.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

بۆ ئەم جەنابە لاوە، پێیوانییە، سەگەکە دەمولمۆزێکی نەرم وجوانی هەیە؟

**ئایۆڵف** واقورڕماوانە، ئاماژەدەکات

ئەوە!

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

بەڵێ، ڕێک ئەو.

**ئایۆڵف** بە نیوە هێواشیەکەوە، چاوەڕوان نەکراوانە چاودەبڕێتە سەگەکە

من پێموایە، ئەمە مەترسیدارترین – دەمولمۆزی هەیە، کە من بینیبێتم.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو** دەمی توورەکەکە دەبەستێ

ئۆ، دێ. [خۆی] هەر دێ.

**ئایۆڵف** بێخود لە توورەکەکە، نزیکتر دەبێتەوە و، بەسووکی دەست بە توورەکەکە دا دەهێنێ

جوانە، - لەگەڵ ئەوەشدا جوانە.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو** بەدەنگێکی هێواش

بەڵام ئەو بەسەزمانە ئێستا، زۆر ماندو و شەکەتە. هێجگار ماندووە. (تەماشای ئەڵمەرش دەکات) چونکە ئەو جۆرە گەمەیە – با جەنابتان بزانن، هێز لەبەردەبڕێ.

**ئەڵمەرش**

مەبەستان، چ جۆرە گەمەیەکە؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

[4] وشەی موپس: مانای سەگیکی بچکۆلەی دەمولمۆز پانی لووت کوڵ دەگەیەنێ. وەگێڕ

گەمەی فریوی دوای خۆ خستن.

**ئەڵمەرش**

ئەها، ڕەنگە ئەوە سەگەکە بێ، جرجەکان دوای خۆی بخات.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو** سەر دەلەقێنێ

من و موپسەمان. ئێمە هەردووکمان پێکەوە ئەوە دەکەین. ئینجا زۆر ئاسانیش بەدەستەوە دێ. بە ڕواڵەت. تەنها پەتێکە دەکەریتە ڕستەکەی ملیەوە. پاشان بەدەوری ماڵەکە دا سێ جاران دەیسوڕێنمەوە و لەگەڵیدا چەنگە زارەکی[5] دەژەنم. کاتێک جرجەکان گوێیان لێ دەبێ، - ئەوا ئەوگیان لەبەرە بچکۆلە خودا خەڵقکردوانە هەموویان، لە ژێر زەمینەکانەوە دێنە سەرێ و لە هەورەبانەکانەوە دێنە خوارێ و لە کونوکەلەبەرەکان دێنە دەرێ.

**ئایۆڵف**

ئینجا ئەویش بە گاز دەیان خنکێنێ؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

نەخێر! هەرگیز، من و ئەو، ئێمە، بەرەو لای گەمییەکە بەرەو خوار دەبینەوە. ئەوانیش، هەم گەورەکان و هەم بچکۆلە لاوازە بەسەزمانەکانیش دوامان دەکەون.

**ئایۆڵف** بەتاسەوە

ئێ ئەی دوایی -؟ دە بیگێڕەوە!

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

دوایی وشکایی بەجێ دێلین. منیش بەدەستێک سەوڵ لێ دەدەم و بەدەستێکیش چەنگەزارەکی [دەژەنم]. موپسەمانیش، بەمەلەکردن دوای گەمییەکە دەکەوێ. (بەچاوێکی گەشەوە) ئینجا هەموو ئەوانەش، کە خشەخش دوامانکەوتوون، بەردەوام بە دوامانەوەن بۆ نێو قوڵایی ئاوەکە، بەڵێ، چونکە دەبێ وابکەن!

**ئایۆڵف**

بۆ دەبێ وا بکەن؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

ڕێک لەبەرئەوەی ئەوان ئەوە ناخوازن. چونکە ئەوان زۆر لە ئاو دەترسن،- لەبەرئەوە دەبێ هەر بشچنە ناوی.

**ئایۆڵف**

---

[5] چەنگەزارەکی: ئامێرێکی مۆسیقای سادەیە، پێکهاتوە لە نیوە کەوانەیەکی بچکۆلەی ستیل، قەیدێکی باریکی ئەلەمنیۆمی لە نێودا جێگیرکراوە ئامێرێکی مۆسیقای سادەیە، پێکهاتووە لە جێگیرکردنی پارچە تەنەکەیەکی باریک و تەنک و کورت لە نێوان دوو پارچە کانزای ستیلی بچکۆلەدا. لە دەمدا جێگیر دەکرێ و لەئەنجامی بەقامک یاریکردن بە تاڵە تەنەکەکە و زمان جوڵانەوە دەنگ دەردەکات. هەموو جارێکیش بەهۆی گۆڕینی جوڵەی زمانەوە دەنگەکە دەگۆڕدرێ. وەرگێڕ

کەوابێ دەخنکێن؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

هەر هەموویان. (بەدەنگی هێواشتر) ئینجا ئەوسا بۆ ئەوان هێندە ئارام و خۆش و تاریکە، وەک ئەوەی ئەو قشتۆکە بچکۆلانانە،- بەئاواتی دەخوازن. لەبنی ئەو ئاوەدا، هەموو ئەوانەی، کە ئادەمیزادەکان رقیان لێیانە و ڕاویان دەنێن، زۆر جوان و قورس لێی دەخەون .. (هەڵدەسێتە سەرپێ) بەڵێ، جاران پێویستم بە موپسەمان نەبوو. ئەوسا من بەفێڵ دوای خۆم دەخستن. هەر خۆم بەتەنیا.

**ئایۆڵف**

بەفێڵ چیتان دوای خۆتان دەخست؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

مرۆڤ. بە زۆری یەکێکیان.

**ئایۆڵف** بە تاسەوە

ئۆ، پێم بڵێ، ئەو یەکە کامە بوو!

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو** پێ دەکەنێ

ئەوەیان، هەرە ئازیزەکەی من بوو، ئەی دڵبەرە بچکۆلانەکەی من!

**ئایۆڵف**

ئەی ئێستا ئەو لە کوێیە؟

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو** بە توندی

لەخوارەوەیە لەلای جرجەکان. (دیسان لەسەرخۆ) بەڵام من ئێستا دەبێ دووبارە بگەڕیمەوە بۆ سەودا ومامەڵەکردن. هەمیشە لەگەڕاندا. (ڕوودەکاتە ڕیتا) ئەی خانەداران بە هیچ شێوەیەك ئەمڕۆ پێویستیان بە من نییە؟ تا هەر ئێستا بۆیان جێبەجێ بکەم.

**ڕیتا**

نەخێر، سوپاس؛ باوەڕناکەم پێویستمان پێت بێ.

**مشکەکوێرەی مێرد نەکردو**

بەڵێ، بەڵێ، خانمە هەرە شیرینەکە، - هەرگیز کەس نازانێ چۆن دەبێ -. ئەگەر لە ئایندەدا خانەداران تێبینییان کرد، شتێک لێرە دا، کرتە کرت و، - خشە خشی دێ، - ئەوا یەکسەر بگەڕێن بەدوای من و موپسەمان دا. – خواتان لەگەڵ، هەزار جار خواتان لەگەڵ.

لەدەرگاکەی لای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە.

**ئایۆڵف** بەهێواشی، بە خۆشییەوە ڕوودەکاتە ئاستا

پووری، تۆ بیری لێبکەرەوە، ئەوا منیش مشکەکوێرەی مێرد نەکردوم بینی!

ڕیتا دەچێتە باڵکۆنەکەوە و بەدەسەسرێک باوەشێنی خۆی دەکات. دوای کەمێک ئایۆڵف لەسەرخۆ و بێ ئەوەی کەس بزانێ لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

**ئەڵمەرش** جانتا چەرمەکەی سەرمێزەکەی تەنیشت قەنەفەکە هەڵدەگرێ

ئەم جانتایە لێرەدا، هی تۆیە، ئاستا؟

**ئاستا**

بەڵێ. هەندێ لە نامە کۆنەکانم تێدا داناوە.

**ئەڵمەرش**

ئا، نامە خێزانییەکان –

**ئاستا**

چونکە تۆ داوات لێ کردم، ئەو ماوەیەی کە لە سەفەریت، من ئەو نامانەت بۆ ڕێک بخەم.

**ئەڵمەرش** دەست بەسەریدا دەهێنێ

ئینجا تۆش کاتێکت بۆ ڕێکخستنیان دۆزیوەتەوە، وای لە تۆ!

**ئاستا**

بەڵێ ئەی چۆن. بەشێکیم لێرە و بەشێکیشیم لە شار لەلای خۆم جێبەجێ کرد.

**ئەڵمەرش**

سوپاس، ئازیزەکەم -. ئەی هیچی تایبەتیت لە نێویاندا دۆزییەوە؟

**ئاستا** بێ بیرلێکردنەوە

ئۆ، - لەو جۆرە کاغەزە کۆنانە دا هەمیشە شتێک یان چەند شتێک دەدۆزرینەوە، خۆت دەزانیت. (هێواشتر، بە جدییەوە) ئەوانەی ناو فایلەکە، نامەکانی دایکمن.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، بێگومان تۆ دەتەوێ ئەو نامانە لای خۆت هەڵگریت.

**ئاستا** بە سەرکەوتنەوە

نەخێر، ئەڵفرێد، من دەمەوێ، تۆ خۆت تەماشایان بکەیت. جارێک، - لە جاران لە ژیاندا. – بەڵام ئەمڕۆ کلیلی جانتاکەم پێ نییە.

**ئەڵمەرش**

پێویست ناکا، ئاستای ئازیز. چونکە من لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نامەی دایکت ناخوێنمەوە.

**ئاستا** بێ چاوتروکاندن تەماشای دەکات

کەواتە من جارێک، - لە ئیوارەیەکی گەرم و خۆشدا، شتێکت لەبارەی ئەوەی لەو نامانەدا نووسراون بۆ باس دەکەم.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، ئەوە باشترە. بەڵام نامەکانی دایکت با لای خۆت بن. تۆ ئەوەندە یادگاریت لە پاش ئەو بۆ نەماوەتەوە.

جانتاکە بۆ ئەستا ڕادەگرێ. ئەویش لێی وەردەگرێ و لەسەر کورسییەکە لە ژێر پاڵتۆکەیە دا دایدەنێ. ڕیتا دووبارە دەگەڕیتەوە نێو هۆڵەکە.

**ڕیتا**

یەع، پێموایە ئەو پیرێژنە نامیهرەبانە لەگەڵ خۆیدا، بۆگەنێکی وەک بۆگەنی لاشەی مردووی هێنایە ماڵەکەوە.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، کەمێک نامیهرەبان بوو.

**ڕیتا**

تاڕادەیەک هەستم دەکرد نەخۆشم، ئەوکاتەی ئەو لە هۆڵەکەدا بوو.

**ئەڵمەرش**

بێگومان من دەتوانم لەو زۆربۆهێنان و قودرەتمەندی هێزی ڕاکێشانەی، کە ئەو باسیکرد، تێبگەم. [چونکە] تەنیایی لە نێوان لوتکەکان و ئەو پانتاییە گەورە و فراوانەی سەر چیاکاندا، هەمان شتی تێدایە.

**ئاستا** بە سەرنجڕاکێشانەوە سەیری دەکات

ئەرێ ئەوە تۆ چیت لێ قەوماوە، ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش** پێدەکەنێ

لە من؟

**ئاستا**

بەڵێ، شتێک هەیە. تائەندازەیەک وەک گۆڕانکارییەک. ڕیتاش تێبینی ئەوەی کردووە.

**ڕیتا**

بەڵێ، کە هاتیتەوە، من یەکسەر هەستم بەوەکرد. بەڵام ئێدی ئەوە شتێکی باشە، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش**

دەشێ شتێکی باش بێ. دەبێ و پیویستیشە بێ بە شتێکی باش!

**ڕیتا** قسەی پێ دەبڕێ

تۆ لەو گەشتەدا ئەزموونی شتێکت کردووە! مەڵێ وا نییە! چونکە پێتەوە دیارە من دەیبینم!

**ئەڵمەرش** سەربادەدات

هیچ شتێک نیە – کە ببینرێ. بەڵام –

**ڕیتا** بەتاسەوە

بەڵام -؟

**ئەڵمەرش**

لەناخمدا بەڕاستی ئاڵوگۆڕێکی بچکۆلانە ڕوویداوە.

**ڕیتا**

ئۆ خوای گەورە -!

**ئەڵمەرش** بۆ ئارامکردنەوە، دەست بە دەستی ڕیتادا دەهێنێ

تەنها بەئاراستەی باشی، ڕیتای ئازیز. زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانیت متمانەت بەو شتە هەبێ.

**ڕیتا** لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ

دواجار پێویستە هەر ئێستا یەکسەر تۆ ئەوەمان بۆ  بگێڕیتەوە. هەمووی!

**ئەڵمەرش** ڕوودەکاتە ئاستا

بەڵێ، با دانیشین. ئەوسا هەوڵ دەدەم ئەوە بگێڕمەوە. هێندەی بتوانم.

لەسەرقەنەفەکە لە تەنیشت ڕیتاوە دادەنیشێ. ئاستا کورسیەک ڕادەکێشێ و لە نزیک ئەوەوە دادەنیشێ. بێدەنگیەکی کورت.

**ڕیتا** بە چاوەڕوانکردنەوە تەماشای دەکات

ئێ -؟

**ئەڵمەرش** تەماشای بەردەمی خۆی دەکات

کاتێک بیر لە ژیانی ڕابردووم و- چارەنووسی خۆم – لەم دە – یانزە ساڵانەی دوایی دەکەمەوە، ئەوا تائەندازەیەک وەک ئەفسانەیەک یان خەوێک دێتە بەرچاوم. تۆش وا هەست ناکەیت، ئاستا؟

**ئاستا**

با، لە زۆر لایانەوە پێموایە ئەوە وایە.

**ئەڵمەرش** هەرلەبارودۆخەکەی خۆیدایە

کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە،کە ئێمە هەردووکمان پێشان چی بووین، ئەستا. ئێمە دوو داماوی هەژاری بێ دایک و باوک –

**ڕیتا** بێ ئارامانە

ئۆ بەڵێ، ئینجا خۆ ئەوە زۆر دەمێکە.

**ئەڵمەرش** بێ ئەوەی گوێی لێبگرێ

ئینجا ئێستاش لێرە لە ناز و نیعمەتدا لێی دانیشتووم. دەتوانم دوای پەیامەکەی خۆم بکەوم لە ژیاندا. دەتوانم ئیشبکەم و بخوێنم، - هەمووی بە گوێرەی حەز و ئارەزووی خۆم. (دەست درێژ دەکات) ئینجا هەموو ئەم بەختەوەرییە، گەورە لە عەقڵدا نەبووە – ئێمە بەتۆ قەرزدارین، بە تۆ ئەی ڕیتای ئازیز.

**ڕیتا** بە نێوە گاڵتەکردنێکەوە، بە نیوە حەزنەکردنەوە، دەکێشێ بە دەستی دا

دەتوانیت ئێستا تۆ واز لەو قسانە بهێنیت.

**ئەڵمەرش**

من ئەوە تەنها وەک جۆرە پێشەکیەک ناو دەبەم –

**ڕیتا**

ئۆ، کەوابێ بازێک بەسەر ئەو پێشەکییەدا بدە!

**ئەڵمەرش**

ڕیتا، - تۆ نابێ لەوباوەڕەدا بیت، ئەوە ئامۆژگاری دکتۆرەکان بوو، کە منی گەیاندە سەر چیا.

**ئاستا**

بۆ ئەوە نەبوو، ئەڵفرێد؟

**ڕیتا**

ئەی ئەوەی تۆی هەڵفریوان، چی بوو؟

**ئەڵمەرش**

ئەوە ئەوە بوو، کە من چیدی لەسەر مێزی کارکردن هەستم بە ئارامی نەدەکرد.

**ڕیتا**

هەستت بە ئارامی نەدەکرد! ئازیز، کێ چارسی دەکردیت؟

**ئەڵمەرش** سەربادەدات

کەسی دەرەکی نەبوو. بەڵام من هەستێکی ئاوام هەبوو، ڕاشکاوانە کە من خراپ تواناکانی خۆم بەکار هێنا بوو– یان – نەخێر، باشترین تواناکانی خۆم فەرامۆش کردبوو. [هەستم دەکرد] کاتم بە فیڕۆ دەدا.

**ئاستا** چاوەکانی زەق بوونەتەوە

که کتێبەکەت دەنووسی؟

**ئەڵمەرش** سەرڕادەوەشێنێ

چونکە من هەر بەتەنها توانای ئەوەم نییە. من خۆ دەبوایە ئێدی بمتوانیبایە گەلێ شتی دیکەش بەئەنجام بگەیەنم.

**ڕیتا**

ئەوە [ئەم شتە] بوو، کە تۆ [لەوێ] دانیشتبوویت و لێی ڕامابوویت؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، تا ڕادەیەک ئەوە بوو.

**ڕیتا**

هەر لەبەرئەوەش لەم فەترەیەیی دوایدا تۆ زۆر لە خۆت نارازی بوویت. هەروەها لە ئێمەش ئەوانی دیکەش. بەڵێ، چونکە ئەوە وابوو، ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش** دووبارە سەیری بەردەمی خۆی دەکات

دانیشتبووم لەوێ خۆم بەسەر مێزی نووسینەکە دا چەماندبووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەمنووسی. زۆربەی کەڕەت تا بەرەبەیان. هەر ئەو کتێبە گەورە، ئەستوورەم دەنووسی لەبارەی «بەرپرسیارێتی مرۆییانە» وەم دەنووسی. هـم!

**ئاستا** دەست دەخاتە سەر قۆڵی

بەڵام، ئازیز، - ئەو کتێبە دەبێتە شاکاری ژیانت.

**ڕیتا**

بەڵێ، ئێدی تۆ هەمیشە هەر وات گوتووە.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ من ئاوها بیرم دەکردەوە. هەر لەکاتی گەورە بوونمەوە. (بە دەربڕینێکی گەشەوە لە چاوەکانیدا) ئێدی تۆ فێرت کردم کە هەر بەو بیرەوە بێم و بچم، ڕیتای ئازیز –

**ڕیتا**

قسەی هیچ!

**ئەڵمەرش** بۆی پێدەکەنێ

. تۆ و بەختەوەری و سامانەکەت –

**ڕیتا** بەنیوە پێکەنین و نیوە تووڕە بوونێکەوە

دووبارە دەست بکەیتەوە بەو قسە نابەجێیانە، لێت دەدەم.

**ئاستا** بە نیگەرانییەوە تەماشای ئەڵمەرش دەکات

بەڵام  ئەی کتێبەکە، ئەڵمەرش؟

**ئەڵمەرش**

کتێبەکە وەک شتێک دوورکەوتەوە. بەڵام بیرەکان تا دەهات زیاتر بەرەو ئەرکە باڵاکان تێ هەڵدەکشان، ئەوەش خواستی خۆی لێم دەویست.

**ڕیتا** خۆشحاڵانە، پەلاماری دەستی دەدات

ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش**

بیرکردنەوە لە ئایۆڵف، ڕیتای ئازیز.

**ڕیتا** نائومێدبووانە، دەستی بەردەدات

ئاها، - لە ئایۆڵف!

**ئەڵمەرش**

ئایۆڵفی بچکۆلەی داماو، زۆر قووڵ لەمندا جێگەی خۆی گرتووە. دوای ڕووداوی لە سەر مێز کەوتنە خوارەوە بەدبەختانەکەی -. زیاتریش پاش ئەوەی ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕەی، کە ئەوە ڕاست ناکرێتەوە –

**ڕیتا** لە دڵەوە

بەڵام ئێدی خۆ تۆ بەهەموو تواناتەوە ئاگاداری لەو دەکەیت، ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش**

وەک مامۆستایەک، بەڵێ. بەڵام نەک وەک باوکێک. لێرە بەدواوە دەخوازم ئێدی ببمە باوک بۆ ئایۆڵف.

**ڕیتا** تەماشای دەکات و سەربادەدات

بەڕاستی دیارە من لە تۆ تێناگەم.

**ئەڵمەرش**

مەبەستم ئەوەیە، من بە هەموو هێزمەوە دەخوازم، تا ئەو شوێنەی ڕێی تێ پچێ، ئەو ڕاستنەکراوەیە بۆ ئەو هێور و ئاسان بکەمەوە.

**ڕیتا**

ئێ، ئاخر، - خۆ سوپاس بۆ خوا، بەڵام من لەوباوەڕەدا نیم، ئەو هێندە قووڵ هەست بەوە بکات.

**ئاستا** وەک ئەو قسەیە کاری تێکردبێ

با، ڕیتا، هەستی پێ دەکات.

**ئەلمەرش**

بەڵێ، لەوە دڵنیابە، کە ئەو قووڵ هەست بەوە دەکات.

**ڕیتا** بە سەبر نەمانەوە

بەڵام، ئاخر - تۆ دەتوانیت لەوە زیاتر چی بۆ بکەیت، ئازیزم؟

**ئەلمەرش**

من دەمەوێ هەوڵی [زیاتر] ڕووناککردنەوەی هەموو ئەو ئەگەرە زۆر و زەبەندانەیە بدەم، کە بەکزی لە ڕۆحی منداڵی ئەودا داگیرساون. دەمەوێ چی چەکەرەی بەنرخ هەیە لە ئەودا، هەمووی بگەیەنمە گەشەکردن تا - گوڵ و بەر بگرن. (گەرمتر و گەرمتر، هەڵدەستێتە سەرپێ) من لەوە زیاتریشم دەوێ! دەمەوێ یارمەتی بدەم بۆ هەماهەنگیکردن لە نێوان ئەوەی ئەو ئاواتی پێ دەخوازێ و ئەوەی ئەو لەتوانایدا هەیە پێی بگات. ئەو ئێستا ئاوها نییە. هەموو خولیای بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچێ، کە ئەو بە هەموو تەمەنی پێی ناگات. بەڵام من دەمەوێ  هەستی سەرکەوتن و بەختەوەری لە ڕۆحیدا بخولقێنم.

دووکەرەت بە نێو هۆڵەکەدا سەروخوار دەکات. ئەستا و ڕیتا بەچاو شوێنی دەکەون.

**ڕیتا**

دەبێ تۆ بە هێمنی زیاترەوە دەست بۆ ئەم شتانە بەریت، ئەلفرێد!

**ئەلمەرش** لەتەنیشت مێزەکەی لای چەپەوە دەوەستێ و تەماشایان دەکات

ئایۆلف دەبێتە بەرهەمی ژیانی من. لەحاڵەتێکدا ئەو مەیلی لێ بێ. یان دەتوانێ شتێک هەڵبژێرێ، کە تەواو تایبەت بێ بە خۆی. ڕەنگە ئەوە باشتر بێ. – ئێستا، لە پێناوی هەموو لایەکدا من شتی خۆم بەلاوە دەنێم.

**ڕیتا** هەڵدەسێتە سەرپێ

بەڵام، ئەلفرێدی ئازیز، - ئەی ]باشە] تۆ ناتوانیت هەم بۆ خودی خۆت و هەم بۆ ئایۆلفیش کاربکەیت؟

**ئەلمەرش**

نەخێر، ناتوانم ئەوە بکەم. مەحاڵە! ناتوانم خۆم دابەشکەم. لەبەرئەوە ئێدی پاشەکشێ دەکەم. ئایۆلف دەبێتە کەسێکی کامڵ لە خێزانەکەماندا. منیش بەرهەمی نوێی ژیانم، بۆ گەیاندنی ئەو بەو کەماڵە تەرخان دەکەم.

**ئاستا** هەستاوەتە سەرپێ و بەرەو لای دەچێ

ئا ئەمە بە تێکۆشانێکی مەترسیداری سەخت بۆ تۆ شکاوەتەوە، ئەلفرێد!

**ئەلمەرش**

بەڵێ، وایە. لێرە من هەرگیز دەسەڵاتم بەسەر خودی خۆمدا نەشکاوە. هەرگیز زۆرم لەخۆم نەکردووە بۆ دەستبەرداربوونی خۆشییەکانی دنیا. هەرگیز لێرە نا، لەم ماڵە دا.

**ڕیتا**

کەوابێ لەبەرئەوە بوو تۆ هاوین سەفەرت کرد؟

**ئەڵمەرش** بە چاوی گەشاوەوە

بەڵێ! ئینجا کەوتمە ئەو تەنیاییە بێ کۆتاییەوە. بینیم چۆن خۆر هەڵدەهات و بەسەر لوتکەکانەوە دەدرەوشایەوە. هەستم دەکرد لە ئەستێرەکانەوە نزیکترم. تارادەیەک وەک ئەوەی لە گەڵیاندا لە تێگەیشتن و لە کۆمەڵگەیەکدابم. ئینجا دەشم توانی لەگەڵیاندا بم.

**ئاستا** بە قورسییەوە تەماشای دەکات

بەڵام تۆ هەرگیز ناتەوێ جارێکی دی کتێبەکەت لەبارەی «بەرپرسیارێتی مرۆییانە» وە بنووسی؟

**ئەڵمەرش**

نەخێر، هەرگیز، ئاستا. من ناتوانم خۆم لە نێوان دوو ئەرکدا بکەم بە دوو بەشەوە، خۆم وا دەڵێم. – بەڵام دەمەوێ ئەو بەرپرسیارێتییە مرۆیانەیە ئاڕاستەی نێو – ژیانی خۆم بکەم.

**ڕیتا** بە پێکەنینەوە

هەر بەڕاستی لەوباوەڕەدای تۆ بتوانی لێرە لەم ماڵە دا، بەشێوەیەکی جێگیر لەسەر ئەم جۆرە پلان و ئامانجە باڵایانە بمێنیتەوە؟

**ئەڵمەرش** دەستی دەگرێ

بەهاوپەیمانێتم لەگەڵ تۆ دا دەتوانم ئەوە بەکەم. (دەستەکەی دی درێژدەکات) بە هاوپەیمانێتیم لەگەڵ تۆش دا، ئاستا.

**ڕیتا** دەستی لە دەستی ڕا دەکێشێتەوە

کەواتە لەگەڵ دوواندا. کەواتە تۆ لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیت خۆت بەشکەیت.

**ئەڵمەرش**

بەڵام ڕیتا ئازیزەکەم -!

**ڕیتا** لێ دووردەکەوێتەوە و لەبەردەم دەرگای باخەکە دا دەوەستێ.

هێواش و خێرا لەدەرگای ڕاست دەدرێ. ئەندازیار بۆرگهایم بە پەلە دێتە ژوورەوە. بۆرگهایم پیاوێکی گەنجە لە ٣٠ ساڵیدا. گەش و چاونەترس. باڵا بەرز و ڕێک.

**بۆرگهایم**

بەیانیتان باش، بەیانیتان باش، خانم! ( کە چاوی بە ئەڵمەرش دەکەوێ بە دڵخۆشیەوە دەوەستێ)

نا، ئەوە من چی دەبینم! ئەوە دیسان تۆ دەست پێشخەریت کرد و لێرەیەت، جەنابی ئەڵمەرش؟

**ئەڵمەرش** تەوقەی لەگەڵ دەکات

بەڵێ، ئەم شەو هاتمەوە.

**ڕیتا** بە کەیف و شادییەوە

لەوە زیاتری بۆی نەبوو، جەنابی بۆرگهایم.

**ئەڵمەرش**

نا بەڵام ئەوە ڕاست نییە، ڕیتا –

**ڕیتا** نزیکتر دەبێتەوە

با، بە دڵنیاییەوە ڕاستە، چۆن. مۆڵەتەکەی تەواو بوو.

**بۆرگهایم**

کەوابێ ئیوە زۆر تووند جڵەوەی پیاوەکەتان گرتووە، خانم؟

**ڕیتا**

من سەرقاڵی مافەکانی خۆمم. ئینجا هەموو شتێکیش دەبێ کۆتاییەکی هەبێ.

**بۆرگهایم**

ئۆ، هەموو شتێک نا، - هیوادارم. بەیانیت باش، خاتوو ئەڵمەرش!

**ئاستا** بە تەماشانەکردنییەوە بە مەبەست

بەیانیت باش.

**ڕیتا** تەماشای بۆرگهایم دەکات

گووتان، هەموو شتێ نا؟

**بۆرگهایم**

بەڵێ، ئێدی بەهەر حاڵ من باوەڕێکی تەواو جێگیرم هەیە بەوەی کە شتێک لە دنیادا هەیە، کە بێ کۆتاییە و کۆتایی نییە.

**ڕیتا**

بەدڵنیاییەوە ئیوە بیر لە خۆشەویستی و – ئەو جۆرە شتانە دەکەنەوە.

**بۆرگهایم** بە گەرمو گوڕییەوە

من بیر لە هەموو ئەو شتانە دەکەمەوە، کە خۆشن!

**ڕیتا**

و کە هەرگیز کۆتایشیان نایە. بەڵێ، کەواتە با بیر لەوە بکەینەوە. هەموومان، هیوای ئەوە بخوازین.

**ئەڵمەرش** بەرەولایان دەچێ

باشە ئێوە بەم زووانە لەو ڕێگە چاکردنەی ئێرە دەبنەوە؟

**بۆرگهایم**

تەواو بووم لێی. دوێنێ تەواو بووم. زۆری پێ چوو. بەڵام، سوپاس بۆ خوا، ئەویش کۆتای هات.

**ڕیتا**

ئینجا زۆر دڵتان بەوە خۆشە؟

**بۆرگهایم**

بەڵێ، بێگومان من دڵم بەوە خۆشە!

**ڕیتا**

باشە، کەواتە دەبێ بڵێم –

**بۆرگهایم**

چی، خانم؟

**ڕیتا**

بەڕاستی ئەوە شتێکی جوان نییە لە ئێوەوە، جەنابی بۆرگهایم.

**بۆرگهایم**

ئاوها؟ بۆچی نا؟

**ڕیتا**

نەخێر، چونکە لەمەودوا زوو زوو نایەن بۆ ئەم دەورووبەرە.

**بۆرگهایم**

نەخێر، ڕاستە. بیرم لەوە نەکردبووەوە.

**ڕیتا**

باشە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆ هیچ نەبێ ئێوە جاروبار دەتوانن بێن بۆ لامان.

**بۆرگهایم**

نەخێر، بەداخەوە ئەوە بۆ من هەتا ماوەیەکی زۆر  شیاوی وەدیهاتن نابێ.

**ئەڵمەرش**

ئاوها؟ بۆچی شیاوی وەدیهاتن نابێ؟

**بۆرگهایم**

ئا، لەبەرئەوەی من ئێستا ئیشێکی گەورە و نوێم پێسپێردراوە، کە دەبێ دەست بەجێ خەریکی بم.

**ئەڵمەرش**

نا، بەڕاستی؟ (دەستی دەگوشێ) لە دڵەوە بەوە خۆشحاڵم.

**ڕیتا**

پیرۆز بێ، پیرۆزبێ، جەنابی بۆرگهایم!

**بۆرگهایم**

هش، هش، - بەڕاستی هێشتا من بۆم نییە باسی ئەوە بکەم! بەڵام خۆم بۆ ناگیرێ! – ئیشێکی ڕێگا سازی گەورەیە – لە باکوور. بە چیا دا تێدەپەڕێ و – شتهایەکی دژوارتری دیکەش کە بەسەردا سەرکەوتنیان تا ڕادەیەکی زۆر جێی باوەڕکردن نییە. (قسەکەی دەبڕێ) ئۆ، دنیایی، گەورە و جوان، - چ بەختەوەرییەکە، ئەوەی کە ڕێگەساز بی!

**ڕیتا** پێدەکەنێ و بەسەرکردنە سەرەوە تەماشای دەکات

ئەوە هەر لەبەر خاتری ئەو ڕێگا سازییەیە، ئێوە ئەمڕۆ زۆر کێویی و خۆ بۆ نەگیراوانە هاتوون بۆ ئێرە؟

**بۆرگهایم**

نەخێر، هەر  بەتەنها لەبەر ئەوە نییە. بەڵکو لەبەر هەموو ئەو پاشەڕۆژە گەشاوە و ئومێدبەخشەیە، کە بەڕووی مندا دەکرێنەوە.

**ڕیتا** وەک جاری پێشوو

ئەها، ڕەنگە لەپشت ئەوەوە هێشتا شتێکی خۆشتریش هەبێ!

**بۆرگهایم** بەدزیوە تەماشای ئاستا دەکات

کێ چووزانێ! کە بەختەوەری هات، بە پیشەی خۆی وەک لافاوی بەهاران دێ. (ڕوودەکاتە ئاستا) خاتوو ئەڵمەرش، پێکەوە نەچین بۆ پیاسەیەکی کورت؟ لەو پیاسانەی خۆمان؟

**ئاستا** بەپەلە

نەخێر، نەخێر سوپاس. ئێستا نا. ئەمڕۆ نا.

**بۆرگهایم**

ئۆ، دەوەرە! تەنها پیاسەیەکی بچکۆلە! وابزانم، هێجگار شتم زۆرە لەگەڵتاندا باسیان بکەم، پێش ئەوەی سەفەر بکەم.

**ڕیتا**

ڕەنگە ئەوە شتگەلێ بن، کە ئێوە جارێ نابێ بەدەنگی بەرز باسیان بکەن؟

**بۆرگهایم**

هـم، ئەوە کەوتووتە سەر ئەوەی –

**ڕیتا**

بەڵێ، چونکە خۆ هیچ نەبێ ئێوە دەتوانن بچرپێنن. (کەمێک بە نزمی) ئاستا، دەرئەنجام دەبێ لە گەڵیدا بڕۆیت.

**ئاستا**

بەڵام، ڕیتای ئازیز –

**بۆرگهایم** بە پاڕانەوەوە

خاتوو ئاستا، - بیرت نەچێ، ئەمە دەبێتە پیاسەی جیابوونەوە – بۆ ماوەیەکی زۆر، زۆر دوور و درێژ.

**ئاستا** شەپقە و چەترەکەی هەڵدەگرێ

باشە باشە، دەبا لەخوارەوە لە نێو باخەکەدا کەمێک بەو دەورووبەردا بڕۆین.

**بۆرگهایم**

ئۆ، سوپاس، سوپاس!

**ئەڵمەرش**

ئینجا هاوکات کەمێکیش چاوت لە ئایۆڵف بێ.

**بۆرگهایم**

بەڵێ، ئایۆڵف، ڕاستە! ئایۆڵف، لە کوێیە؟ شتێکم پێیە بۆی.

**ئەڵمەرش**

دەچێ لە خوارەوە لە شوێنێکدا یاری دەکات.

**بۆرگهایم**

نـا بەڕاستی! کەوابێ ئەو ئێستا دەستیکردووە بە یاریکردن؟ چونکە ئەو بەپیشە هەر لە ژوورەوە دادەنیشێ و دەخوێنێتەوە.

**ئەڵمەرش**

ئێدی ئەوە دەبێ کۆتایی پێبێ. پێویستە ئەو ببێتە کوڕێکی ڕاستەقینەی هەوای ئازادی.

**بۆرگهایم**

بزانە، ئەوە ڕاستە! بیبەنە دەرەوە، ئەو بەسەزمانە، بۆ نێو هەوای ئازاد! خوای گەورە، لەم دنیا موبارەکە دا کەس لە یاریکردن زیاتر هیچی باشتری پێناکرێ. من پێموایە تەواوی ژیان وەک یارییەک وەهایە، بەڵێ! – دەوەرە ئیتر، خاتوو ئاستا!

بۆرگهایم و ئاستا دەچنە باڵکۆنەکەوە و لەوێشەوە بۆ خوارەوە بۆ نێو باخەکە.

**ئەڵمەرش** وەستاوە و سەیریان دەکات

ئەرێ، ڕیتا، - لەوباوەڕەدای، شتێک لە بەینی ئەو دوانە دا هەبێ؟

**ڕیتا**

نازانم، چی بڵێم. پێشان لەو باوەڕەدا بووم. بەڵام ئاستا بۆ من زۆر ناڕوونە، - لەم ماوەیەی دوایدا تەواو هەتابڵێی تێگەیشتنی ئالۆزە.

**ئەڵمەرش**

ئاوها؟ ئەو وای لێهاتووە؟ ئەوماوەیەی من لێرە نەبووم؟

**ڕیتا**

بەڵێ، پێموایە، لەم دوو هەفتەیەی دواییدا.

**ئەڵمەرش**

کەوابێ تۆ لەوباوەڕەدا نیت، کە ئەو ئێستا چیدی بەشێوەیەکی بەردەوام گوێ بە ئەو بدات؟

**ڕیتا**

بە جدی نا. بە تەواوەتی نا. بێ بەزییانە. لەو باوەڕەدا نیم. (لێی وورد دەبێتەوە) ئەگەر ئەو کارەبکات، تۆ دەخوازی دژی بووەستیتەوە؟

**ئەڵمەرش**

بەڕاستی دژی ناوەستمەوە. بەڵام ئینکار ناکرێ ئەو بیرۆکەیە دەبێتە مایەی نیگەرانی-

**ڕیتا**

نیگەرانی؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، دەبێ تۆ ئەوەت بیر نەچێ، کە من بەرپرسیارم لە ئاستا و لە بەختەوەری ژیانی.

**ڕیتا**

چی چی – بەرپرسیار! ئێ خۆ ئاستا گەورەیە؟ من لەو باوەڕەدام، ئەو بەرەبەرە خۆی لەوە تێدەگا، کە چی هەڵبژێرێ.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، ڕیتا، دەبێ ئێمە هیوای ئەوە بخوازین.

**ڕیتا**

من ئێستا بەش بەحاڵی خۆم هەرگیز باوەڕ بەهیچ شتێکی خراپ لەبارەی بۆرگهایم – ەوە ناکەم.

**ئەڵمەرش**

نەخێر، ئازیزم، - منیش بەهیچ شێوەیەک باوەڕ  ناکەم. بە پێچەوانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا –

**ڕیتا** بەردەوام دەبێ

ئینجا زۆر حەزدەکەم ببینم، ئەو و ئاستا پێکەوە جووتکە بن.

**ئەڵمەرش** بەنابەدڵیەو

بەڵێ، بەڕاست تۆ بۆ حەز بەوە دەکەیت؟

**ڕیتا** بەهەست پەرەسەندنەوە

ئا، چونکە ئەوسا ئەویش دەبوایە لەگەڵ ئەودا سەفەربکات! و هەرگیز نەیدەتوانی وەکو ئێستا بێ بۆ ئێرە بۆ لامان!

**ئەڵمەرش** زەق بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکات

چی! ئاوات بەوە دەخوازیت لەدەستی ئاستا ڕزگارت بێت!

**ڕیتا**

بەڵێ، بەڵێ، ئەڵفرێد

**ئەڵمەرش**

بەڵام بۆچی -؟

**ڕیتا** بە عیشقەوە دەست دەکاتە ملی

با، لەبەرئەوەی ئەوسا تۆ سەرئەنجام هەر بۆ خۆم دەبوویت بە تەنیا! لەگەڵ ئەوەشدا – ئەوساش هەروا نەدەبوو! تەواو بۆ من نە دەبوویت! (دەداتە قوولپی گریان) ئۆ، ئەڵفرێد، ئەڵفرێد، - من ناتوانم دەست بەردارت بم.

**ئەڵمەرش** هێواش خۆی لە ژێر دەستی دەردەهێنی

بەڵام ڕیتا ئازیزەکەم، - ژیر بە ئێدی!

**ڕیتا**

نەخێر، من زەڕەیەک گوێ بە ژیرێتی نادەم! تەنها  گوێ بە تۆ دەدەم! تەنها بە تۆ لە تەواوی دنیا دا! (دووبارە خۆی بەملیدا هەڵدەواسێتەوە) هەر بە تۆ، بە تۆ، بە تۆ!

**ئەڵمەرش**

بەرم دە، بەرم دە، - دەمخنکێنی -!

**ڕیتا** بەریدەدات

کاشکی هەربەڕاستی بمتوانیایە! (بەچاوێکی درەوشاوەوە تەماشای دەکات) ئۆ، ئەگەر تۆ بتزانیایە، من چەند قینم لێت دەبووەوە -!

**ئەڵمەرش**

قینت لێم دەبووەوە -!

**ڕیتا**

بەڵێ، - کاتێک تۆ لە وێ لە ژوورەکەی خۆت دانیشتبوویت. لەسەر ئیشەکەت کڕکەوتبوویت. هەتا درەنگ وەختانێک - درەنگانی شەو. (بەگازندەوە) هێندە دوورودرێژ، - هێندە درەنگ، ئەڵفرێد. — ئۆ، چەندم قین لە ئیشەکەتە!

**ئەڵمەرش**

بەڵام خۆ ئەوە ئێستا ئیدی تەواو بوو.

**ڕیتا** دەداتە قاقای پێکەنین

بەڵێ بە دڵنیاییەوە! ئێستا تۆ سەرقاڵی شتێکی، کە لەوە خراپترە.

**ئەڵمەرش** بەتوورەبوونەوە

خراپترە! تۆ منداڵکە بە خراپتر ناو دەبەیت؟

**ڕیتا** بە دەنگی قایم

بەڵێ، بە خراپتر ناوی دەبەم. من ئەوە لە پەیوەندییەکەی نێوان ئێمە هەردووکماندا بەو شێوەیە ناودەبەم. چونکە ئەو منداڵە، - ئەو منداڵە، سەرباری ئەوەش زیندووە. (بە بەرە بەرە هەڵچوونەوە) بەڵام من بەرگەی ئەوە ناگرم، ئەڵفرێد! بەرگەی ناگرم، - من ئەوە بە تۆ دەڵێم!

ئەڵمەرش لێی وورد دەبێتەوە و بەدەنگی نەوی دەڵێ

من زۆر جار لێت دەترسم، ڕیتا.

**ڕیتا** غەمگینانە

منیش هەندێ جار لە خۆم دەترسم. ئینجا ڕێک لەبەرئەوە دەبێ تۆ ئەو بەدکارییە لە مندا بەئاگا نەهێنیتەوە.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، بەڵام خوای گەورە، - بۆ من دەبێ کارێکی وا بکەم؟

**ڕیتا**

با، تۆ ئاوها دەکەیت، - کاتێک پیرۆزترین شتی نێوانمان پارچە پارچە دەکەیت.

**ئەڵمەرش** بە پاڕانەوەوە

بەڵام بیرکەرەوە ئیتر، ڕیتا. ئەمە پەیوەندی بە منداڵەکەی خۆت - بە منداڵە تاقانەکەمانەوە هەیە.

**ڕیتا**

منداڵەکە هەر نیوەی هی خۆمە بەتەنیا. (دووبارە بە هەڵچوونەوە) بەڵام تۆ دەبێ هەر هی من بیت بەتەنیا! تەواو تۆ هی خۆم بیت! مافی خۆمە داوای ئەوەت لێ بکەم!

**ئەڵمەرش** شانەکانی گرژ دەکات

ئۆ، ڕیتای ئازیز، - ئینجا داواکردنی شت کەڵکی نییە. هەموو شتێک دەبێ ئارەزوومەندانە بدرێ.

**ڕیتا** بە تامەزرۆوە تەماشای دەکات

ئێ ئینجا ڕەنگە تۆ لەمەودوا نەتوانیت ئەوە بکەیت؟

**ئەڵمەرش**

نەخێر، ناتوانم. من دەبێ خۆم لە نێوان ئایۆڵف و تۆ دا دابەشکەم؟

**ڕیتا**

بەڵام ئەی ئەگەر ئایۆڵف هەرگیز لەدایک نەبووایە؟ ئەوسا چی؟

**ئەڵمەرش** بەخۆ دزینەوەوە

بەڵێ، ئەوە شتێکی دیکە بوو. لەوحاڵەتەدا ئێدی من هەر تۆم هەبوو خۆشم بوێ.

**ڕیتا** هێواش، دەلەرزێ

لەوحاڵەتەدا ئاوات بەوە دەخوازم، کە من هەرگیز ئەوم نەخستایەتەوە.

**ئەڵمەرش** بەرزدەبێتەوە

ڕیتا! تۆ خۆت نازانیت، چی دەڵێیت!

**ڕیتا** دەلەرزێ

من بەژانێکی زۆری ئاوهاوە ئەوم بوو کە هەر باس ناکرێ. بەڵام لەبەر خاتری تۆ من بە خۆشی و هەست بەسەرکەوتنەوە چوومە ژێر باری هەموو ئەو ئازار و ژانەوە.

**ئەڵمەرش** بەگەرمییەوە

ئا بەڵێ، بەڵێ، من ئەوە دەزانم.

**ڕیتا** بڕیاردەرانە

بەڵام ئەوە ئێدی با کۆتایی پێ بێ. من دەمەوێ بژیم. لەگەڵ تۆ دا. تەواو لەگەڵ تۆ دا. من ناتوانم لێرە هەر بەتەنها دایکی ئایۆڵف بم. تەنها ئەوە و بەس. هیچی دیکە نـا. من دەڵێم، ئەوەم ناوێ! ناتوانم! من دەمەوی هەموو شتێک بم بۆ تۆ! بۆ تۆ، ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش**

بەڵام تۆ بۆ من ئاوهایت، ڕیتا. لە ڕێگەی منداڵەکەمانەوە –

**ڕیتا**

ئۆهـ، - شێوە قسەکردنێکی تا ئاستی هێڵنجدان و خنکان شیرین -. ئەگین یەک تۆزقاڵ هیچی دیکە نییە. نەخێر، ئەم جۆرە قسانە بەکەڵکی من نایە. من گونجاو بووم وەک دایک منداڵەکەم بێ. وەڵێ نەک ببمە دایک بۆی. تازە من چۆنم دەبێ تۆ وەکو خۆم منت قبوڵ بێ، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش**

ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا تۆ پێشان لە دڵەوە ئایۆڵف – ت خۆش دەویست.

**ڕیتا**

هەستم دەکرد زۆر گوناحە. چونکە تۆ بەرامبەر بە ئەو زۆر کەمتەرخەم بوویت. تەنها دەتهێشت بخوێنێتەوە و شت ئەزبەربکات. تاڕدەیەک هەر نەت دەبینی.

**ئەڵمەرش** بەهێواشی سەر بادەدات

نەخێر؛ کوێر بووم. بۆ من هێشتا کاتی نەهاتبوو -

**ڕیتا** تەماشای دەکات

بەڵام کەواتە ئێستا کاتی هاتووە؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، دەرئەنجام ئێستا کاتی هاتووە. ئێستا من دەبینم، باڵاترین شتێک، کە من لە دنیادا هەمە ئەنجامی بدەم، ئەوەیە کە باوکێکی ڕاستەقینە بم بۆ ئایۆڵف.

**ڕیتا**

ئەی بۆ من؟ تۆ دەخوازیت چی بیت؟

**ئەڵمەرش** بەدەنگێکی نەرم

دەخوازم، لەناخێکی ئارامدا، لەسەر خۆشویستنت بمێنمەوە.

دەستەکانی دەگرێ.

**ڕیتا** خۆی لێ دەپارێزێ

من گوێ بە ناخی ئارامی تۆ نادەم. من تەواوی هەموو تۆم دەوێ! بەتەنیا! وەکو، ئەوکاتە، خۆشە، هەڵتۆقیوانەی یەکەمجار، کە تۆ تیایاندا هی خۆم بوویت. (تووند و ڕەق) من هەرگیز بە پاشماوە و بەرماوە ڕازی نابم، ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش** ئارام و سەبرگرتووانە

پێموایە، بەختەوربیەکی هێجگار زۆر لێرە بۆ ئێمە هەرسێکمان بوونی هەیە، ڕیتا.

**ڕیتا** بەلاقرتێپێکردنەوە

کەواتە تۆ بە کەم قایلیت. (لە تەنیشت مێزەکەی لای چەپەوە دادەنیشێ) گوێبگرە.

**ئەڵمەرش** نزیک دەبێتەوە

ئادەی؟ چی؟

**ڕیتا** بە چاوێکی مۆن و گرژەوە تەماشای دەکات

دوێنێ ئێوارە کە تێلێگرامەکەی تۆم پێگەیشت –

**ئەڵمەرش**

بەڵێ؟ ئێ چی؟

**ڕیتا**

- جلی سپیم پۆشی –

**ئەڵمەرش**

بەڵێ. بینیم، سپیت پۆشی بوو، کە هاتمەوە.

**ڕیتا**

- قژم بەردایەوە [6]

**ئەڵمەرش**

قژە پرە، بۆندارەکەت –

**ڕیتا**

- بەسەر شان و ملمدا هاتە خوارەوە –

**ئەڵمەرش**

بینیم. بینیم. ئۆ، ڕیتا، تۆ چەند جوان بوویت!

**ڕیتا**

ڕەنگی بلوری هەردوو چرا کە سوورێکی گوڵەباخانە بوو. ئێمەش بە تەنیا بووین، هەردووکمان. تەنها جووتی بەخەبەریش بووین لە هەموو ماڵەکە دا. شەمپانیاش لەسەر مێزەکە بوو.

**ئەڵمەرش**

من هیچم لێ نەخواردەوە.

---

[6] ئەم ڕستەیە ئیدۆمێکی نەرویجییە بەواتای شاد و بە کەیفبوون، بەڵام لێرە دا بە مانای قژ بەردانە خوارەوە دێ. ئەوسەردەمە، قژبەردانەوەی ئافرەتان شتێکی پەسەندکراو نەبووە، لەبارودۆخی تایبەتیدا نەبێ. وەرگێڕ.

**ڕیتا** بە تووڕەییەوە تەماشای دەکات

نەخێر، ئەوە ڕاستە. (قاقایەک لێ دەدات) « تۆ شامپانیاشت لەپێش بۆ دانرا بوو، وەلێ تۆ دەستت بۆ نەبرد[7]»، - وەک نووسراوە.

لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە هەڵدەسێ و وەک ئەوەی ماندووبێ دەچێ لەسەر قەنەفەکە بە نیوە پاڵکەوتنەوە دادەنیشێ.

**ئەڵمەرش** بەرەولای دەچێ و لەبەردەمیدا دەوستێ.

منیش پڕبووم لە فرەبیرۆکەی جدی. من وام دانابوو لەبارەی ژیانی ئایندەمانەوە قسەت لەگەڵدا بکەم، ڕیتا. پێش هەموو شتێکیش دەربارەی ئایۆڵف.

**ڕیتا** پێدەکەنێ

ئێ خۆ تۆ ئەوەتکرد، ئازیزم –

**ئەڵمەرش**

نەخێر، فریای ئەوە نەکەوتم. چونکە تۆ دەستت کرد بە خۆ ڕووتکردنەوە.

**ڕیتا**

بەڵێ، تۆش لەوکاتەدا باسی ئایۆڵفت دەکرد. ئەی بیرت نایە؟ پرسیت، ئایۆڵفی بچکۆلە سکی چۆنە.

**ئەڵمەرش** بە چاوی سەرزەنشت کردنەوە تەماشای دەکات

ڕیتا -!

**ڕیتا**

ئینجا لە جێگەکەتدا ڕاکشای. زۆر قووڵ خەوت لێ کەوت.

**ئەڵمەرش** سەر بادەدات

ڕیتا، - ڕیتا!

**ڕیتا** تەواو پاڵدەکەوێ و سەرهەڵدەبڕێ و تەماشای دەکات

تۆ؟ ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ؟

**ڕیتا**

«تۆ شەمپانیاشت لەپێش بۆ دانرا بوو، وەلێ تۆ دەستت بۆ نەبرد».

**ئەڵمەرش** تاڕادەیەک بە ڕەقی

7 لە شیعرە بەناوبانگەکەی نووسەری نەرویجی وێلهاڤن -ەوە وەرگیراوە لەژێر ناوی 'کۆمارییەکان'. وەرگێڕ

نەخێر. دەستم بۆ نەبرد.

ئەڵمەرش لێی دووردەکەوێتەوە و لەبەردەم دەرگای سەرباخەکەدا دەوەستێ. ڕیتا ماوەیەک بەبێ جووڵە بە ڕاکشاوی و، بە چاوی نووقاوەوە دەمێنێتەوە.

**ڕیتا** لەپڕ بەرزدەبێتەوە سەرپێ

بەڵام من دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش** لە نێو دەرگاکەدا ئاوڕدەداتەوە

چی؟

**ڕیتا**

پێویست ناکات تۆ هێندە هەست بە ئاسوودەیی بکەیت، تۆ!

**ئەڵمەرش**

هەست بە ئاسوودەیی نەکەم؟

**ڕیتا**

نەخێر، پیویستاناکات تۆ هێندە دڵخۆش و شاد بیت! هێندە دڵنیابی لەوەی، کە تۆ منت هەم!

**ئەڵمەرش** دێتە نزیکییەوە

مەبەستت چییە؟

**ڕیتا** بەلێوی لەرزۆکەوە

هەرگیز تەنانەت بە بیرکردنەوەیەکیش من ناپاکیم بەرامبەر بە تۆ نەکردووە، ئەڵفرێد! هەرگیز بۆ چرکەیەکیش.

**ئەڵمەرش**

نەخێر، ڕیتا، من خۆ ئەوە دازانم. من، زۆر باش تۆ دەناسم.

**ڕێتا** بە چاوی گەشاوەوە

بەڵام تۆ من ڕەت دەکەیتەوە -!

**ئەڵمەرش**

ڕەتکردنەوە-! تێناگەم، باسی چی دەکەیت!

**ڕیتا**

ئۆو، تۆ هەر تێناگەیت لەو هەموو شتەی، لەمن دەوەشێتەوە، ئەگەر –

**ئەڵمەرش**

ئەگەر!

**ڕیتا**

ئەگەر من جارێک لەجاران هەستم بەوەکرد، کە تۆ چیدی گوێ بە من نادەیت. چیدی منت وەکوو پێشان خۆش ناوێت.

**ئەڵمەرش**

بەڵام، تۆ ڕیتای دۆست، - ئەو گۆڕانکارییە مرۆییەی بە تێپەربوونی ساڵ ڕوودەدات، - ئێدی خۆ دەبێ جارێکیش لەجاران لە ئێمەش ڕووبدات. هەروەکوو هەموو ئەوانی دیکە.

**ڕیتا**

هەرگیز نابێ [گۆڕانکاری] بەسەر مندا بێ! وە ناشمەوێ هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر تۆشدا بێ. من بەرگەی هەڵگرتنی ئەو بارە ناگرم، ئەڵفرێد. من دەمەوێ تۆم بەتەنها بۆ خۆم هەبێت.

**ئەڵمەرش** به نیگەرانییەوە تەماشای دەکات

تۆ هۆشێکی ئیرەییبەری زۆر مەترسیدارت هەیە –

**ڕیتا**

من لەوە زیاتر کە هەم ناتوانم خۆم بگۆڕم. (بەهەڕەشەوە) لە نێوان من و کەسێکی دیکەدا خۆت کەرتکەیت –

**ئەڵمەرش**

ئێ چی -؟

**ڕیتا**

ئەوا تۆڵەی خۆمت لێ دەکەمەوە، ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش**

بەچ شتێک تۆڵەی خۆت دەکەیتەوە؟

**ڕیتا**

نازانم. – با، بەڵێ، باش دەزانم!

**ئەڵمەرش**

بە چی؟

**ڕیتا**

دەچم ناوبانگی خۆم دەزڕێنم –

**ئەڵمەرش**

وتت، دەچی ناوبانگی خۆت دەزڕێنی!

**ڕیتا**

بەڵێ، وا دەکەم. دەچمە باوەشی – باشترین کەسەوەکە بۆ یەکمین جار دەیبینم!

**ئەڵمەرش** بەگەرمییەوە تەماشای دەکات و سەر بادەدات

تۆ هەرگیز شتی وا ناکەیت، - تۆ ڕیتا، ڕاستگۆ و لەخۆڕازییە بەوەفاکەم.

**ڕیتا** دەست دەکاتە ملی

ئۆو، تۆ نازانیت، من چیم لێ بەسەر دێ، ئەگەر تۆ، - ئەگەر تۆ چیدی نەخوازیت لەبارەی منەوە بزانیت!

**ئەڵمەرش**

نەخوازم چیدی لەبارەی تۆوە بزانم، ڕیتا؟ تۆ هەر بزانە، کە تۆ دەتوانیت شتی ئاوها بڵێیت!

**ڕیتا** بە نیوە قاقایەکەوە، بەرەڵای دەکات

من دەتوانم تۆڕی ڕاوی خۆم هەڵدەم بۆ ئەو - بۆ ئەو ڕێگەسازەی لێرەیە.

**ئەڵمەرش** بەباری شان سووک بوونەوە

ئەها، سوپاس بۆ خوا، - تۆ گاڵتە دەکەیت.

**ڕیتا**

بەهیچ شێوەیەک. بۆ دەبێ ئەو کەسەت زۆر باش خۆش نەوێ، وەک هەر کەسێکی دی؟

**ئەڵمەرش**

نـا بە دڵنیاییەوە، چونکە پێشتر ئەو کەسە زۆر بە کەسێکی دیکەوە بەندە.

**ڕیتا**

باشتر! چونکە بەو شێوەیە ئەوسا منیش ئەوم لە کەسێکی دی دەبرد. ئەوەش ڕێک هەمان شتە، هەروەک ئەوەی ئایۆڵف بەرامبەر منی کردووە.

**ئەڵمەرش**

ووتت، ئایۆڵفە بچکۆلانەکەمان وای کردووە؟

**ڕێتا** پەنجەی هەڕەشیی بەرزدەکاتەوە

سەیرکە! سەیرکە! هەر یەکسەر کە تۆ ناوی ئایۆڵف دەبەیت، سوورهەڵدەگەڕێیت و دەنگت دەبزرکێ! (بەهەڕەشەوە، دەستی دەکات بە کۆڵەمشت) ئۆ، ئینجا ئەوەش تاڕادەیەک دەمخاتە سەر کەڵکەڵەی ئاواتخواستن بە – ئیتر!

**ئەڵمەرش** بە ترسەوە لێی دەڕوانێ

ئاوات بەچی دەخوازیت، ڕیتا -!

**ڕیتا** لێی دووردەکەوێتەوە، بە دەنگی بەرز

نەخێر، نەخێر، نەخێر، - پێت ناڵێم! هەرگیز!

**ئەڵمەرش** دەچێتە نزیکییەوە

ڕیتا! لێت دەپاڕێمەوە، - لەبەر خاتری خۆت و خۆم، - مەهێڵە بکەویتە سەر کەڵکەڵەی هیچ شتێکی خراپ.

بۆرگاهیم و ئاستا لە باخەکەوە دێنە سەرەوە. هەردووکیان لە هەڵچوون و ئینفیعالی هۆشەکیدا دانیان بەخۆیاندا گرتووە. جدی و بێ میزاج دیارن. ئاستا لە هەیوانەکە دا ڕادەوەستێ. بۆرگهایم دەچێتە ژوورەوە بۆ نێو هۆڵەکە.

**بۆرگهایم**

بڕوانن. ئەوا ئێستا خاتوو ئاستا و من پێکەوە دوا پیاسەی خۆمان کرد.

**ڕیتا** بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکات

ئەهـا! – دواهەمین گەشت، ئەی هیچ سەفەرێکی دووروودرێژتری بە دوادا نایەت؟

**بۆرگهایم**

بۆ من، بـا.

**ڕیتا**

بۆ ئێوە بەتەنها؟

**بۆرگهایم**

بەڵێ، بەتەنها بۆ من.

**ڕیتا** بەگرژییەوە سەیری ئەڵمەرش دەکات

گوێت لێیە، ئەڵفرێد؟ (ڕوودەکاتە بۆرگهایم) گرەودەکەم، ئەوەی تەفرەی ئێوی داوە، چاوی پیس بووە.

**بۆرگهایم** تەماشای دەکات

چاوی پیس؟

**ڕیتا** سەردەلەقێنێ

چاوی پیس، بەڵێ.

**بۆرگهایم**

بۆ ڕیتا خانم، ئێوە باوەڕتان بە چاوی پیس هەیە؟

**ڕیتا**

بەڵێ، ئێستا خەریکە ئیتر باوەڕ بە چاوی پیس دەکەم. زیاتر بە چاوی پیسی منداڵ.

**ئەڵمەرش** بەتووڕەییەوە، دەچرپێنێ

ڕیتا، - چۆن تۆ دەتوانیت -!

**ڕیتا** بە دەنگی نیوە بەرزەوە

ئەوە تۆیت، کە من خراپ و ناشرین دەکەیت، ئەڵمەرش.

لە دوورەوە، دەنگی هات و هاواری شپرزە بووانە لەخوارەوە لە نزیک ئاوەکەوە دەبیستری.

**بۆرگهایم** بەرو جامخانەکە دەڕوات

ئەو دەنگە دەنگە چییە -؟

**ئاستا** لە ناو دەرگاکەدا

تەماشا ئەو هەموو خەڵکە لەخوارەوە لە بەندەرەکە ڕادەکەن!

**ئەڵمەرش**

دەبێ چی بێ؟ (تۆزێک سەیری دەروە دەکات) دیارە هێواش هێواش منداڵانی کۆڵان، دووبارە خەریکی بەزمنانەوەن.

**بۆرگهایم** لە مێردڕەوەکەوە هاواردەکات

گوێبگرن، کوڕە بچکۆلانەکان! ئەوە چی ڕوویداوە؟

منداڵەکان چەندانەیەکیان وەڵام دەدەنەوە بەڵام نازانرێ چی دەڵێن پێکەوە قسەدەکەن.

**ڕیتا**

دەڵێن چی؟

**بۆرگهایم**

دەڵێن، منداڵێک، خنکاوە.

**ئەڵمەرش**

منداڵێک خنکاوە؟

**ئاستا** نائارامانە

دەڵێن، کوڕێکی بچکۆلانە خنکاوە.

**ئەڵمەرش**

ئۆ، بەڵام خۆ ئەوان هەموویان، مەلە دەزانن.

**ڕیتا** لە ترسانا هاوار دەکات

کوا ئایۆڵف!

**ئەڵمەرش**

لەسەرخۆ. لەسەرخۆ. ئایۆڵف لەباخەکەدا یاری دەکات.

**ئاستا**

نەخێر، لەباخەکەدا نییە –

**ڕیتا** قۆڵەکانی بەرزکردووەتەوە

ئۆۆۆ، هەر ئەو نەبێ!

**بۆرگهایم** گوێ دەگرێ و بەرەو خوارەوە هاوار دەکات

ناڵێن، ئەو منداڵە کێیە؟

چەند دەنگێکی ناڕوون دەبیسترێ. بۆرگهایم وئاستا هاوارێکی کورت دەکەن و بە هەڵەدوان بەرەو خوارەوە بە باخەکە دا ڕادەکەن.

**ئەڵمەرش** بەترسێکی زۆر زۆرەوە

ئایۆڵف نییە! ئەوە ئایۆڵف نییە، ڕیتا!

**ڕیتا** دەچێتە هەیوانەکەوە، گوێ دەگرێ

هیش؛ بێدەنگ بە! باگوێم لێبێ، چی دەڵێن!

**ئەڵمەرش** بەدوایدا دەچێتە دەرەوە

وتیان چی؟

**ڕیتا** بەردەبێتەوە سەر کورسییە قۆڵدارەکەی لای چەپ

وتیان: دارشەقەکەی سەرئاو کەوتووە!

**ئەڵمەرش** تاڕادەیەک ئیفلیج بووە

نـــا، نـــا، نەخێر!

**ڕیتا** بەدەنگی گڕەوە

ئایۆڵف! ئایۆڵف! ئۆهـ، بەڵام دەبێ فریای کەون!

**ئەڵمەرش** بە نیوە سەرلێشێوانێکەوە

شتێکی دی مەحاڵە! ژیان زۆر بەهادارە! ژیان زۆر بەهادارە!

بەپڕتاو بەرەوخوار بەناو باخەکەدا ڕادەکات.

## دیمەنی دووەم

خوارەوە نزیک کەنارەکە، دۆڵێکی بچکۆلەی تەنگە لە نێو دارستانەکەی ئەڵمەرش دا. درەختی بەرزی بەتەمەن، لەلای چەپەوە بەسەر شوێنەکەدا چەماونەتەوە. چۆگەیەک بە سەرەولێژگانییەکەی دواوەدا بەتاف دێتەخوارێ و لەنێو بەردەڵانەکەی سەر سنوری دارستانەکەدا ووندەبێ. باریکەڕێیەک بەکەنار جۆگەکەدا ڕاکشاوە. لای ڕاست درەختی تاک تاکی تێدایە، لە بەینی ئەو دارەختە تاکتاکانەوە تەنگەڵانەکە دەبینرێ. لە پێشەوە گۆشەی کابینەی کەشتییەک دیارە لەگەڵ بەلەمەیێکی بۆ وشکای ڕاکێشراو. لە ژێر درەختە تەمەندارەکانی لای چەپدا، مێزێک وکورسییەکی درێژی نێو باخ و چەند کورسییەکی دیکەی لێدانراوە، کە هەموویان لە قەدی دارە بێ باریک دروستکراون. ڕۆژێکی ناخۆشی باراناوی و تەمومژاوییە.

ئەڵفرێد ئەڵمەرش، هەمان جل و بەرگی پێشوی پۆشیوە و، لەسەر کورسیە درێژەکە دانیشتووە و دەستەکانی خستووەتە سەر مێزەکە. شەپقەکەی لەبەردەمیدا داناوە. بێجوڵە و خەیاڵ رۆیشتووانە زەق تەماشای ئاوەکەی بەردەمی دەکات.

کەمێک دواتر ئاستا ئەڵمەرش بە ڕێگەباریکەکەی نێو دارستانەکە دا دێتە خوارێ. چەترێکی هەڵدراوی بەدەستەوەیە.

**ئاستا** بەبێ دەنگی و لەسەرخۆ دەچێ بۆ لای

ئەلفرێد، نابێ تۆ لەم کەشە و هەوا ناخۆشەدا لێرە دابنیشیت.

**ئەڵمەرش** بەهێواشی سەر دەلەقێنێ بەبێ ئەوەی وەڵام بداتەوە

**ئاستا** چەترەکەی دادەداتەوە

ئەو هەمووە ڕۆیشتووم و بەدواتدا گەڕاوم.

**ئەڵمەرش** بێ ئەوەی هیچ دەربڕینێک بە رووخسارییەوە دیاربێ

سوپاس.

**ئاستا** کورسییەک هەڵدەگرێ و لە نزیکییەوە دادەنیشێ

زۆر دەمێکە لێرە دانیشتوویت؟ بەدرێژایی ئەو ماوەیە لێرە بوویت؟

**ئەڵمەرش** وەڵام ناداتەوە. پاش کەمێک دەڵێ

نەخێر، من لەوە تێناگەم. پێموایە، ئەم ڕووداوە، - زۆر شتێکی مەحاڵە.

**ئاستا** بەهاوبەشیکردنییەوە دەست دەخاتە سەر قۆڵی

ئۆ، ئەڵفرێدی داماو.

ئەڵمەرش لێی ووردەبێتەوە

هەر بەهەقیقەت ڕاستە ئەو شتە، ئاستا؟ یان من شێت بووم؟ یان تەنها خەون دەبینم؟ ئۆهـ، تۆ هەر بیر لەوەبکەرەوە، ئەگەر بهتباو ئەوە هەرتەنها خەونێک بوایە! چەند خۆش دەبوو، ئەگەر ئێستا من لەو خەونە بێدار بوومایەتەوە!

**ئاستا**

ئۆهـ، بریا هەربەڕاستی من بمتوانیایە خەبەرت بکەمەوە.

**ئەڵمەرش** تەماشای ئاوەکە دەکات

ئەمڕۆ تەنگەڵانەکە چەند دڵڕەق دێتە بەرچاو . سەنگین و خەواڵو ڕاکشاوە. بەڕەنگی قوڕقوشمینی، - بریقەداری زەردەوە و، - وێنەی گەواڵە هەورە باراناوییەکان بەرەواژوو دەکاتەوە.

**ئاستا** بە پاڕانەوەوە

ئۆ، هەستە، ئەڵفرێد، تەماشای ئەو تەنگەڵانە مەکە!

**ئەڵمەرش** بێ ئەوەی گوێی لێ بگرێ

بەڵێ، بەڵام لە توێخی سەرەوەدا، لە قووڵاییەکەدا، - ئالەوێدا تەوژمی توندوتیژاوی ناتەبای ژێرگین[8] دێن و دەچن –

**ئاستا** بەهەست بەترس کردنەوە

ئۆ، بۆخاتری خوا، - بیر لە قووڵایی مەکەرەوە!

**ئەڵمەرش** بەنەرمی تەماشای دەکات

بێگومان تۆ لەوباوەڕەدایت ئەو لەوێدا بێ، وانییە؟ بەڵام ئەو لە وێدا نییە، ئاستا. نابێت تۆ باوەڕەت بە شتی ئاوها هەبێت. چونکە دەبێ ئەوەت بیر نەچێت، کە چەند خێرا و بەهێز ئەو تەوژمە بێرەدا دەڕوات، بۆ نێو دەریا.

**ئاستا** بە هەنسکی گریانەوە دەست دەگرێ بە ڕوخسارییەوە و سەردەخاتە سەر مێزەکە

خوا هاوار، - خوا هاوار!

**ئەڵمەرش** بەقورسیەوە

لەبەرئەوە ئایۆڵفی بچکۆلە ئێستا زۆر – زۆر لە ئێمە دوورکەوتووەتەوە.

**ئاستا** بە پاڕانەوەوە تەماشای دەکات

ئۆف، ئەڵفرێد، ئێدی شتی وا مەڵێ!

**ئەڵمەرش**

بـا، تۆ خۆت دەتوانیت حیسابی بکەیت. تۆ، خۆت زیرەکیت -. ماوەی بیستوهەشت – بیستونۆ سەعات -. با حیسابی بکەم -! باحیسابی بکەم -!

**ئاستا** دەقریشکێنێ و گوێی خۆی دەگرێ

---

[8] ژێرگین: ئەوی بن بنەوە. هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی – فارسی، هەژار. وەرگێر.

ئەڵفرێد -!

**ئەڵمەرش** بەتووندی مشت دەماڵێ بە مێزەکەدا

بەڵام ئایا تۆ دەتوانیت لە مەبەستی شتێکی ئاوها، تێبگەیت ها؟

**ئاستا** تەماشای دەکات

لە چی؟

**ئەڵمەرش**

ئا لەمە، کە بەرامبەر بە من و ڕیتا کراوە.

**ئاستا**

مەبەست لەوە؟

**ئەڵمەرش** بەئۆقرەنەمانەوە

بەڵێ، دەڵێم، مەبەست لەوە. چونکە خۆ دەبێ مەبەستێک لەوەدا هەبێ. ئێدی نابێ حوکمی ژیان و بوون، - هێجگار هێندەش بێ مانا بن.

**ئاستا**

ئۆ، ئینجا کێ دەتوانێ دڵنیا و جێگیر شتێک لەبارەی ئەو شتانەوە بڵێ، ئەڵفرێدی ئازیز؟

ئەڵفرێد بە تووڕەییەوە پێدەکەنێ

نەخێر – نەخێر؛ پیاوچاکان ئاگادارن تۆ ڕاست دەکەیت. ڕەنگە ئەوە هەمووی، نادیاربێ، ئەیچۆن. خۆی دەپارێزێ، وەک گەمیەیەکی تێکشکاوی بێ سەوڵی ژێرئاو نەکەوتوو. بە پیاوچاکان لەوانەیە ئەوە، وابێ. – بەلایانیکەمەوە وا دەردەکەوێ.

**ئاستا** بەدەم بیرکردنەوەوە

ئەگەر ئەوە ئیستا هەر وا دەرکەوتایە -؟

**ئاڵمەرش** تووڕە

کەوابوو؟ ڕەنگە تۆ بتوانیت ئەوەم بۆ ڕوونبکەیتەوە؟ چونکە من ناتوانم. (نەرمتر) ئایۆڵف لێرەدا دەهات و دەچوو، دروست ئێستا دەیویست بچێتە نێو ڕۆحی هۆشمەندی ژیانەوە. توانایەکی لەبن نەهاتووی هێجگار زۆریشی تێدا ئامادە بوو. ڕەنگە ئەو توانایانە زەنگینیشن بوو بن، ویستبێتیان بوونم پڕکەن لە خۆشی و شانازی. ئینجا هەر تەنها هێندە پێویست بوو، ئافرەتێکی شێتی، پیر بێت – و لە تووڕەکەیەکەوە سەگێک پیشانبدات –

**ئاستا**

بەڵام ئێمە بە هیچ شێوەیەک نازانین، ئەوە لە ڕاستیدا چۆچۆنی بووە.

**ئەڵمەرش**

با، دەزانین. کوڕەکان پیرێژنیان بینیبوو بەسەوڵ لێدان هاتبوو بۆ تەنگەڵانەکە. ئایۆلفیشیان بینیبوو لەوسەری ئەوسەری بەندەرەکە ڕاوەستابوو بە تەنیا. ئێدی ئەو دەکەوێتە تەماشاکردنی پیرێژن – و چۆن بڵێی لەهۆش خۆی چووبوو. (بەتووڕەییەوە) ئینجا ئەوە بووە، ئەو بەدەمدا بەربووەتەوە – و دیار نەماوە.

**ئاستا**

بەڵێ، بەڵێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا –

**ئەڵمەرش**

پیرێژن ئەوی بۆ نێو قوڵایی بەکێشکردووە. لەوە دڵنیابە تۆ.

**ئاستا**

بەڵام، ئازیزم، بۆچی دەبێ ئەو ئەوەیکردبێ؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، سەیرکە، - مەسەلەکە ئەوەیە!بۆچی ئەو ئەوەیکردووە؟ ئێ ئەوە دواجار هیچ سزای نییە. مەبەستم ئەوەیە، هیچ زیندانیکردنی تێدا نییە. ئایۆلف هەرگیز هیچی خراپی بەرامبەر پیرێژن نەکردووە. هەرگیز بەهات و هاوار دواینەکەوتووە. هەرگیز بەردی تێنەگرتووە. ئەو هەتا دوێنێ، نە پیرێژن و نە سەگەکەشی بەچاوی خۆی نەبینیبوو . کەوابوو هیچ سزای نییە. ئەمە هەمووی، زۆر بێ بنەمایە. زۆر تەواو بێمانایە، ئاستا. – ئینجا سەرباری ئەوەش گەردوون وەک کۆیەکی ڕێکخراو پێویستی بەوە هەیە.

**ئاستا**

تۆ لەگەڵ ڕیتا لەبارەی ئەم شتانەوە قسەتکردووە؟

**ئەڵمەرش** سەربادەدات

من پێموایە، لەگەڵ تۆدا باشتر دەتوانم لەوبارەیەوە قسەبکەم. (دژوار هەناسە دەدات) هەروەها

لەبارەی هەموو شتێکی دیکەشەوە.

ئاستا دەرزیودروومان و بەستەیەکی لە کاغەزەوە پێچراو لە گیرفانی دەردەهێنێ. ئەڵمەرش خەیاڵڕۆیشتوانە دانیشتووە و تەماشا دەکات.

**ئەڵمەرش**

ئەوە چییە، بەدەستەوە، ئاستا؟

**ئاستا** شەپقەکەی سەری [ئەڵمەش] دادەکەنێ

پارچە قردێلەیەکی ڕەش.

**ئەڵمەرش**

ئۆ، شتی وا بۆ چی؟

**ئاستا**

ڕیتا داوای ئەمەی لێکردم. بۆم هەیە؟

**ئەڵمەرش**

ئا بەڵێ؛ کێشە نییە.

ئاستا قردێلە ڕەشەکە بە شەپقەکەوە دەدووریّ.

**ئەڵمەرش** دانیشتووە و سەیری دەکات

ڕیتا لە کوێیە؟

**ئاستا**

کەمێك بەنێو باخچەکەدا  پیاسە دەکات، وابزانم. بۆرگهایمیشی لەگەڵ دایە.

**ئەڵمەرش** کەمێک بە سەرسوڕمانەوە

بەڕاست؟ بۆرگهایم ئەمڕۆش هاتووە؟

**ئاستا**

بەڵێ. بە شەمەندەفەرەکەی پاش نیوەڕۆ هاتووە.

**ئەڵمەرش**

بیرم لەوە نەکردبووەوە.

**ئاستا** بەدەم دروومانکردنەوە

ئەو ئایۆڵفی زۆر لە دڵەوە خۆش دەویست.

**ئەڵمەرش**

بۆرگهایم کەسێکی بەوەفایە، ئاستا.

**ئاستا** بە گەرمییەکی هێمنانەوە

بەڵێ، بێگومان ئەو کەسێکی بەوەفایە، بەدڵنیاییەوە.

**ئەڵمەرش** چاوی تێدەبڕێ

هەر بەم بۆنەیەوە تۆش ئەوت خۆش دەوێت.

**ئاستا**

بەڵێ، خۆشم دەوێ.

**ئەڵمەرش**

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ناتوانیت بڕیاری خۆت بدەیت -؟

**ئاستا** قسە پێبڕانە

ئۆ، ئەڵفرێدی میهرەبان، باسی ئەوە مەکە!

**ئەڵمەرش**

با، با، - تەنها پێم بڵێ، بۆچی تۆ ناتوانیت -؟

**ئاستا**

ئۆ نەخێر! زۆر تکات لێ دەکەم. بەهیچ شێوەیەک نابێ تۆ لەو بارەیەوە لێم بپرسیت. چونکە ئەوە بۆ من زۆر مایەی شەرمەزارییە، تێگەیشتی. – سەیرکە. ئەوە شەپقەکەش تەواو بوو.

**ئەڵمەرش**

سوپاس.

**ئاستا**

بەڵام ئینجا دەستی چەپیشت.

**ئەڵمەرش**

ئەوێش دەبێ قردێلەی پێوە بێ؟

**ئاستا**

بەڵێ، ئەوێش دەبێ پێوەی بێ.

**ئەڵمەرش**

ئێ، - چۆنت دەوێت وا بکە.

ئەو لێی نزیک دەبێتەوە و دەست دەکات بە دروومانکردن.

**ئاستا**

قۆڵت بێجوڵە ڕاگرە. بۆئەوەی دەرزییەکت پێدا نەکەم.

**ئەڵمەرش** بە نیوە زەردەخەنەیەکەوە

ئەمە وەک ڕۆژانی زوو وەهایە.

**ئاستا**

بەڵێ، وانییە؟

**ئەڵمەرش**

ئەوکاتەی کچێکی بچکۆلانەشبوویت هەر ئاوها دادەنیشتیت و جلەکانت بۆ ڕێک دەخستم.

**ئاستا**

ئەوەندەی لە توناماندا بووایە، بەڵێ.

**ئەڵمەرش**

یەکم شت، کە بۆت دووریم، - قردێلەی ڕەش بوو.

**ئاستا**

بەڕاست؟

**ئەڵمەرش**

بە کڵاوی خوێندکارێکەمەوە. ئەوکاتەی باوکمان کۆچی دواییکرد.

**ئاستا**

بۆ ئەوکاتە من درووومانم دەکرد؟ - تۆبزانە، من ئەوەم بیرنایەتەوە.

**ئەڵمەرش**

ئۆ نەخێر؛ ئەوکاتە تۆ زۆر بچکۆلە بوویت.

**ئاستا**

بەڵێ، ئەوکاتە من بچووک بووم.

**ئەڵمەرش**

ئینجا دوو ساڵ دوای ئەوەش، - ئێمە ئێدی ڕووبەڕوی کۆچی دوایی دایکت بووینەوە، - ئەوکاتەش قردێلەیەکی ڕەشی گەورەت بۆ دووریم.

**ئاستا**

[دیارە]پێم وابووە، کە پێویستە ئاوها بێ.

**ئەڵمەرش** دەست دەهێنێ بەدەستی دا

بەڵێ، بەڵێ، دەبووایە ئاوها بێ، ئاستا. – ئەوسا ئێدی ئێمە لە دنیادا بە تەنیا ماینەوە، ئێمە هەردووکمان - . هەروازوو لێبوویتەوە؟

**ئاستا**

بەڵێ. (تاقمی دوورمانەکە کۆدەکاتەوە) هەر بەو بۆنەیەوە ئەڵفرێد، بەڕاستی وەختێکی خۆش بۆ ئێمە سازا. بۆ ئێمە هەردووکمان بە تەنیا.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، وەختێکی خۆشمان بۆ سازا. ئەگەرچی زۆر سەخت ماندوو بووین.

**ئاستا**

تۆ ماندو بوویت.

**ئەڵمەرش** جوست و چالاک

ئۆ، بەخوا تۆش، بە شی خۆت ماندو بوویت، - (پێدەکەنێ) تۆ، ئازیزە، بەوەفاکەم – ئایۆڵف.

**ئاستا**

ئۆف، - ئەو گاڵتەجاڕییە گێلۆکانەیەم بە هێنانی ئەوناوە بیر مەهێنەرەوە.

**ئەڵمەرش**

ئێ، ئەگەر تۆ کوڕ بوویتایە، ئەوا ناوت ئایۆڵف دەبوو.

**ئاستا**

بەڵێ، ئەگەر، بەڵێ. بەڵام ئێدی کە تۆ بوویت بە خوێندکار - (بێ ویستی خۆ پێدەکەنێ) بزانە، کە لەگەڵ ئەوەشدا تۆ زۆر مناڵانە بوویت.

**ئەڵمەرش**

ئەوە من بووم، کە مندالانە بووم!

**ئاستا**

بەڵێ، لەڕاستیدا ئێستا کە بیرم دەکەوێتەوە، پێموایە. چونکە تۆ هەستت بەشەرمەزاری دەکرد، کە هیچ برات نەبوو. تەنها خوشکێکت هەبوو.

**ئەڵمەرش**

نەخێر، بەخوا ئەوە تۆ بوویت، تۆ. هەستت بە شەرمەزاری دەکرد.

**ئاستا**

ئۆ بەڵێ. کەمێک، ڕەنگە. ئینجا وەک ئەوەی لە تۆ دا هەست بە گوناح بکەم –

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، تۆ ئەو هەستەت دەکرد. ئینجا جلە کۆنە کوڕانییەکانی منت دۆزییەوە –

**ئاستا**

جلە جوانەکانی یەکشەمان لەبەرت دەکردن، بەڵێ. ئەی کراسە شینەکە و پانتۆڵە کورتەکەت لە بیرە؟

**ئەڵمەرش** بە ووردی سەرنجی دەدات

چەند باش تۆم لەبیرە، کە لەبەرت دەکردن و پێیانەوە دەڕۆیشتی.

**ئاستا**

بەڵێ، بەڵام من هەر ئەوکاتانەی کە ئێمە لەماڵەوە بە تەنیا بووین، ئەوەم دەکرد.

**ئەڵمەرش**

ئینجا ئەوکاتە ئێمە، چەند بە جدی و چەند بەگرنگی گرتبوومان. هەمیشە من بە ئایۆڵف بانگم دەکردیت.

**ئاستا**

بەڵام، خۆ تۆ هەرگیز ئەمەت بۆ ڕیتا نەگێڕاوەتەوە، ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش**

با، وابزانم جارێک ئەوەم بۆ گێڕایەوە.

**ئاستا**

نا، ئەڵفرێد، چۆن توانیت ئەوە بکەیت!

**ئەڵمەرش**

ئۆ، تۆ خۆت دەزانیت، - مرۆڤ هەموو شتێک بۆ هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە – بەتەواوەتی.

**ئاستا**

بەڵێ، بێگومان، بەلامەوە سەیر نییە.

**ئەڵمەرش** وەک ئەوەی بەئاگا هاتبێتەوە، ناوچەوانی دەگرێ و بەپرتاو هەڵدەسێتە سەرپێ

ئاهـ، - من لێرە دانیشتووم و –

**ئاستا** هەڵدەسێتە سەرپێ و بە نیگەرانییەوە تەماشای دەکات

چیتە؟

**ئەڵمەرش**

خەریک بوو ئەوم لەچاو وونبێ. تەواو لێم دیارنەما.

**ئاستا**

ئایۆڵف!

**ئەڵمەرش**

لێرەدا دانیشتبووم و لە یادەوەرێکاندا دەژیام . ئەویشم لەگەڵ نەبوو.

**ئاستا**

با، ئەڵفرێد، - ئایۆڵفی بچکۆلانە لەپشت هەموو یادەوەرییەکانەوە بوو.

**ئەڵمەرش**

ئەو نەبوو. ئەو لە هۆشم چوو بووە دەرەوە. لە بیرمدا نەما بوو. بۆ ساتەوەختێکیش من ئەوم نەبینی، کە دانیشتبووین قسەمان دەکرد. ئەوماوە زۆرە من تەواو ئەوم لەبیرکرد بوو.

**ئاستا**

ئۆ، بەڵام پێویستە تۆش لە خەم و خەفەت بێیتە دەرەوە و کەمێک پشوو بدەیت.

**ئەڵمەرش**

نەخێر، نەخێر، نەخێر، - دروست من نابێ، ئەوە بکەم! من بۆم نییە ئەوە بکەم. مافی ئەوەم نییە. – ئینجا دڵیشم نایە ئەوەبکەم. (بە تووڕەییەوە بەرەو لای ڕاست دەڕوا) من هەر پێویستە لەدەرەوە لەو شوێنەدا بمێنمەوە، کە ئەو لە قوڵایدا ڕاکشاوە و [تەوژم] دەیبا!

**ئاستا** بەدوایەوە، توند دەیگرێ

ئەڵفرێد، - ئەڵفرێد! مەچۆ بۆ تەنگەڵانەکە!

**ئەڵمەرش**

پێویستە من بچم بۆلای ئەو! ئاستا، بەرەڵامکە! دەمەوێ دەستم بە بەلەمەکەدا بگا.

**ئاستا** بە هاوارکردنەوە

ئەڵێم، مەچۆ بۆ تەنگەڵانەکە!

**ئەڵمەرش** بە ڕادەستبوونەوە

نەخێر، نەخێر، - ناچم. وازم لێبێنە.

**ئەستا** دەیباتەوە بۆ لای مێزەکە

پێویستە پشوویەک بە بیرکردنەوەکانت بدەیت، ئەڵفرێد. وەرە ئێرەوە و دانیشە.

**ئەڵمەرش** دەخوازێ لەسەر کورسییە درێژکۆلەکە دابنیشێ

بەڵێ، بەڵێ، - وەک تۆ دەتەوێت.

**ئاستا**

نەخێر، نابێ تۆ لەوێدا دابنیشیت.

**ئەڵمەرش**

بـا، لێمگەڕێ.

**ئاستا**

نەخێر؛ لەوێدا دامەنیشە! چونکە ئەوسا دادەنیشیت و هەر لە پێشەوەی خۆت دەڕوانیت- ( بە زۆر لەسەر کورسییەک، کە پشت بکاتە لای ڕاست دایدەنیشێنێ) ئاوها. ئێستا باش دانیشوویت. (خۆی لەسەر کورسییە درێژکۆلەکە دادەنیشێ) ئینجا دووبارە کەمێک پێکەوە قسەدەکەین.

**ئەڵمەرش** دەنگی هەناسەدانەکەی دەبیسترێ

بۆ ساتێک هێوربوونەوەی ئەو خەم و تاسەیە شتێکی باش بوو.

**ئاستا**

تۆ دەبێ ئەوەبکەیت، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش**

بەڵام پێتوانیە، من مەترسیدارانە خاو و لاوازبم، -، کە دەتوانم ئەوە بکەم؟

**ئاستا**

ئۆ نەخێر. چونکە بە دڵنیاییەوە ئەوە مەحاڵە بەردەوام بە دەوری هەمان شتەوە بیت.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، بۆ من ئەوە مەحاڵە. پێش ئەوەی تۆ بێیتە خوارەوە بۆ لام، لێرەدا دانیشتبووم و لەم خەمە شوێنکەوتووە، داکرۆژەرە دا هێجگار خۆم ئازار دەدات –

**ئاستا**

بەڵێ؟

**ئەڵمەرش**

ئینجا تۆ باوەڕ دەکەیت، ئاستا-؟ همـ -

**ئاستا**

ئێ؟

**ئەڵمەرش**

لە گەرمەی ئەو ئازارەدا کەوتمە بیرکردنەوە و پێشبینی ئەوەی، بۆ ئێوارە چی دەخۆین.

**ئاستا** بە هەوڵی هیورکردنەوەی

بەڵێ، بەڵێ، تەنها پشوویەکی تێدا بدەیت، ئێدی -

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، بیری لێبکەرەوە، تۆ، - پێموابوو، وەک ئەوەی پشوویەک بدەیت وا بوو. (لەسەر مێزەکەوە دەست دەخاتە دەستییەوە) چەند شتێکی باشە، کە من تۆم هەیت. دڵخۆشم. دڵخۆشم، دڵخۆشم – لەگەرمەی ئەم خەم و خەفەتە دا.

**ئاستا** بە جدیەوە لێی دەڕوانێ

تۆ پێش هەموو شتێک دەبێ بەوە دڵخۆش بیت، کە تۆ ڕیتات هەیە.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، ئەوە ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام من لەگەڵ ڕیتادا خزمایەتیم نییە. ئەوە وەک ئەوە نییە کە خوشکێکت هەبێت.

**ئاستا** بە چاوەڕوانییەوە

بەڕاستە، ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، خزمایەتیمان شتێکە بۆ خۆی. ( بە نیوە گاڵتەجاڕییەکەوە) ئێمە هەمیشە پیتی دەنگدار لە سەرەتای ناوەکانماندا هەبووە. بیرتە، جاران چەند زوو زوو باسی ئەوەمان دەکرد؟ ئینجا هەموو خزمەکانیش، - هەموویان وەک یەک هەژارن. هەمووشمان چاوەکانمان وەک یەکە.

**ئاستا**

پێتوایە، منیش چاوم ئاوهایە -؟

**ئەڵمەرش**

نەخێر، تۆ زۆر چوویتەتەوە سەر دایکت، تۆ. بە هیچ شیوەیەک لە ئێمە ناچی. لە باوکیشم ناچی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا –

**ئاستا**

لەگەڵ ئەوەشدا -؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، لەو باوەڕەدام پێکەوە ژیان هەردووکمانی لە وێنەی یەکتردا لە قاڵب داوە. مەبەستم ئەوەیە، لە هۆش و بیر دا.

**ئاستا** بە حەماس هەستانەوە

ئۆ، نابێ هەرگیز تۆ ئەوە بڵێیت، ئەڵفرێد. ئەوە تەنها منم بە تەنیا، کە لەسەر شکڵی تۆ خۆم لە قاڵب داوە. تۆش ئەو کەسەی کە من هەموو شتێکی پێ قەرزارم، - هەموو شتێکی باش لە دنیا دا.

**ئەڵمەرش** سەر بادەدات

تۆ هیچم قەرزار نیت، ئاستا. بە پێچەوانەوە –

**ئاستا**

من هەموو شتێک قەرزاری تۆم! ئێدی تۆ خۆت دەبێ بتوانیت ئەوە بڵێیت. هیچ قوربانییەک بۆ تۆ دژوار نەبووە –

**ئەڵمەرش** بە قسە پێبڕینەوە

ها چی – قوربانی! شتی وا باس مەکە. – من هەر تۆم خۆش ویستووە، ئاستا. هەر لەو کاتەوەی تۆ منداڵێکی بچکۆلانە بوویت. (دوای وەستانێکی کورت) هەمیشەش پێموا بووە، کە من زۆر نادادپەروەر بووم دەبێ دووبارە ئەو نادادپەروەرییە ڕاست بکەمەوە.

**ئاستا** بەسەرسوڕمانەوە

نادادپەروەر! تۆ؟

**ئەڵمەرش**

تەنها لە بەرامبەر خۆمدا نا. بەڵام –

**ئاستا** بە تاسەی وەڵام بیستنەوە

بەڵام -؟

**ئەڵمەرش**

بەرامبەر بە باوکیشم.

**ئاستا** لەسەر کورسییەکە نیوەی لەشی بەرز دەکاتەوە

بەرامبەر – باوکم! (دووبارە دادەنیشێتەوە) مەبستت چییە، ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش**

باوکم بەرامبەر بە تۆ هەرگیز میهرەبان نەبوو.

**ئاستا** بە توندی

نا وا مەڵێ!

**ئەڵمەرش**

بـا، چونکە ئەوە ڕاستییە. ئەو تۆی خۆش نەدەویست.

**ئاستا** بەخۆدزینەوەوە

نەخێر، ڕەنگە بەو شێوەیە نا، وەک تۆی خۆش دەویست. ئەوەکاتە ئەوە بە جێ بوو.

**ئەڵمەرش** بەهەمان شێوە

ئەو زۆرجاران بەرامبەر بە دایکیشت ڕەقبوو. بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا.

**ئاستا** بەهێواشی

ئاخر دایکم لەو زۆر زۆر گەنجتر بوو. ئەوەت بیر نەچێ.

**ئەڵمەرش**

لەوباوەڕەدا نیت، ئەوان بەڕاستی بۆیەک گونجاو بوون؟

**ئاستا**

ڕەنگە وا نەبوو بێت.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا -. باوکم، نەرم و دڵگەورە بوو -. لەگەڵ هەموو کەسێکدا زۆر هاوڕێیانە بوو –

**ئاستا** بەهێواشی

دایکشم ئێدی هەمیشە بەو شیوەیە نەبوو، وەک ئەوەی دەبووایە ببوایە.

**ئەڵمەرش**

دایکت وا نەبوو!

**ئاستا**

ڕەنگە هەمیشە نا.

**ئەڵمەرش**

مەبەستت، بەرامبەر بە باوکم؟

**ئاستا**

بەڵێ.

**ئەڵمەرش**

من هەرگیز تێبینی ئەوەم نەکردبوو.

**ئاستا** بە زۆر لەخۆکردنەوە تا نەگری، هەڵدەسێتە سەرپێ

ئۆ، ئەڵفرێدی ئازیز، - ئەوانەی نەماون، لێیانگەڕێ با پشوو بدەن.

بەرەو لای ڕاست دەڕوا

**ئەڵمەرش** هەڵدەسێتە سەرپێ

بەڵێ، لێیانگەڕێ با پشوو بدەن. (دەستەکانی دەگوشێ) بەڵام ئەوانەی، کە نەماون،- ناهێڵێن ئێمە پشوو بدەین، ئاستا. نە بە شەو و نە بەڕۆژ.

**ئاستا** بە گەرمییەوە تەماشای دەکات

به تێپەربوونی کات هەموو شتێک هێورتر دەبێتەوە، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش** بە نائومێدییەوە سەیری دەکات

بەڵێ، تۆش لەوباوەڕەدا نیت؟ - بەڵام چۆنچۆنی من بەسەر ئەم ڕۆژە ترسناکانەدا زاڵبم، ڕۆژەکانی سەرەتا-. (بەدەنگی گیراوەوە) نەخێر، نازانم.

**ئاستا** بە خواهیش لێکردنەوە، دەستەکانی دەخاتە سەر شانی

بچۆ سەرەوە بۆ لای ڕیتا. ئۆ، زۆر تکات لێدەکەم –

**ئەڵمەرش** بەتووندی، خۆی ڕادەپسکێنێ

نەخێر، نەخێر، نەخێر، - باسی ئەوەم بۆ مەکە! چونکە ناتوانم، تێگەیشتی. (ئارامتر) لێگەڕێ با لێرە لەگەڵ تۆدا بم.

**ئاستا**

بەڵێ، من بەجێت ناهێڵم.

**ئەڵمەرش** پەلاماری دەستەکانی دەدات و توووند دەیانگرێ

سوپاس! (ماوەیەک تەماشای دوواوە دەکات) ئایۆڵفە بچکۆلانەکەم لە کوێیە ئێستا؟ (بە دژوارییەوە بۆی پیدەکەنێ) دەتوانیت ئەوەم پێ بڵێیت، - تۆ، ئایۆڵفە گەورە و زیرەکەکەم؟ (سەر بادەدات) کەس لە دنیادا ناتوانێ ئەوەم پێ بڵێ. من تەنها ئەو شتە ترسناکە دەزانم، کە من چیدی ئەوم نەما.

**ئاستا** سەیری لای چەپ دەکات و دەستەکانی لە نێو دەستی دەردەهێنێ

ئەوا ئەوانیش هاتن.

خانم و ئەندازیار بۆرگهایم بە باریکەڕێگەکەی دارستانەکەدا دێنە خوارەوە؛ خانم لە پێشەوە؛ بۆرگهایم لە دوایەوە. خانم جلی ڕەشی پۆشیوە، چارشێوە ڕەشەکەشی هەڵداوەتەوە بۆ سەر سەری. بۆرگهایم چەترێکی لەبن هەنگەڵدایە.

**ئەڵمەرش** بەپیریانەوە دەچێ

چۆنی، ڕیتا؟

**ڕیتا** بەلایدا تێپەڕ دەبێ

ئۆ، مەپرسە.

**ئەڵمەرش**

چیت دەوێت؟

**ڕیتا**

هەر بەدوای تۆدا دەگەڕێم. خەریکی چیت؟

**ئەڵمەرش**

هیچ. ئاستا هاتە خوارەوە بۆ لام.

**ڕیتا**

بەڵێ، بەڵام پێش ئەوەی ئاستا بێت؟ تۆ هەموو پێش نیوەڕۆکەی لێم دوور بوویت.

**ئەڵمەرش**

لێرە دانیشتبووم، تەماشای ئاوەکەم دەکرد.

**ڕیتا**

پەه، - ئەوە چۆن دەتوانیت!

**ئەڵمەرش** بەحەوسەڵەنەمانەوە

پێم باشە ئێستا بە تەنیا بم.

**ڕیتا** نائارامانە دەسوڕێتەوە

ئینجا بێدەنگیش دانیشیت! لە هەمان شوێن و جێگەدا.

**ئەڵمەرش**

هیچ شتێکم نییە بەدوایدا بچم.

**ڕیتا**

من لە هیچ شوێنێک تاقەتناگرم. بەتایبەتی ئێرە، - ئینجا تەنگەڵانەکەشت لەبەر دەمدا بێت.

**ئەڵمەرش**

دروست ئەوەیە، کە تەنگەڵانەکە هێندە نزیکە.

**ڕیتا** ڕوودەکاتە بۆرگهایم

پێتانوانییە، ئەو دەبێ لەگەڵ ئێمەدا بێتە سەرەوە؟

**بۆرگهایم** ڕوودەکاتە ئەڵمەرش

لەو باوەڕەدام، ئەوە باشتر بێ بۆ ئێوە.

**ئەڵمەرش**

نەخێر، نەخێر، - لێمگەڕێ ، با هەر لێرەدا بم.

**ڕیتا**

کەوابوو من لای تۆ دەمێنمەوە، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش**

ئا بەڵێ، وابکە. – تۆش بمێنەرەوە، ئاستا.

**ئاستا** ڕووەو بۆرگهایم دەچرپێنی

لێیانگەڕێ با بە تەنیا بن!

**بۆرگهایم** بە نیگایەکی حاڵیبوونەوە

خاتوو ئەڵمەرش، - کەمێک بچینە دەرەوە – بۆ سەر کەنار دەریاکە؟ بۆ دواهەمین جار؟

**ئاستا** چەترەکەی هەڵدەگرێ

بەڵێ، وەرە. با کەمێک بچینە دەرەوە.

ئاستا و بۆرگهایم پێکەوە لە پشتی کۆختی بەلەمەکەوە دەچنە دەرەوە.

ئەڵمەرش کەمێک دێ و دەچێ. پاشان لەسەر بەردێک لەژێر درەختەکانی پێشەوی لای چەپدا دادەنیشێ.

**ڕیتا** نزیکتر دەبێتەوە و لەبەردەمیدا دەستەکانی کردوە بە نێو یەکدا و شۆڕبوونەتەوە بۆ خوارەوە.

دەتوانی بیر لەوە بکەیتەوە، ئەڵفرێد، - کە ئێمە ئایۆڵفمان لێ ڕۆیشتووە؟

**ئەڵمەرش** دژوارانە سەیری بەردەمی خۆیدەکات

ئێدی خۆمان لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە ڕابێنین.

**ڕیتا**

من ناتوانم. من ناتوانم. ئینجا ئەو دیمەنە ترسناکەش، کە بەدرێژای ژیانم لە بەرچاوما دەمێنێتەوە.

**ئەڵمەرش** سەرهەڵدەبڕێ

چ دیمەنێک؟ چیت بینیوە؟

**ڕیتا**

من خۆم هیچم نەبینیوە. تەنها گوێم لێبوو باسیانکرد. ئـۆ -!

**ئەڵمەرش**

هەر ئێستا بیڵێ.

**ڕیتا**

بۆرگهایمم لەگەڵ خۆم برد بۆ بەندەرەکە –

**ئەڵمەرش**

بۆچی چووی بۆ ئەوێ؟

**ڕیتا**

تا لەوبارەیەوە پرسیار لە کوڕەکان بکەم، ئەوە چۆن چۆنی بووە.

**ئەڵمەرش**

ئێمە ئەوە دەزانین.

**ڕیتا**

زیاترمان زانی.

**ئەڵمەرش**

ئێ!

**ڕیتا**

ئەوە ڕاست نییە، گوایە ئەو یەکسەر ژێر ئاوکەوتووە.

**ئەڵمەرش**

ئێستا ئەوان وا دەڵێن؟

**ڕیتا**

بەڵێ. دەلێن، ئەوان ئەویان بینیوە کە ژێر ئاوکەوتووە . کە لەبنی ئاوە ڕوونەکە دا بووە.

**ئەڵمەرش** بەدانکرۆشتنەوە

ڕزگاریان نەکردووە!

**ڕیتا**

بێگومان نەیان توانیوە.

**ئەڵمەرش**

دەتوانن مەلەبکەن، - هەموویان. ئەی وتیان، کە بینیویانە، چۆنچۆنی کەوتووەتە بن ئاوەکە؟

**ڕیتا**

بەڵێ. وتیان، لەسەر پشت لە بن ئاوەکەدا ڕاکشاوە. بە چاوی گەورەی کراوەوە.

**ئەڵمەرش**

بەچاوی کراوەوە. بەڵام زۆر خامۆش؟

**ڕیتا**

بەڵێ، زۆر خامۆش. ئینجا شتێک ڕوویداوە و ئەوی بردووە. ئەوان بەو شتەیان دەگوت شەپۆلی بەهێز.

**ئەڵمەرش** لەسەرخۆ سەردەلەقێنێ

کەواتە ئەوە دواجار بووە ئەوان ئەو ببینن.

**ڕیتا** بە قورگی پڕ لە گریانەوە

بەڵێ.

**ئەڵمەرش** بەدەنگی گیراوەوە

هەرگیز، - هەرگیز کەس چیدی ئەو نابینێتەوە.

**ڕیتا** بە ورتەورتەوە

شەو و ڕۆژ من ئەوم بەو شێوەیەی کە لەبن ئاوەکەدا ڕاکشاوە، لەبەرچاو دەبێ.

**ئەڵمەرش**

بە چاوە گەورە، کراوەکانییەوە.

**ڕیتا** موچرکی پێدادێ

بەڵێ، بە چاوە گەورە کراوەکانییەوە. دەیانبینم! لەبەر چاومن!

**ئەڵمەرش** هێواش هەڵدەسێتە سەرپێ و خامۆش و هەڕەشەئامێزانە تەماشای دەکات

چاوەکانی چەپەڵ بوون، ڕیتا؟

**ڕیتا** ڕەنگی هەڵدەبزرکێ

چەپەڵ -!

**ئەڵمەرش** زۆر لێی نزیک دەبێتەوە

ئەو چاوانەی لە بن ئاوەکەدا تەماشای سەرەوەیان دەکرد، چەپەڵ بوون؟

**ڕیتا** دەچیتە دواوە

ئەڵفرێد -!

**ئەڵمەرش** دوای دەکەوێ

وەڵامم بدەرەوە! چاوە منداڵانەکانی چەپەڵ بوون؟

**ڕیتا** هاواردەکات

ئەڵفرێد! ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش**

ئێستا ئەوەمان بۆ هاتە دی، - بەو شێوەیەی، کە تۆ دەتویست، ڕیتا.

**ڕیتا**

من! من چیم دەویست؟

**ئەڵمەرش**

دەتویست ئایۆڵف لێرە نەبێ.

**ڕیتا**

هەرگیز، بەهیچ شێوەیەک من ئەوەم نەویستووە! من ئەوەم دەویست، کە ئایۆڵف لە بەینی ئێمە هەردووکماندا نەبێت.

**ئەڵمەرش**

ئا بەڵێ، - لەمەبەدواوە ئەو چیدی ئەوە ناکات.

**ڕیتا** لەسەرخۆ، تەماشای بەردەمی خۆی دەکات

ڕەنگە لەمەودوا زیاتر. (ڕادەچڵەکێ) ئۆ، ئەو دیمەنە ترسناکە!

**ئەڵمەرش** سەر دەلەقێنێ

چاوە منداڵانە پۆخڵەکانی، بەڵێ.

**ڕیتا** بە ترسەوە، دەگەڕێتە دواوە

وازم لێبێنە، ئەڵفرێد! لێت دەترسم! هەرگیز لەمەوبەر تۆم بەو شێوەیە نەبینیوە.

**ئەڵمەرش** گرژ و سارد تەماشای دەکات

خەم چەپەڵی و ناشرین بوونی بەدەمەوەیە.

**ڕیتا** دەترسێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بەهێز پیشان دەدات

منیش، هەروا هەست دەکەم.

ئەڵمەرش بەرەو لای ڕاست دەڕوا و تەماشای تەنگەڵانەکە دەکات. ڕیتا بەتەنیشت مێزەکەوە دادەنیشێ. بێدەنگیەکی کورت.

**ئەڵمەرش** ئاوڕێ لێ دەداتەوە

تۆ هەرگیز  ئەوت تەواو و پڕ بەدڵ خۆش نەویستووە. هەرگیز!

**ڕیتا** سارد، خۆڕاگرانە

ئایۆڵف هەرگیز نەیدەویست تەواو و پڕبەدڵ خۆی ڕادەستی من بکا.

**ئەڵمەرش**

چونکە تۆ نەتدەویست.

**ڕیتا**

بـا، بەڕاستی. ڕەنگە زیاتر لەوەی کە خۆم دەمویست. بەڵام بەربەستێک لە ڕێگادا بوو. هەر لە سەرەتاوە.

**ئەڵمەرش** تەواو ڕووی تێدەکات

مەبەستت ئەوەیە کە من بەربەست بووم؟

**ڕیتا**

نا، لە سەرەتادا نـا.

**ئەڵمەرش** دەچیتە نزیکەوە

ئەی کێ؟

**ڕیتا**

پوورەکەی.

**ئەڵمەرش**

ئاستا؟

**ڕیتا**

بەڵێ. ئاستا لە ڕێگامدا وەستا بوو و ڕێگەی لێدەگرتم.

**ئەڵمەرش**

ئەوە بەڕاستە، ڕیتا؟

**ڕیتا**

بەڵێ. ئاستا، - ئەو دەستی بەسەر ئەودا گرتبوو – هەر لەکاتی ڕوودانی، - کەوتنە نەگبەتییەکەوە.

**ئەڵمەرش**

ئەو ئەگەر ئەوەشی کردبێ، لە خۆشەویستیەوە کردوویەتی.

**ڕیتا** بە توندی

دروست ئەوەیە! من بەرگەی ئەوە ناگرم هیچ لەگەڵ کەسی دیکەدا بەشبکەم! لە خۆشەویستیدا نـا!

**ئەڵمەرش**

ئێمە دەبوایە هەردووکمان لە خۆشەویستیدا ئەومان لە نێوانماندا دابەشکردایە.

**ڕیتا** بەگاڵتەپێکردنەوە تەماشای دەکات

ئێمە؟ ئۆهـ، ئینجا هەر بەوبۆنەیەوە، خۆ تۆش، هەرگیز خۆشەویستی ڕاستەقینەت بۆ ئەو نەبووە.

**ئەڵمەرش** بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەكات

نەم بووە -!

**ڕیتا**

نەخێر، نەتبووە. یەکەمشت تۆ هەر سەرقاڵی ئەو کتێبە بوویت بە تەواوەتی – لەبارەی بەرپرسیارەتییەوە.

**ئەڵمەرش** بەبەهێزی

بەڵێ، سەرقاڵی ئەوە بووم. دروست ئەوە، بەڵام بابزانیت، - لەبەرخاتری ئایۆڵف قوربانیم بەوە دا.

**ڕیتا**

لەبەر خۆشەویستی ئەو نـا.

**ئەڵمەرش**

ئەی بەڕای تۆ، لەبەر چی؟

**ڕیتا**

چونکە تۆ بووی بە خۆراکی متمانە بە خۆ نەبوون. چونکە تۆ دەستتکرد بە گومان هەبوون لەوەی، کە تۆ ڕاسپاردەیەکی گەورەت پێڕاسپێردرابێ کە لە پێناویدا بژیت لە دنیا دا.

**ئەڵمەرش** بەلێوردبوونەوەوە

بۆ تۆ هیچ شتێکی ئاوهات لە مندا تێبینیکردوە؟

**ڕیتا**

ئا بەڵێ، - وورده وورده. ئینجا تۆ شتێکی نوێت پێویست بوو، کە جێی ئەوە پڕبکاتەوە. – چیدی من بۆ تۆ بەس نەبووم.

**ئەڵمەرش**

ئەوە یاسای گۆڕانکارییە، ڕیتا.

**ڕیتا**

ئەوە لەبەرئەوە بوو، کە تۆ دەتویست ئایۆڵفی داماو بکەیت بە منداڵێکی بەهرەداری نائاسایی.

**ئەڵمەرش**

من ئەوم نەدەویست. دەمویست بیکەم بە کەسێکی بەختەوەر. من تەنها ئەوەم دەویست.

**ڕیتا**

بەڵام لە خۆشەویستیدا بۆ ئەو نـا. برۆ ناخی خۆتەوە! (بە فیزەوە لە دەربڕیندا) هەموو ئەوەی کە لەژێر و لە پشت ئەوەوە بوون، بپشکنە.

**ئەڵمەرش** خۆی لە چاوەکانی ڕیتا دەدزێتەوە

شتێک هەیە، تۆ دەخوازیت بازی بەسەردا بدەیت.

**ڕیتا**

تۆش.

**ئەڵمەرش** بە تەرکیزەوە تەماشای دەکات

ئەگەر وابێت وەکو کە تۆ بیری لێدەکەیەتەوە، ئەوا ئێمە هەردووکمان لە بنەڕەتەوە هەرگیز خاوەنی منداڵەکەی خۆمان نەبووین.

**ڕیتا**

نەخێر. تەواو لە خۆشەویستیەوە نـا.

**ئەڵمەرش**

ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەتا ئێمە لیرەدا خەمبار و مەینەتبارین بۆ ئەو.

**ڕیتا** بە ڕقەوە

بەڵێ، ئایا سەیر نییە کاتێک بیر لەوە دەکەیتەوە؟ ئاوها دانیشی و خەفەت بۆ کوڕێکی بێگانەی بچکۆلانە بخۆیت.

**ئەڵمەرش** بە هەڵچوونەوە

ئـۆ، پێی مەڵێ بێگانە!

**ڕیتا** بە توندی سەر رادەوەشێنێ

ئێمە هەرگیز [نەمانتوانیوە] ئەو کوڕە بە [خۆشەویستی و سۆزەوە] بە خۆمانەوە گرێبدەین، ئەڵفرێد. نەمن و نەتۆش.

**ئەڵمەرش** دەستەکانی هەڵدەگلۆفێ

ئینجا ئێستاش درەنگە! درەنگە!

**ڕیتا**

ئینجا دڵنەوایی ئەمەش هەمووی - تەواو مەحاڵە.

**ئەڵمەرش** لە پڕێکدا بە تووڕەییەوە

لێرەدا تۆ خەتاباریت!

**ڕیتا** هەڵدەسێتە سەرپێ

من!

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، تۆ! تۆ لەوەدا خەتاباری، کە ئەو ئاوای لێهات، - کە لێی هات! خەتای تۆیە، کە ئەو نەیتوانیوە لە ئاوەکە بیتە دەرێ.

**ڕیتا** بە بەرگریکردنەوە

ئەڵفرێد، - نابێ ئەوە بەسەر مندا بهێنیت!

**ئەڵمەرش** هەتا دێ زیاتر دەهری دەبێ

با، با، بەسەر تۆیدا دەهێنم! ئەوە تۆ بوویت، کە ئەو منداڵە کۆرپەیەت لەسەر مێزەکە [بەتەنیا]بەجێهێشت.

**ڕیتا**

ئەو ئارام لە نیو سەرینەکاندا پاڵکەوتبوو. بە ئاسوودەیی نووستبوو. تۆش بەڵێنت دابوو ئاگات لە منداڵەکە بێت.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، بەڵێنم دابوو. (دەنگی نزم دەکاتەوە) ئینجا تۆ، تۆ، تۆ هاتیت، - و زۆرت بۆ هێنام و فریوتدام.

**ڕیتا** خۆڕاگرانە تەماشایدەکات

ئاها، باشترە بڵێیت، کە تۆ هەم منداڵاکە و هەم هەموو شتێکی دیکەشت لە بیر چووەوە.

**ئەڵمەرش** بە توورەبوونێکی جەپارەدراوەوە

بەڵێ، ئەوە راستە. (هێواش) لە باوەشی تۆ دا – منداڵەکەم لەبیر چووەوە!

**ڕیتا** بە توورە بوونەوە

ئەڵفرێدا! ئەڵفرێد، - ئەو قسەیە لە تۆوە قێزەوەنە!

**ئەڵمەرش** هێواش، مشتەکانی بەرەو رووی دەنووقێنی

ئا لەو ساتەوەختەدا تۆ فەرمانی مەرگت بەسەر ئایۆڵفدا سەپان.

**ڕیتا** لە بارودۆخێکی نا ئاساییدا

تۆش! تۆش، - ئەگەر وابێ!

**ئەڵمەرش**

ئا بەڵێ، - داوای حیساب لە منیش بکە، - ئەگەر تۆ ئەوە دەخوازیت. ئێمە خۆمان تاوانبارکردووە، هەردووکمان. – ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەبەرئەوەش لە مەرگی ئایۆڵفدا پاداشتدانەوە هەبوو.

**ڕیتا**

پاداشت دانەوە؟

**ئەڵمەرش** بەدانبەخۆداگرتنێکی زیاترەوە

بەڵێ. فەرمان بەسەر من و تۆ شدا درا. ئێستا ئەوەتا ئەوە ئێمەین، پێ دەچێ مووستەهەقی ئەمە بین. [چوونکە] لە پەشیمانییەکی ترسنۆکانەی نهێنیدا، زارەترەک بووین لێی، ئەوکاتەی ئەو لە ژیاندا بوو. بەرگەی بینینی ئەو شتەمان نەدەگرت، - ئەوەی، ئەو ]بەهۆیەوە] دەبوایە خۆی پێ کێشبکات–

**ڕیتا** هێواش

دارشەقەکە.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، دروست ئەوە. – ئینجا ئەوەی، ئێمە لێرەدا دانیشتووین و بە خەم و ناسۆری ناو دەبەین، - هەر لۆمەی ویژدانە، ڕیتا. هیچی دیکە نییە.

**ڕیتا** چەواشەبووانە سەیری دەکات

پێموایە نزیکبوونەوەی ئێمە هەردووکمان لە شێتبوون، هەر دەبێ بچێتە خانەی بێ هیواییەوە. چونکە ئێمە هەرگیز، - هەرگیز ناتوانین دووبارە ئەوە ڕاست بکەینەوە.

**ئەڵمەرش** لە کەشێکی ئارامتردا

ئەمشەو خەوم بە ئایۆڵفەوە بینی. وابزانم، ئەوم بینی لە بەندەرەکەوە دەهاتە سەرێ. وەک کوڕەکانی دیکە، دەیتوانی ڕابکا. هیچی بەسەر نەهاتبوو. نە ئەمیان و نە ئەویان. ئەو ڕاستییە خنکێنەرە تەنها خەونێک بوو، بیرمکردەوە. ئۆ، چەند سوپاسم کرد و پیرۆزم کرد – (قسەکەی دەبڕێ) همـ -

**ڕیتا** تەماشای دەکات

هی کێ؟

**ئەڵمەرش** بەخۆدزینەوەوە

هی کێ -؟

**ڕیتا**

بەڵێ؛ تۆ کێت سوپاس کرد و پیرۆزت کرد؟

**ئەڵمەرش** بە ڕەتکردنەوەوە

من نووستبووم و خەونم دەبینی، گوێت لێیە –

**ڕیتا**

بۆ یەکێک، کە تۆ خۆت باوەڕت پێی نییە؟

**ئەڵمەرش**

ئێدی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئاوها بوو. من خەوتبووم –

**ڕیتا** بەسەرکۆنەکردنەوە

تۆ نە دەبوایە وام لێبکەیت گومانم لادروست بێت ، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش**

ئایا ئەوە شتێکی ڕاست دەبوو ، ئەگەر من بمهێشتبایە تۆ بە چەمک و تێگەیشتنی بەتاڵەوە ژیان بەسەربەریت؟

**ڕیتا**

ئەوە بۆ من باشتر بوو. چونکە ئەودەمە شتێکم دەبوو کە جێی متمانەم بێ. ئێستا لێرەدا دەیم و دەچم و سەر لە هیچ دەرناکەم.

**ئەڵمەرش** بە مۆڕەوە تەماشای دەکات

ئەگەر  ئێستا تۆ ئەو بژاردەیەت هەبووایە -. ئەگەر بتوانیبایە بچی بۆ لای ئایۆڵف بۆ ئەو شوێنەی، کە ئێستا ئەوی لێیە –

**ڕیتا**

بەڵێ؟ ئێ ئینجا؟

**ئەڵمەرش**

ئەگەر تۆ تەواو لەوە دڵنیابوویتایە، کە تۆ دووبارە ئەو دەدۆزیتەوە، - ئەو دەناسیتەوە، - لێی تێدەگەیت - ؟

**ڕیتا**

بەڵێ، باشە؛ دەی ئینجا چی؟

**ئەڵمەرش**

دەدویست خۆ بەخشانە ڕاکەیت بچیت بۆ لای؟ خۆبەخشانە واز لە هەموو شتێکی ئێرە بهێنیت؟ قیروسیا لە تەواوی ژیانی سەرزەوی بکەیت؟ دەتویست ئەوە بکەیت، ڕیتا؟

**ڕیتا** لەسەرخۆ

هەر ئێستا؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ؛ ئێستا ئەمڕۆ. ئا لەم کاتە دا. وەڵامی ئەوەم بدەرەوە. دەتویست ئەوە بکەیت؟

**ڕیتا** بە دوو دڵییەوە

ئۆ، نازانم، ئەڵفرێد. – نەخێر؛ لەو باوەڕەدام، پێش هەموو شتێ من دەخوازم هەندێ کات لێرە بمێنمەوە لەلای تۆ.

**ئەڵمەرش**

لەبەرخاتری من؟

**ڕیتا**

بەڵێ، تەنها لەبەر خاتری تۆ.

**ئەڵمەرش**

بەڵام ئەی دوای ئەوە؟ دەتویست ئەوە بکەیت -؟ وەڵام بدەرەوە!

**ڕیتا**

ئۆ، من چ وەڵامێکی ئەمە بدەمەوە؟ ئاخر من نەمدەتوانی تۆ بەجێ بهێڵم. هەرگیز! هەرگیز!

**ئەڵمەرش**

بەڵام ئەی ئەگەر ئێستا من بچم بۆ لای ئایۆڵف؟ ئینجا تۆش قەناعەتی تەواوت هەبووایە لەو بارەیەوە، کە تۆ لە وێ هەم ئەو و هەم منیش دەبینیت. ئەوسا دەتویست بێیت بۆ لامان؟

**ڕیتا**

بێگومان دەمویست. ئۆ، زۆر بە خۆشحاڵییەوە! زۆر بە خۆشحاڵییەوە! بەڵام –

**ئەڵمەرش**

ئێ؟

**ڕیتا** بەهێواشی هەناسە دەداتەوە

من نەم دەتوانی ئەوە بکەم، - هەستی پێدەکەم. نەخێر، نەخێر؛ بەهیچ شێوەیەک نەم دەتوانی ئەوە بکەم! تەنانەت لە پێناو هەموو شکۆمەندی ئاسمانیشدا نەم دەتوانی ئەوە بکەم!

**ئەڵمەرش**

منیش نەم دەتوانی.

**ڕیتا**

نەخێر، ئەی وانییە، ئەڵفرێد! تۆش، لەتواناتدا نەدەبوو ئەوە بکەیت!

**ئەڵمەرش**

نەخێر، چونکە لێرە، لە ژیانی سەر زەویدا، ئێمەی زیند و هەست بە شوێنی خۆمان دەکەین.

**ڕیتا**

بەڵێ، لێرە ئەو جۆرە بەختەوەریە هەیە، کە ئێمە تییدەگەین.

**ئەڵمەرش** ڕەشبینانە

ئۆ، بەختەوەری، - بەختەوەری، ها –

**ڕیتا**

تۆ دیارە مەبەستت ئەوەیە، کە بەختەوەری، - چیدی هەرگیز نادۆزینەوە. (بە پرسیارکردنەوە تەماشای دەکات) بەڵام ئەگەر -؟ (بەدەنگی بەرز) نەخێر، نەخێر؛ ناتوانم ئەوە بڵێم! ناتوانم هەر بیریشی لێبکەمەوە.

**ئەڵمەرش**

بـا، بیڵێ. دە بیڵێ، ڕیتا.

**ڕیتا** بە دوو دوڵییەوە

ناتوانین هەوڵی ئەوە بدەین -؟ ئایا ناکرێ، ئێمە ئەو لەبیرکەین؟

**ئەڵمەرش**

ئایۆڵف لەبیرکەین!

**ڕیتا**

مەبەستم ئەوەیە کە پەشیمانی و لۆمەی ویژدان لەبیرکەین.

**ئەڵمەرش**

تۆ ئەوە دەخوازیت؟

**ڕیتا**

بەڵێ. ئەگەر ئەوە بکرێت. (بە هەڵچوونەوە) چونکە من، - بەرگەی ئەمە ناگرم بۆ ماوەیەکی زۆر! ئۆهـ، ناتوانین شتێک بدۆزینەوە، کە لەبیرکردنی تێدا بێ؟

**ئەڵمەرش** سەربادەدات

ئەو شتە دەبێ چی بێ؟

**ڕیتا**

ناتوانین هەوڵی چوون بۆ سەفرێکی دوور بدەین؟

**ئەڵمەرش**

لێرە دوورکەوینەوە؟ تۆ، خۆ جگە لێرە هیچ شوێنێکی دیکەت تەواو پێخۆش نییە.

**ڕیتا**

ئێ، کەوابێ با خەڵکێکی زۆر بێن بۆ لامان؟ ماڵمان پڕ دۆست و میوان بێت. خۆمان بە شتێکەوە سەرقاڵکەین، کە بتوانێ [ئازارمان] کەم و هێور بکاتەوە.

**ئەڵمەرش**

ئەو جۆرە ژیانە لەگەڵ مندا ناگونجێ. – نەخێر، - باشترە هەوڵبدەم دووبارە خەریکی کارەکەی خۆم ببمەوە.

**ڕیتا** بە مۆڕەلێکردنەوە

کارەکەت؟ ئەو کارەی، هەمووجارێک وەک بەربەست و دیوار کەوتووەتە نێوانمانەوە؟

**ئەڵمەرش** لەسەرخۆ، بەچاوی زەقەوە تەماشای دەکات

لێرە بەدواوە دەبێ هەمیشە بەربەست و دیوار لە نێوانماندا بێ.

**ڕیتا**

بۆچی دەبێ وابێ -؟

**ئەڵمەرش**

کێ دەزانێ، داخوا چاوی گەورە و کراوەی منداڵێک شەو و ڕۆژ لێمان ناڕوانێ؟

**ڕیتا** لەسەرخۆ، ترس لێنیشتوانە

ئەڵفرێد، - بیرکردنەوە لەمە ترسناکە!

**ئەڵمەرش**

خۆشەویستیمان وەک ئاگرێکی سووتێنەر بوو. ئێستا ئیدی پێویستە بکوژێتەوە –

**ڕیتا** بەرەو ڕووی دەچێ

بکوژێتەوە!

**ئەڵمەرش** ڕەق

لە یەکێکماندا - کوژاوەتەوە.

**ڕیتا** وەک ئەوەی بوبێ بەبەرد

تۆ دەوێریت ئەوەم پێ بڵێیت!

**ئەڵمەرش** هێورترانە

مردووە، ڕیتا. بەڵام لەوەدا، کە من ئێستا وەک لە بەشداری تاوان و تۆبەدا هەست بە تۆ دەکەم، - لەوەدا وەک بڵێی سەرهەڵدانەوەیەکی [غەیرە خۆشەویستی] بەدیدەکەم –

**ڕیتا** توندوتیژانە

ها، من گوێ بە سەرهەڵدانەوەی شتێکی [غەیرە خۆشەویستی] نادەم!

**ئەڵمەرش**

ڕیتا!

**ڕیتا**

من [کەسێکی] لەمرۆڤبووی خوێنگەرمم، من! خەواڵوانە، - بێ هەست و سست نایەم و ناچم.
(دەستەکانی هەڵدەگلۆفێ) ئینجا بۆ هەتاهەتایش بکرێمە زیندانەوە – لە پەشیمانی و لۆمەی ویژدان دا!
لەگەڵ کەسێکیشدا زیندانبم، کە ئەو چیدی هی من، هی من ،هی من نییە!

**ئەڵمەرش**

هەردەبوو جارێک لە جاران کۆتایی بهاتبا، ڕیتا.

**ڕیتا**

ئەوەی، کە لە جۆرە ژوانێکی خۆشەویستیدا لە نیوان ئێمەدا دەستی پێ کرد! دەبوو ئەوە کۆتای پێ

**ئەڵمەرش**

هەر لەسەرەتاوە خۆشەویستیم لەبەپیرەوەچوونەوە نە بووە.

**ڕیتا**

لەسەرەتا دا تۆ چ هەستێکت بەرامبەر من هەبوو؟

**ئەڵمەرش**

ترس.

**ڕیتا**

لەوە تێدەگەم. بەڵام ئەی چۆن لەگەڵ ئەوەشدا من تۆم بەدەست هانی؟

**ئەڵمەرش** بە هێواشی

تۆ هێجگار زۆر جوان بوویت، ڕیتا.

**ڕیتا** بە چاوی هەڵسەنگاندنەوە تەماشای دەکات

کەواتە تەنها ئەوە بوو؟ قسەبکە، ئەڵفرێد! هەرتەنها ئەوە بوو؟

**ئەڵمەرش** بە زۆر لەخۆکردنەوە

نەخێر؛ شتێکیش لەپاڵ ئەوە دا هەبوو.

**ڕیتا** بە کتوپڕ هەست دەربڕینەوە

من دەزانم، ئەو شتە چی بوو! ئەوە < دەوڵەمەندی و شکۆمەندی> بوو، وەک تۆ خۆت دەیڵێیت. وابوو، ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ

**ڕیتا** قوڵ و بەسەرزەنشتکردنەوە تەماشای دەکات

چۆن توانیت، - چۆن تۆ توانیت ئەوە بکەیت!

**ئەڵمەرش**

من ئاستام هەبوو بیرم لەوە بۆ بکاتەوە.

**ڕیتا** بە تووڕەییەوە

ئاستا، بەڵێ! (بە تووڕەییەوە) کەوابێ لە بنەڕەتەوە ئەوەی، کە ئێمە هەرودووکمانی پێکەوە کۆکردووەتەوە ئاستا بووە.

**ئەڵمەرش**

ئەو خۆی هیچ بەوە نازانێ. ئەو ئەمرۆشی لەگەڵدا بێ ئاگای لەو شتە نییە.

**ڕیتا** بە ڕەتکردنەوەوە

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئاستا بووە! (بە گاڵتە پێهاتن و بە بەتیلەی چاو تەماشاکردنەوە پێدەکەنێ) یان نەخێر، - ئەوە ئایۆڵفی بچکۆلانە بووە. ئایۆڵفی بچکۆلانە، ها!

**ئەڵمەرش**

ئایۆڵف -؟

**ڕیتا**

بەڵێ، ئەی تۆ پێشان ئەوت بە ئایۆڵف بانگ نەدەکرد؟ وابزانم، تۆ جارێکیان خۆت وات گوت، - لە کاتێکی نهێنی دا. (دەچێتە نزیکییەوە) تۆ – ئەو کاتە هێجگار سەرنج ڕاکێشەت بیر دێتەوە، ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش** دەچێتە دواوە، وەک لە ترساندابێ وا

من هیچم بیر نایەتەوە! ناخوازم هیچم بیر بێتەوە!

**ڕیتا** بەرورووی دەچێ

ئەوە لەو کاتەدا بوو، - کە ئایۆڵفە بچکۆلەکەی دیکەت پەکی کەوتبوو!

**ئەڵمەرش** بەربووەتەوە، خۆی بە مێزەکەوە دەگرێ

تۆڵەکردنەوە.

**ڕیتا** هەرەشەئامێزانە

بەڵێ، تۆڵەکردنەوە!

ئاستا و بۆرگهایم لە ژووری کەشتییەکەوە دەگەڕێنەوە. ئاستا هەندێ گوڵە سۆسەنی ئاوی بەدەستەوەیە.

**ڕیتا** دان بەخۆداگرتووانە

ئێ، ئاستا، - تۆ و جەنابی بۆرگهایم پێکەوە بە تەواوەتی قسەتانکرد؟

**ئاستا**

ئا بەڵێ، - هەتاڕادەیەک.

ئاستا چەترەکەی دادەنێ و گوڵەکان دەخاتە سەرکورسییەک.

**بۆرگهایم**

خاتوو ئاستا لەپیاسەکەماندا هێجگار کەمدوو بوو .

**ڕیتا**

نـا، کەم دوو بوو؟ بەڵێ، من و ئەڵفرێد بەتەواوەتی و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوەانە پێکەوە قسەمانکرد –

**ئاستا** بە گونجاکاوییەوە سەیری هەردووکیان دەکات

ئەوە چییە -؟

**ڕیتا**

ـ ئێدی ئەوە بۆ تەواوی ژیان یەکلابووەتەوە، من دەڵێم. (قسەی بەسەردا دەهێنێ) بەڵام وەرن با ئێمە هەرچوارمان بچینە سەرەوە. پێویستە ئێمە لەمەودوا خەڵکمان بەدەورەوە بێ. ئەڵفرێد و من بە تەنیا بۆمان هەڵناسوڕێ.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، ئێوە، لە پێشەوە بڕۆن. ( ئاوورِدەداتەوە) بەڵام تۆ پێویستە من قسەیەکت لەگەڵ بکەم، ئاستا.

**ڕیتا** تەماشای دەکات

ئاوها؟ - ئێ بەڵێ، ئێوە لەگەڵ من وەرن، جەنابی بۆرگهایم.

ڕیتا و بۆرگهایم لە ڕێگەباریکەکەی دارستانەکەوە بەرەو سەروە دەچن.

**ئاستا** بە ترسەوە

ئەڵفرێد، چی ڕوویداوە!

**ئەڵمەرش** خەمبارانە

ئەوەیە، کە من چیدی لیرە تاقەتناگرم.

**ئاستا**

لێرە! مەبەستت، لەگەڵ ڕیتا؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ. من و ڕیتا لەسەر پێکەوە ژیان ناتوانین بەردەوامبین.

**ئاستا** قۆڵی ئەڵمەرش ڕادەوەشێنێ

بەڵام، ئەڵفرێد، - شتی هێندە ترسناک مەڵێ!

**ئەڵمەرش**

ئەوەی کە دەیڵێم، ڕاستە. ئێمە لیرە یەکدی نابووت و ناشرین دەکەین.

**ئاستا** بە ئازارەوە

ئۆهـ، هەرگیز،- هەرگیز من هەستم بەشتی وا نەکردووە!

**ئەڵمەرش**

منیش هەتا ئەمڕۆ بەوەم نەزانیبوو.

**ئاستا**

ئینجا تۆ ئێستا دەخوازیت -! بەڵێ، بەڕاستی ئەڵفرێد، تۆ چی دەخوازیت؟

**ئەڵمەرش**

من دەخوازم ئێرە بەجێبهێڵم. دوور لە هەموو شتێ.

**ئاستا**

ئینجا پاشان تەواو لە دنیادا بە تەنیا بمێنیتەوە؟

**ئەڵمەرش** سەردەلەقێنێ

هەروەکو جاران، بەڵێ.

**ئاستا**

بەڵام تۆ بۆ بەتەنیا مانەوە ناشێیت!

**ئەڵمەرش**

با. بەهەرحاڵ جاران بە تەنیا بووم.

**ئاستا**

بەڵێ جاران، بەڵێ. ئەوسا منت لا بووم.

**ئەڵمەرش** دەخوازێ دەستی بگرێ

بەڵێ. ئەوە تۆیت، کە من ئێستا دووبارە پەنای بۆ دەبەمەوە، ئاستا.

**ئەستا** لێی دووردەکەوێتەوە

بۆ لای من! نەخێر، نەخێر، ئەڵفرێد! ئەوە هێجگار مەحاڵە.

**ئەڵمەرش** دژوارانە تەماشای دەکات

کەواتە دواجار بۆرکهایم بەربەستە؟

**ئاستا** بەویستەوە

نەخێر، نەخێر؛ ئەو بەربەست نییە! تۆ لە وەدا هەڵەیت!

**ئەڵمەرش**

چاکە. کەواتە من دێم بۆ لای تۆ، - تۆ خوشکە، هەرە ئازیزەکەم. من دەبێ دووبارە بێمەوە بۆ لای تۆ. بۆ ماڵەوە بۆ لای تۆ لەپێناو پاکبوونەوە و جوامێربوونەوە لە پێکەوەژیان لەگەڵ –

**ئاستا** نائارامانە

ئەڵفرێد، - تۆ بەرامبەر ڕیتا خۆت گوناهبار دەکەیت!

**ئەڵمەرش**

من خۆم گونهابار کردووە بەرامبەر بە ئەو. بەڵام لەمەیاندا نا. ئۆ، بەڕاستی بیری لێ بکەرەوە، ئەستا! پێکەوە ژیانکردنی نێوان من و تۆ چۆن چۆنی نەبوو؟ ئایا لە سەرتاوە تا کۆتایی [ژیانمان] وەک ڕۆژی جەژنی پیرۆز نەبوو؟

**ئاستا**

با، وابوو، ئەڵفرێد. بەڵام ژیانکردن بەو شێوە دووبارە مەحاڵە.

**ئەڵمەرش** بەتووڕەییەوە

تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە هاوسەرگیریکردنم تا ئاستی چاکنەبوونەوە منی گەندەڵکردووە؟

**ئاستا** ئارام

نەخێر، مەبەستم ئەوە نییە.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، کەواتە ئێمە هەردووکمان دەخوازین دووبارە ژیانی جارانمان بژین.

**ئاستا** بڕیاردەرانە

ناتوانین ئەوە بکەین، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش**

با، دەتوانین. لە پێناو خۆشەویستی خوشک و برایەتی دا –

**ئاستا** بەگرژی

ئەوە چییە؟

**ئەڵمەرش**

ئەوە تەنها پەیوەندییە، کە ناکەوێتە ژێر یاسای گۆڕانکارییەوە.

**ئاستا** هێواش، بەهەڵ لەرزینەوە

بەڵام ئەی ئەگەر ئەو پەیوەندییە ئێستا چیدی –

**ئەڵمەرش**

چیدی -؟

**ئاستا**

ـ چیدی پەیوەندی خوشک و برایەتی نەبێ؟

**ئەڵمەرش** بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکات

هی خوشک و برایەتی نەبێ؟ ئازیزم، مەبەستت چییە لەوە؟

**ئاستا**

باشترە کە من هەرئێستا یەکسەر پێت بڵێم، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، بەڵێ، دە پێم بڵێ!

**ئاستا**

نامەکانی دایکم -. ئەوانەی کە لە فایلەکەدان –

**ئەڵمەرش**

ئێ؟

**ئاستا**

ئەوانە بەرە بیانخوێنەرەوە – کە من سەفەرمکرد.

**ئەڵمەرش**

بۆچی بیانخوێنمەوە؟

**ئاستا** بە لەگەڵ خۆدا ململانێوە

با، چونکە تۆ ئەوسا دەبینیت، کە –

**ئەڵمەرش**

ئێ!

**ئاستا**

ـ کە من مافی هەڵگرتنی ناوی باوکتم – نییە.

**ئەڵمەرش** بەداچڵەکانەوە

ئاستا! ئەوە تۆ دەڵێی، چی!

**ئاستا**

نامەکان بخوێنەرەوە. تۆ ئەوە دەبینی و تێدەگەیت. – و ڕەنگە لێ بووردنیشت – بۆ دایکم هەبێت.

**ئەڵمەرش**

من ناتوانم لەمە تێبگەم. بیرم کۆبکەمەوە. تۆ، ئاستا، - لەبەرئەوە تۆ نابێت –

**ئاستا**

ئەڵفرێد، تۆ برام نیت.

**ئەڵمەرش** بە پەلە، بە نیوە عینادییەکەوە، تەماشای دەکات

بەڵام، ئەوە ئێستا لە ڕاستیدا چی لە پەیوەندی نێوانمان دەگۆڕێ؟ بە ڕاهایی هیچ.

**ئاستا** سەربادەدات

هەموو شتێک دەگۆڕێ، ئەڵفرێد. پەیوەندی ئێمە خوشک و برایانە نییە.

**ئەڵمەرش**

نەخێر – نەخێر. لەبەرئەوە ئەوە پیرۆزە. هەمیشەش بەهەمان شێوە پیرۆز دەمێنیتەوە.

**ئاستا**

بیرت نەچێ، - کە ئەوە دەکەوێتە ژێر یاسای گۆرانکارییەوە، - وەک تۆ ئێستا تازە گوتت.

**ئەڵمەرش** بە لێ وورد بوونەوە تەماشای دەکات

کەوابوو تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە -؟

**ئاستا** بێدەنگ، جوست و چالاکانە دەبزوێ

پێویست بە یەک وشە زیاتر ناکات، - تۆ ئالفرێدە، هەرە ئازیزەکەم. – (گوڵەکان لەسەر کورسییەکە هەڵدەگرێ) ئەم گوڵە نیلوفەرانە دەبینی؟

**ئەڵمەرش** هێواش سەر دەلەقێنێ

ئەمانە لەو جۆرانەن، کە لە بنەوە لە قوڵاییەوە، - سەرهەڵدەدەن.

**ئاستا**

لە زۆنگاوەکەم چنینەوە. لەو شوێنەدا، کە لە تەنگەڵانەکە جیا دەبێتەوە. ( گولەکانی بۆ ڕادەگرێ) ئەم گوڵانەت دەوێت، ئەڵفرێد؟

**ئەڵمەرش** وەریاندەگرێ

سوپاس.

**ئاستا** بەچاوی پڕ لە گریانەوە

ئەوانە وەک دواهەمین سڵاون بۆ تۆ لە – لە ئایۆڵفی بچکۆلەوە.

**ئەڵمەرش** تەماشای دەکات

لە ئایۆڵفی دەرەوە؟ یان لە خۆتەوە؟

**ئاستا** هێواش

لە هەردووکمانەوە. (چەترەکەی هەڵدەگرێ) وەرە سەرەوە بۆ لای ڕیتا.

لە باریکە ڕێگاکەی دارستانەکەوە سەردەکەوێ

**ئەڵمەرش** شەبقەکەی لەسەر مێزەکە دەهێنێ و قایم دەچرپێنی

ئاستا. ئایۆڵف. ئایۆڵفی بچکۆلە -!

بە باریکە ڕێگەکەدا سەردەکەوێ.

## دیمەنی سێیەم

بەرزاییەکی دەوەن لێڕواو لە باخچەکەی ئەڵمەرش دا. لێژاییەکی مێردڕەوەدار[9] بەرەو دواوە و لای چەپ پلیکانەیەک بۆ لێچوونە خوارەوە. دیمەنگەیەکی بەرفراوانی کەنداوەکە، کە دەکەوێتە قوڵاییەوە لە خوارەوە. لەتەنیشت مێردڕەوەکەوە ستونێکی پەتداری ئاڵا لەسەر هەڵکردنی بێ ئاڵا. لە بەشی پێشەوەی لای ڕاستدا پاڤیلیۆنێکی[10]، بە خەلەنگی هەڵچو و ڕووەکی لاولاو داپۆشراوە. کورسییەکی نێو باخچە لە دەرەوەی پاڤیلۆنەکەدایە. ئێوارەیەکی هاوینەی ئاسمان ڕوونە. [بەرەبەرە] زیادبوونی نیوە تاریکی.

[9] مێردڕەوە: مەحەجەرە. هەنبانە بۆرینە، هەژار. وەرگێر

[10]

ئاستا لەسەر کورسییەکە دانیشتووە و دەستەکانی وان لە باوەشی دا. باڵاپۆشە و شەپقەی لەسەردایە، چەتری خۆ لەخۆر پاراستنەکەشی لە تەنیشتەوەیە و جانتایەکی سەفەرکردنی بچکۆلانەشی بە قایشێکەوە لە شاندایە.

**بێرگهایم** لە دواوە لەلای چەپەوە دێتە سەرەوە. ئەویش جانتایەکی سەفرکردنی لە شاندایە. ئاڵایەکی پێچراوەشی بەدەستەوەیە.

**بێرگهایم** ئاستا دەبینێ

ئۆ، کەواتە شوێنی ئێوە لێرە لەسەرەوە ئێرەیە؟

**ئاستا**

دانیشتووم و بۆ دواجار تەماشای پێشەوە دەکەم.

**بۆرگهایم**

کەوابێ باش بوو، هاتم سەیری سەروەشمکرد.

**ئاستا**

بۆ بەدوای مندا دەگەڕان؟

**بۆرگهایم**

بەڵێ. بەدواتاندا دەگەڕام. دەمویست پێتان بڵێم خواتان لەگەڵ – بۆ ئەمجارە. نەک بۆ دواجار، هیوادارم.

**ئاستا** زەردەخەنەیەکی هێواش دەیگرێ.

بەدەستوبردن، ئێوە.

**بۆرگهایم**

کەسی ڕەچەشکێن پێویستە وابێ.

**ئاستا**

ئەڵفرێد – تان بینی؟ یان ڕیتا؟

**بۆرگهایم**

بەڵێ، هەردووکیانم بینی.

**ئاستا**

پێکەوە؟

**بۆرگهایم**

نەخێر. هەریەکە لە شوێنی خۆی.

**ئاستا**

دەخوازن چی لەو ئاڵایە بکەن؟

**بۆرگهایم**

ڕیتا خانم داوای لێکردم بێمە سەرەوە و هەڵیکەم.

**ئاستا**

ئاڵا هەڵکەن؟

**بۆرگهایم**

تا نیوەی ستونەکە. گوتی، دەبێ بە شەو و بە ڕۆژ بشەکێتەوە.

**ئاستا** ئاخێک هەڵدەکێشێ

ڕیتای داماو. ئەڵفرێدی داماو.

**بۆرگهایم** خەریکی ئاڵاکە دەبێ

دڵتان دێ بە جێیان بهێڵن؟ بەڵێ، دەپرسم. لەبەرئەوەی دەبینم، ئێوە خۆتان بۆسەفەر ئامادەکردووە.

**ئاستا** بەدەنگێکی نەوی

دەبێ سەفەربکەم.

**بۆرگهایم**

بەڵێ، ئەگەر وابێ، کەواتە –

**ئاستا**

خۆ ئێوەش ئەم شەو سەفەردەکەن.

**بۆرگهیام**

منیش دەبێ سەفەربکەم. من بە شەمەندەفەر سەفەردەکەم. ئەی ئێوەش بە شەمەندەفەر سەفەردەکەن؟

**ئاستا**

نەخێر. من بە کەشتییە هەڵمینیەکە سەفەردەکەم.

**بۆرگهایم** بە دزە نیگایەکەوە

کەوابوو هەریەکە بەڕێگای خۆیدا.

**ئاستا**

بەڵێ.

ئاستا دانیشتووە و سەیردەکات، هەتا ئەو بە نیوەیی ئاڵاکە هەڵدەکات. کە لێدەبێتەوە، دەچێ بۆ لای ئاستا.

**بۆرگهایم**

خاتوو ئاستا، - ئێوە نازانن، من چەند بۆ ئایۆڵفی بچکۆلە غەمگینم.

**ئاستا** سەرهەڵدەبڕێ و تەماشای دەکات

بەڵێ، دڵنیام، ئێوە بۆی غەمگینن.

**بۆرگهایم**

ئەوەش هێجگار بە ئازارە. چونکە لە بنەڕەتتدا خەم خواردن خاسییەتی من نییە.

**ئاستا** چاو دەبڕێتە ئاڵاکە

بە تێپەڕبوونی کات، هەمووی پیکەوە، غەمەکان هەمووی – کۆتایی دێت.

**بۆرگهایم**

هەمووی؟ لەو باوەڕەدان؟

**ئاستا**

وەک ڕێژنە بارانێک. هەرئەوەندەی دوورکەوتنەوە، ئێدی –

**بۆرگهایم**

پێویستە دوورکەوتنەوەیەکی زۆر دوور بێت.

**ئاستا**

ئینجا ئێوە ئەو کارە نوێیەشتان هەیە، پرۆژەی ڕێگە سازییەکە.

**بۆرگهایم**

بەڵام کەس نییە لەوەدا یارمەتیم بدا.

**ئاستا**

با بە دڵنیاییەوە ئێوە هەتانە.

**بۆرگهایم** سەربادەدات

هیچ کەس. هیچ کەسێک نییە ئەو دڵخۆشییەیی لەگەڵدا بەشبکەم. چونکە مەسلەکە زیاتر دڵخۆشییەکەیە.

**ئاستا**

نەک زەحمەت و ناڕەحەتی؟

**بۆرگهایم**

نا- بێگومان ئەو جۆرە شتانە مرۆڤ دەتوانێ بەتەنیا بەسەریاندا زاڵ بێ.

**ئاستا**

بەڵام دڵخۆشییەکە، - ئەوەیان دەبێ لەگەڵ کەسێکدا بەشکرێ، بە ڕای ئێوە؟

**بۆرگهایم**

بەڵێ، ئەی ئەگینا چ خۆشبەختییەک لە دڵخۆشبووندا هەیە؟

**ئاستا**

ئۆ نەخێر، - ڕەنگە شتێک لەوەدا هەبێ.

**بۆرگهایم**

ئێ، بێگومان کەسێک دەتوانێ بۆ ماوەیەک لە ناخی خۆیدا دڵخۆش بێ. بەڵام ئەوە درێژخایان نابێ. نەخێر، دڵخۆشی، پێویستە دووان بەشدار بن تێیدا.

**ئاستا**

هەمیشە هەر دووان؟ هەرگیز نەبن بە چەند کەسێک؟ هەرگیز زۆر نەبن؟

**بێرگهایم**

ئێستا، سەیرکە، - ئێستا ئەوە بە شێوەیەکی دی، وایە. – خاتوو ئاستا، - ئایا ئێوە بەڕاستی ناتوانن بڕیار بدەن کە خۆشبەختی و خۆشی و – زەحمەت و ناڕەحەتی لەگەڵ یەکێک، - تەنها لەگەڵ کەسێک بە تەنیا، بەش بکەن؟

**ئاستا**

من جارێک – هەوڵی ئەوەم داوە.

**بێرگهایم**

هەوڵی ئەوتان داوە!

**ئاستا**

بەڵێ، لەهەموو ئەو ماوەیەی کە براکەم، - کە ئەڵفرێد و من پێکەوە دەژیاین.

**بۆرگهایم**

ئێ، لەگەڵ براکەتاندا، بەڵێ. ئەوە ئێدی شتێکی زۆر جیاوازە. من پێموایە ئەوە دەبی پێی بگوترێ ئاشتی زیاتر تا خۆشبەختی. ئەوە.

**ئاستا**

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە خۆش بوو.

**بۆرگهایم**

بەڵێ، سەیرکە، - ئینجا ئێوە پێتانوایە هەر تەنها ئەو شتە خۆش بووە. ئینجا بیربکەرەوە، - ئێستا ئەگەر ئەو براتان نەبووایە.

**ئاستا** دەخوازێ هەستێ بەڵام هەر لەباری دانیشتندا دەمێنێتەوە

ئینجا ئاخر خۆ ئێمە هەرگیز پێکەوە نەژیاین. چونکە من ئەوسا منداڵ بووم. تاڕادەیەک ئەویش.

**بۆرگهایم** کەمێک دوای ئەو قسەیە

بۆ ئەوە هێندە خۆش بوو، ئەو کاتە؟

**ئاستا**

بەڵێ، باوەڕکەن، خۆش بوو.

**بۆرگهایم**

بۆ ئێوە ئەوسا هیچ خۆشی و خۆشبەختیەکی ڕاستەقینەتان ئەزموونکرد؟

**ئاستا**

ئا بەڵێ، هێجگار زۆر. هێند زۆر کە لە باوەڕدانییە.

**بۆرگهایم**

کەمێکم لەو بارەیەوە بۆ باسکە، خاتوو ئاستا.

**ئاستا**

تەنها شتگەلێکی بچووک لە بنەڕەتتدا.

**بۆرگهایم**

وەکو -؟ ها؟

**ئاستا**

وەکو ئەو کاتەی، ئەڵفرێد تاقیکردنەوەی [قوتابخانەی] ئەنجامدابوو. زۆر بەباشی تێیدا سەرکەوتوو بوو. کاتێکیش، ووردە ووردە کاری لە هەندێ قوتابخانە وەرگرت. یان کاتێک دادەنیشت و گوتارێکی دەنووسی. ئینجا بۆی دەخوێندمەوە. دواتریش ئەو گوتارە لە گۆڤارێکدا چاپ دەبوو.

**بۆرگهایم**

بەڵێ، بێگومان دەزانم، دەبێ ئەوە ژیانێکی خۆش و ئاشتیانە بووبێ. دووان، خوشک و برایەک، کە دڵخۆشی بەش دەکەن. (سەربادەدات) تێناگەم، کە چۆن ئەو برایەتان توانی دەست بەرداری ئێوە بێ، ئاستا!

**ئاستا** بە جوڵەیەکی سەرکوتکراوەوە

ئەڵفرێد هاوسەرگیری کرد، ئیتر.

**بۆرگهایم**

ئەی ئەوە بۆ ئێوە دژوار نەبوو؟

**ئاستا**

با؛ لەسەرەتادا. یەکسەر پێموابوو، کە بە تەواوەتی ئەوم لەدەست داوە.

**بۆرگهایم**

بەڵام، خۆشبەختانە، ئەوە وا نەبوو.

**ئاستا**

نەخێر.

**بۆرگهایم**

بەڵام بەهەرحاڵ. ئەو توانی ئەوە بکا. مەبەستم، هاوسەرگیری بکا. کاتێک ئەو دەیتوانی ئێوە بەتەنیا لای خۆی بهێڵێتەوە!

**ئاستا** سەیری بەردەمی خۆیدەکات

ڕەنگە ئەو کەوتبێتە ژێر یاسای گۆڕانکارییەوە، لەوباوەڕەدام.

**بۆرگهایم**

یاسای گۆڕانکاری؟

**ئاستا**

ئەڵفرێد بەو شێوەیە ناوی دەبا.

**بۆرگهایم**

تەح، - یاسایەکی ئاوها گەمژانە، کە هەردەبێ واشبێ! من یەک زەڕە باوەڕم بەو یاسایە نییە.

**ئاستا** هەڵدەسێتە سەرپێ

بە تێپەڕبوونی کات بێگومان ئێوەش باوەڕ بەوە دەهێنن.

**بۆرگهایم**

بە هیچ شێوەیەک! (بەپەرۆشەوە) بەڵام گوێبگرە، خاتوو ئاستا! ئێستا – بۆ تەنها جارێک – ژیربە. مەبەستم، لەم باسە دا –

**ئاستا** بە قسە پێ بڕینەوە

نا نەخێر، نەخێر، - لێگەڕێ با ئێمە دووبارە نەچینەوە نێو ئەو باسە!

**بۆرگهایم** هەر وەک پێشوو

با، ئاستا، - مەحاڵە من وا بە ئاسانی دەست بەردارتان ببم. ئێستا براکەتان هەموو ئەوەی دەستگیر بووە، وەک ئەوەی کە خۆی دەیویست. بە ئەندازەی پێویست ڕەزامەندانە بەبێ ئێوە ژیانی خۆی دەکات. بەهیچ شێوەیەک تاسەتان ناکات. – و پاشان ئەوە – ئەوەی کە، کە تەنها کتوپڕ ژیانی ئێوە هەمووی لێرە گۆڕانی بەسەردا دێ –

**ئاستا** هەڵدەلەرزێ

مەبەستان چییە لەوە؟

**بۆرگهایم**

ئەو منداڵەی نەماوە. ئێدی چیتر؟

**ئاستا** خۆی دەگرێ

ئایۆڵفی بچکۆلە نەماوە، بەڵێ.

**بۆرگهایم**

ئێدی ئێوە بەڕاستی لێرە چیتان هەیە بیکەن؟ ئێوە چیدی ئەو کوڕە داماوە بچکۆلەیەشتان نییە تا ئاگاداری بن. هیچ ئەرکێکتان لەسەر نییە، - هیچ ئەرکێکتان لە هیچ ئاڕاستەیەکەوە لێرە نییە –

**ئاستا**

نا، بۆرگهایمی ئازیز، داواتان لێدەکەم - هێندە بە سەختی گوشارم بۆ مەهەێنن!

**بۆرگهایم**

با؛ دەبێ من دێوانە بم ئێدی، گەر تا ئەوپەڕی هەوڵی خۆم نەدەم. ڕۆژێک لە ڕۆژان شارەکە بەجێدێڵم. ڕەنگە من لەوێ چاوم پێتان نەکەوێ. ڕەنگە من دووبارە ئێوە بۆ ماوەیەکی زۆر زۆر نە بینمەوە. کێ دەزانێ، لەو ماوەیەدا چی ڕوودەدات؟

**ئاستا** بە شیوەیەکی جیدی زەردەخەنە دەیگرێ

لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە دەڵێی لە یاسای گۆڕان بەسەردا هاتن دەترسن؟

**بۆرگهایم**

نەخێر، بەهیچ شێوەیەک من ناترسم. (پەست پێدەکەنێ) ئینجا ئەوە هیچ شتێکیش ناگۆڕێ. مەبەستم، لەلای ئێوە. چونکە ئێوە هێندە لەخەمی مندا نین، دەزانم.

**ئاستا**

ئێوە باش دەزانن، من لە خەمی ئێوەدام.

**بۆرگهایم**

بەڵێ، بەڵام بەئەندازەی پێویست نا. بەو شیوەیە نا، کە من دەمەوێ. (توندتر) خوای گەورە، ئاستا، - خاتوو ئاستا، - ئەمە زۆر هەڵەیە لە ئێوەوە، هەتا بڵێی! ڕەنگە تەواوی بەختەوەری ژیان لە کەمێکی ئەمڕۆ و سبیەنێدا چاوەڕوانی ئێمە بێ. ئینجا ئێمەش بەجێیدەهێڵین! ئەی لەوە پەشیمان نابینەوە، ئاستا؟

**ئاستا** بەهێواشی

نازانم. بەڵام با ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەگەرە ڕوونەکان واز لێ بێنین.

**بۆرگهایم** بە دان بەخۆداگرتنەوە تەماشای دەکات

کەوابوو من هەر بە تەنیا هەموو ڕێگەکانم دروستکەم؟

**ئاستا** بەگەرمییەوە

ئای، گەر بە ڕاستی من بمتوانیایە لەوەدا لەگەڵتان بم! لەو ناڕەحەتیەدا یارمەتیم بدانایە. دڵخۆشیم لەگەڵتان بەشبکردایە –

بۆرگهایم

ئەگەر بتان توانیبا، - دەتان ویست ئەوە بکەن؟

ئاستا

بەڵێ. [ئەگەر بمتوانیایە] ئەوسا دەمویست ئەوە بکەم.

**بۆرگهایم**

بەڵام ئێوە ناتوانن؟

**ئاستا** تەماشای بەردەمی خۆی دەکات

باشە ئێوە بە نیوەی من ڕازی دەبن؟

**بۆرگهایم**

نەخێر. دەبێ من بەتەواوی خاوەنی سەرتاپای ئێوە بم.

ئاستا تەماشای دەکات و بە هێواشی دەڵێ

کەوابوو من ناتوانم.

بۆرگهایم

ئێدی خوات لەگەڵ، خاتوو ئاستا.

ئەو دەخوازێ بڕوا. لە دواوە ئەڵمەرش لەلای چەپەوە دێتە سەرەوە. بۆرگهایم دەوەستێ.

**ئەڵمەرش** هێشتا لەنزیک ئەو شوێنەیە کە لێوەی سەرکەوتوە، کزۆڵە، بە پەنجە ئیشارەت دەکات

ڕیتا لە پاڤیلۆنەکەدا دانیشتووە؟

**بۆرگهایم**

نەخێر؛ لە خاتوو ئاستا زیاتر کەسی دی لێرە نییە.

**ئەڵمەرش** نزیک دەبێتەوە.

**ئاستا** بەرەو رووی دەچێ

بچمە خوارەوە و بەدوایدا بگەڕێم؟ بەڵکم بیهنمە سەرەوە بۆ ئێرە؟

ئەڵمەرش بە نەهێشتنەوە

نەخێر، نەخێر، نەخێر، - لێیگەڕێ. (ڕووەو بۆرگهایم) ئێوە ئەو ئاڵایەتان هەڵکرد؟

**بۆرگهایم**

بەڵی. ڕیتا خانم داوای لێکردم. لەبەرئەوە من هاتمە سەرەوە.

**ئەڵمەرش**

ئێوەش ئەم شەو سەفەردەکەن؟

**بۆرگهایم**

بەڵێ. ئەم شەو بەجیدی سەفەر دەکەم.

**ئەڵمەرش** نیگایەکی ئاستا دەکات

وەک تێبگەم، هاوسەفەرێکی باشتان بۆ خۆتان مسۆگەر کردووە.

**بۆرگهایم** سەر با دەدات

من بەتەنیا سەفەردەکەم.

**ئەڵمەرش** وورد دەبێتەوە

بەتەنیا!

**بۆرگهایم**

تەواو بە تەنیا.

**ئەڵمەرش** هەوەس پەرتانە

بەڕاست؟

**بۆرگهایم**

ئینجا هەر بە تەنیاش دەمێنمەوە.

**ئەڵمەرش**

لە بە تەنیا مانەوەدا شتێکی مەترسیدار هەیە. وەک ئەوەی تەزوویەکی سارد بە گیانمدا بێ –

**ئاستا**

ئا ئەڵفرێد، بەڵام خۆ تۆ بە تەنیا نیت!

**ئەڵمەرش**

دەشێ شتێکی ترسناکیش لەوەدا بوونی هەبێ، ئاستا.

**ئاستا** بە دەڵ تەنگییەوە

ئۆ، وا مەڵێ ئیتر! وا بیرمەکەرەوە!

**ئەڵمەرش** بەبێ ئەوەی گوێی لێبگرێ

بەڵام تۆ کە لەگەڵ ئەودا سەفەر ناکەیت -؟ کە بە هیچ شتێکەوە پەیوەست نیت؟ ئەی بۆچی ناتەوێت ئیتر لێرە لەلای من – و ڕیتا بمێنیتەوە؟

**ئاستا** نائارام

نەخێر، چونکە ناتوانم. من زۆر زەروورم دەبێ ئێستا بڕۆم بۆ شار.

**ئەڵمەرش**

بەڵام هەر بۆ ناو شار، ئاستا. گوێت لێیە!

**ئاستا**

بەڵێ.

**ئەڵمەرش**

ئینجا بەڵێنیشم پێدەدەیت، کە دووبارە زوو دێیتەوە بۆ ئێرە.

**ئاستا** بە خێرایی

نەخێر، نەخێر، ناتوانم یەکسەر ئەو بەڵێنەت پێبدەم.

**ئەڵمەرش**

باشە. خۆت چۆنت دەوێت ئاوها. کەوابوو ئێمە لەوێ یەک دەبینین.

**ئاستا** بە پاڕانەوەوە

بەڵام، ئەڵفرێد، تۆ ئێستا پێویستە لەلای ڕیتا بمێنیتەوە!

**ئەڵمەرش** بەبێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، ڕوودەکاتە بۆرگهایم

باشترین شت ئەوەیە بۆ تان، کە هیچ هاوسەفەرێکتان نەبێ.

**بۆرگهایم** بێ ویستی خۆی

ئۆ، چۆن دەتوانن شتی وا بڵێن!

**ئەڵمەرش**

با، چونکە ئێوە هەرگیز ناتوانن ئەوە بزانن، کە پاشان ڕەنگە ئێوە کێ ببینن. لە ڕێگا.

**ئاستا** ڕاستەوخۆ

ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش**

هاوسەفەرێکی ڕاستەقینە. کە درەنگ بوو. درەنگە.

ئاستا لەژێر لێوەوە، بەهەڵ لەرزینەوە

ئەڵفرێد! ئەڵفرێد!

**بۆرگهایم** نیگاکانی لەمیانەوە دەگوێزێتەوە بۆ ئەویان

ئەوە مانای چییە؟ من تێناگەم –

ڕیتا لەدواوە بەرەوە سەرەوە دێ

**ڕیتا** بەدەم گازندەوە

ئۆ، هەمووتان پێکەوە بەجێم مەهێڵن!

**ئاستا** بەرەو رووی دەچێ

تۆ گوتت، پێت باشترە بە تەنیا بیت –

**ڕیتا**

بەڵێ، بەڵام ناتوانم. خەریکە ناشرین تاریک دادێ. پێموایە، کە دوو چاوی گەورەی کراوە، لێم دەڕوانن!

**ئاستا** سۆزدارانە، بە هەست پێکردنەوە

ئینجا وا ئەوە ئێستا ئاوهاش بوو، ڕیتا؟ ئەو چاوانە تۆ نابێ لێیان بترسیت.

**ڕیتا**

بیر لەوەبکرەوە، کە تۆ دەتوانیت بڵێیت! مەترسە!

**ئەڵمەرش** بە پەرۆشەوە

ئاستا، من داوات لێدەکەم، - لەبەر هەموو شتێک، - لەلای ڕیتا – لێرە بمێنەرەوە !

**ڕیتا**

بەڵێ! لەلای ئەڵفرێدیش! بمێنەرەوە! بمێنەرەوە، ئاستا!

**ئاستا** بەململانێوە

ئۆ، من هێجگار لە ناخەوە ئەوە دەخوازم –

**ڕیتا**

ئێ، کەواتە بمێنەرەوە! چونکە من و ئەڵفرێد بە تەنیا ناتوانین بە نێو ئەو غەم وتاسەیەدا ڕێبکەین.

**ئەڵمەرش** غەمبارانە

باشترە بڵێیت – بە نێو ئازار و ناڕەحەتیدا.

**ڕیتا**

بەڵێ، هەرچییەک تۆ دەخوازیت ناوی بنێیت، - ئێدی ئێمە بە تەنیا ناتوانیین بچینە ژێر ئەو بارەوە، ئێمە هەردووکمان. ئۆ، ئاستا، من زۆر تکات لێدەکەم! لێرە بمێنیتەوە و یارمەتیمان بدەیت! جێگەی ئایۆڵفمان بۆ بگرەوە –

**ئاستا** پاشەکشێ دەکات

ئایۆڵف -؟

**ڕیتا**

بەڵێ، ئەڵفرێد، بڵێی ئەو نەتوانێ ئەوە بکات؟

**ئەڵمەرش**

ئەگەر ئەو بخوازێ و بتوانێ.

**ڕیتا**

پێشتر تۆ ئەوت بە ئایۆڵفە بچکۆلەکەی خۆت بانگدەکرد. (دەستی ئاستا دەگرێ) لێرە بەدواوە تۆ دەبیتە ئایۆڵفی ئێمە، ئاستا! ئایۆڵف، هەروەک پێشتر تۆ چۆن بوویت وا.

**ئەڵمەرش** بە جوڵەیەکی نارەحەتی پێوە دیاربووەوە

بمێنەرەوە – و ژیانمان لەگەڵ بەشکە، ئاستا. لەگەڵ ڕیتا. لەگەڵ من. لەگەڵ من، - براکەت!

**ئاستا** بڕیاردەرانە، دەستی بەرەو خۆی دەکێشێتەوە

نەخێر. من ناتوانم. (ئاوڕدەداتەوە) بۆرگهایم، - چ کاتێک کەشتییە هەڵمییەکە دەردەچێ؟

**بۆرگهایم**

ئێستا بەم زووانە.

**ئاستا**

کەوابوو با بڕۆم سواری کەشتییەکە بم. ئەی ئێوە دەخوازن لەگەڵم بێن؟

**بۆرگهایم** بە خۆشیی دەربڕینێکی کپەوە

من بخوازم؟ بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ!

**ئاستا**

کەوابێ دەوەرە.

**ڕیتا** بەهێواشی

ئای، ئەواها. بەڵێ، ئێدی تۆ ناتوانیت لای ئێمە بمێنیتەوە.

**ئاستا** دەست دەکاتە ملی

سوپاس بۆ هەموو شتێ، ڕیتا! (دەچێ دەستی ئەڵمەرش دەگرێ) ئەڵفرێد، - خوات لەگەڵ! هەزار، هەزار جار خوات لەگەڵ!

**ئەڵمەرش** لەسەرخۆ، بە گرژی

ئەمە چییە، ئاستا؟ ئەوە وەک هەڵهاتن وایە.

**ئاستا** لە ترسێکی بێدەنگ دا

بەڵێ، ئەڵفرێد، - ئەوە هەڵهاتنە.

**ئەڵمەرش**

هەڵهاتن – لە من!

**ئاستا** بە چرپە

هەڵهاتنێک لە تۆ – و لە خودی خۆم.

**ئەڵمەرش** دەکشێتەوە دواوە

ئاهـ -!

ئاستا بەپەلە لەدواوە بەرەوخوار دەبێتەوە. بۆرگهایم شەپقەکەی [بۆ ماڵ ئاوایی] هەڵدەسوڕێنێ و دوای ئاستا دەکەوێ. ڕیتا بە کۆڵەکەی دەلاقە والاکەی چوونە ژوورەوەی پاڤیلۆنەکەوە پاڵدەداتەوە. ئەڵمەرش بە هەڵچوونێکی بەهێزی ناوەکییەوە بەرەو مێردڕەوەکە دەڕوا و تەماشای خوارەوە دەکات. مانەوە.

**ئەڵمەرش** ئاوڕ دەداتەوە و لە بارودۆخێکدا کە هەوڵدان بۆ بەسەرخۆدا زاڵبوونی پیوە دیارە دەڵێ

ئەوە کەشتییە هەڵمییەکەش هات، بڕوانە، ڕیتا.

**ڕیتا**

ناتوانم تەماشای بکەم.

**ئەڵمەرش**

ناتوانیت؟

**ڕیتا**

نەخێر. چونکە چاوێکی سووری هەیە. چاوێکی سەوزیش. چاوی گەورەی بەتین.

**ئەڵمەرش**

ئا، ئەوە چراکانین، ئیتر.

**ڕیتا**

لێرە بەدواوە ئەوە، بۆ من چاوە. لە تاریکییدا سەیردەکەن و لە نێو تارکییەوە - وورد دەبنەوە.

**ئەڵمەرش**

ئێستا لە وشکایی لەنگەر دەگرێ.

**ڕیتا**

ئەم ئێوارەیە لە کوێدا دەوەستێ؟

**ئەڵمەرش** نزیک دەبێتەوە

بەتەنیشت بەندەرەکەوە، هەروەک هەمیشە، ئازیزم –

**ڕیتا** خۆی ڕێک دەکاتەوە

چۆن دەتوانێ لەوێدا لەنگەر بگرێ!

**ئەڵمەرش**

دەبێ وا بکات.

**ڕیتا**

بەڵام ئەوە لەێدا بوو، کە ئایۆڵف -! ئێدی خەڵک چۆن دەتوانن لەوێدا لەنگەر بخەن؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، ژیان بێ بەزەییە، ڕیتا.

**ڕیتا**

مرۆڤەکان بێ بەزەیین. گوێ بە هیچ نادەن. نە بەوانەی زیندون  و نە بەوانەشی مردون.

**ئەڵمەرش**

تۆ ڕاستدەکەیت. ژیان، لەسەر ڕەوتی خۆی دەگوزەرێ. دروست وەک ئەوەی هیچ شتێک لە دنیادا ڕووی نەدابێ.

**ڕیتا** سەیری بەردەمی خۆی دەکات

ئینجا خۆ هیچیش لەوانی دی ڕووینەداوە. نا. تەنها لە ئێمە هەردووکمان نەبێ.

**ئەڵمەرش** لە ئازارێکی وەئاگا هاتووانەدا

بەڵێ، ڕیتا، - هێجگار بێ سود بوو، ئەوەی کە تۆ ئەوت بەژان و ئازارەوە خستەوە. چونکە ئەو ئێستا ئێدی نەما – بەبێ [بەجێهێشتنی]هیچ شوێن پێیەکیش لەدوای خۆیەوە.

**ڕیتا**

تەنها دارشەقەکەی مایەوە.

**ئەڵمەرش** بە توندی

بێدەنگ بە ئیتر! لێمگەڕێ با گوێم لەو وشەیە نەبێ!

**ڕیتا** بە سکاڵاکردنەوە

ئۆف، من بەرگەی ئەوبیرکردنەوەیە ناگرم کە ئێمە چیدی ئەومان نییە.

**ئەڵمەرش** سارد و تووڕە

تۆ زۆر باش بەبێ ئەو هەڵت دەکرد، کاتێك ئەوت هەبوو. نیوەی ڕۆژەکان ئەوت بەچاو نەدەبینی.

**ڕیتا**

نەخێر، ئاخر لەبەرئەوەی دەمزانی هەر وەختێک من بمەوێ، دەتوانم بیبینم.

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، ئێمە لێرە بەرامبەر ئەو کاتە کەمەی لەگەڵ ئایۆڵفی بچکۆلەدا هەمانبوو، بەو شێویە کەمتەرخەم بووین.

**ڕیتا** ترساوانە، گوێدەگرێ

گوێت لێیە تۆ، ئەڵفرێد! ئەوە دووبارە زەنگ لێدەدات!

**ئەڵمەرش** سەیری دووردەکات

ئەوە کەشتییە هەڵمێکەیە، زەنگ لێدەدات. دووبارە دەیەوێ بڕوا!

**ڕیتا**

ئۆ، نا مەبەستم ئەو زەنگە نییە. سەرانسەری ئەمڕۆ  من گوێم لە زەنگ لێدانبووە لە گوێکانم دا. – ئەوە دووبارە ئێستا دەستی پێکردەوە!

**ئەڵمەرش** بەرەو لای دەچێ

تۆ هەڵەیەت، ڕیتا.

**ڕیتا**

نەخێر، زۆر بە ڕوونی گوێم لێیەتی. وەک زەنگی ناشتن[11] دێتە گوێ. هێواش. هێواش. ئینجا هەمیشەش هەمان ڕستە[12].

**ئەڵمەرش**

ڕستە؟ کام ڕستە؟

ڕیتا بە نەزم سەر دەلەقێنێ

«کری- کێن فلی- تەر[13]». « کری- کێن فلی - تەر». ئۆ، پێموایە، کە تۆش دەبێ بتوانی گوێت لەوە بێت.

**ئەڵمەرش** سەربادەدات

گوێم لە هیچ نییە. هیچیش نییە ئیتر.

**ڕیتا**

بەڵێ، بەڵێ، تۆ ئەوەی دەتەوێت بیڵێ. من زۆر بە ڕوونی گوێم لێیەتی.

**ئەڵمەرش** بەرەو مێردڕەوەکە دەڕوانێ

ئەوا ئەوان سوار بوون، ڕیتا. ئێستا کەشتییەکە بەرەو شار دەڕوات.

**ڕیتا**

نا، چۆن گوێت لێنە! «دارشەقەکان-سەرئا وکەوتن»«دار-شەقەکان - -»

**ئەڵمەرش** بەرەو پێشەوە دەچێ

تۆ نابێ ئاوها ڕاوەستی و گوێ لە شتێ بگریت، کە نییە. من دەڵێم، ئێستا ئاستا و بۆرگهایم لە کەشتییەکەدان. هەر لە ئێستاوە بە ڕێگەوەن. – ئاستا ڕۆیشت.

**ڕیتا** بە سڵەمینەوە تەماشای دەکات

کەوابێ تۆش بەم زووانە دەڕۆیت، ئەڵفرێد؟

ئەڵمەرش بەپەلە

مەبەستت چییە؟

**ڕیتا**

مەبەستم ئەوەیە تۆش دوای خوشکەکەت دەکەویت.

**ئەڵمەرش**

---

[11] زەنگی ناشتن: زەنگی زەنگۆڵەی کەنیسە لە کاتی ناشتنی کەسێک دا . وەرگێڕ

[12] ئیبسن لێرەدا دەڵێ هەمان وشە، وەلێ ئەوە وشەیەک نییە بەتنها ڕستەیەکە. بۆیەکردم بە ڕستەیەک. وەرگێڕ

[13] ڕستەکە واتاکەی "دارشەقەکە سەرئاودەکەوێ" وەرگێڕ

ئایا ئاستا هیچی گوتووە؟

**ڕیتا**

نەخێر، بەڵام تۆ خۆت گوتت، کە – کە پێکەوە بوونی ئێمە هەردووکمان، لەبەر خاتری ئاستا بووە.

**ئەڵمەرش**

بەڵی، بەڵام تۆ، تۆ خۆت منت بەستەوە. بە پێکەوە ژیانەوە[14].

**ڕیتا**

ئا، بە بڕوای تۆ من چیدی – بەو شێوەیە – هێجگار سەرنجڕاکێش نیم.

**ئەڵمەرش**

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە یاسای گۆڕان بەسەردا هاتن بتوانێ پێکەوەمان بهێڵێتەوە.

**ڕیتا** بە هێواشی سەردەلەقێنێ

گۆڕان بەسەردا هاتن ئێستا لە مندا هەیە. زۆر بە ژانە من هەستی پێدەکەم.

**ئەڵمەرش**

ژان؟

**ڕیتا**

بەڵێ، چونکە ئەوە بەشێوەیەک وەک منداڵبوون وایە.

**ئەڵمەرش**

ئەوە وایە. یان زیندووبونەوەی پاش مەرگ. گواستنەوە بۆ ژیانێکی باڵاتر.

**ڕیتا** بە ماندووبوونەوە تەماشای بەردەمی خۆی دەکات

بەڵێ، - بە تەواوی، تەواوی خۆشبەختی ژیان لە داست دانەوە.

**ئەڵمەرش**

ئەو لە دەستدانە، ئەوە تەنها سودوقازانجە، ئەوە.

**ڕیتا** بە توندی

ئۆ، قسەی زل! خوای گەورە، ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی سەر زەوین.

**ئەڵمەرش**

کەمێکیش لە دەریا و ئاسمانەوە نزکین ئێمە، ڕیتا.

---

14 مەبەست لە پێکەوە ژیان، پێکەوە ژیانی ژن و پیاوە بێ مارەبڕین و هاوسەرگیری فەرمی لەگەڵ یەک. وەرگێڕ

**ڕیتا**

ڕەنگە تۆ، من نا.

**ئەڵمەرش**

با. تۆ زیاتر لەوەی تۆ خۆت دەیزانیت.

**ڕیتا** هەنگاوێک نزیکتر دەبێتەوە

گوێبگرە، ئەڵفرێد، - ناتوانیت تۆ بیر لەوە بکەیتەوە کە دووبارە کارەکەت لەگەڵ خۆت بەریتەوە بۆ چیا.

**ئەڵمەرش**

ئەو کارەی کە تۆ  قینت لێی دەبووەوە؟

**ڕیتا**

من ئێستا بووم بە کەسێکی ئاوها کە بەکەمیش ڕازی دەبم. من دەخوازم تۆ لەگەڵ کتێبەکەدا بەشکەم.

**ئەڵمەرش**

بۆچی؟

**ڕیتا**

هەر بۆئەوەی تۆ لێرە لای خۆم بهێڵمەوە. ئەوها لە نزیکەوە.

**ئەڵمەرش**

ئۆ، ڕیتا، بەڵام من زۆر کەم دەتوانم یارمەتیت بدەم.

**ڕیتا**

بەڵام ڕەنگە من بتوانم یارمەتیت بدەم.

**ئەڵمەرش**

لە کارەکەم دا، مەبەستت ئەوەیە؟

**ڕیتا**

نەخێر. لەوەدا کە لە ژیاندا بژیت.

**ئەڵمەرش** سەربادەدات

پێموانییە، من هیچ ژیانێکم هەبێ بۆی بژیم.

**ڕیتا**

ئێ، کەواتە لە بارکردنی ژیان دا.

**ئەڵمەرش** بەدەنگی گڕ، بەبەرخۆیەوە

من لەوباوەڕەدام ئەگەر ئێمە جیا بینەوە، بۆ هەردووکمان باشتر بێ.

**ڕیتا** بە لێ ووردبوونەوەوە تەماشای دەکات

ئەی ئەوسا ڕوو لە کوێ دەکەیت؟ لەهەموو حاڵەتێکدا ڕەنگە بچی بۆ لای ئاستا؟

**ئەڵمەرش**

نەخێر. لێرە بەدواوە هەرگیز ناچم بۆ لای ئاستا.

**ڕیتا**

ئەی بۆ کوێ؟

**ئەڵمەرش**

دەچووم بەرەو تەنیایی.

**ڕیتا**

بۆ نێو چیاکان؟ مەبەستت، ئەوەیە؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ.

**ڕیتا**

بەڵام ئاخر ئەمە تەنها خەون و خەیاڵە، ئەڵفرێد! ئاخر تۆ لەوێ نەتوانی بژیت.

**ئەڵمەرش**

سەرباری ئەوەش هەر بەرەو ئەوێ دەچم.

**ڕیتا**

بۆچی؟ ئەوەم پێبڵێ!

**ئەڵمەرش**

دانیشە. با من شتێکت پێبڵێم.

**ڕیتا**

شتێک، کە لەوێ بوویت بەسەرت هات؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ

**ڕیتا**

شتێک کە تۆ لای من و ئاستا بێ دەنگیت لێی کرد؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ.

**ڕیتا**

ئۆف، تۆ هەموو شتێک زۆر بەبێدەنگی هەڵدەگریت. نەدەبوو ئەوها بیت.

**ئەڵمەرش**

لەوێدا دانیشە. ئینجا ئەوەت بۆ باس دەکەم.

**ڕیتا**

بەڵێ، بەڵێ، - ئادەی با گوێم لێ بێ!

لەسەر کورسی نێو پاڤیلیۆنەکە دادەنیشێ.

**ئەڵمەرش**

من لەوێ لەسەرەوە بە تەنیا بووم. لە ناوەندی چیا بەرزەکاندا. پاشان گەیشتمە چەمێکی شاخاوی گەورە و چۆڵ. دەبوایە لەو چەمە بپەڕمەوە. بەڵام نەمتوانی. چونکە ئەو شوێنە نە بەلەم نە مرۆڤ هیچیانی لێ نە بوو.

**ڕیتا**

ئێ؟ پاشان؟

**ئەڵمەرش**

پاشان خودسەری دۆڵێکی لاتەنیشتم گرتەبەر. چونکە پێموابوو کە لەوێوە دەبێ بەسەر بەرزاییەکان و بە نێو لوتکەی چیاکاندا هەڵزنێم. ئینجا دووبارە داگەڕیمەوە خوارەوە بۆ ئەوبەری ئاوەکە.

**ڕیتا**

ئۆی، ئێدی بەدڵنیاییەوە ڕێت گومکردوە، ئەڵفرێد!

**ئەڵمەرش**

بەڵێ؛ ئاڕاستەیەکی هەڵەمگرتەبەر. چونکە ڕێگە یان باریکەڕێ لەوێدا نەبوو. منیش هەموو ڕۆژەکە ڕۆیشتم. ئینجا تاڕادەیەک هەموو شەوی دوایش. لە کۆتاییدا وامدەزانی هەرگیز من، من چیدی مرۆڤ نابینمەوە.

**ڕیتا**

واتدەزانی ناگەڕێتەوە بۆ لامان؟ ئۆ، بە دڵنیاییەوە دەزانم، بیرەکانت هەر لێرە بوون.

**ئەڵمەرش**

نەخێر، - بیرەکانم لێرە نەبوون.

**ڕیتا**

لێرە نەبوون؟

**ئەڵمەرش**

نەخێر. هێجگار سەیر بوو. پێموابوو، هەم تۆ و هەم ئایۆڵفیش زۆر زۆر دووربوون. ئاستا، ئەویش هەرهەمان شت.

**ڕیتا**

بەڵام ئەی تۆ بیرت لە چی دەکردەوە؟

**ئەڵمەرش**

من بیرم نەدەکردەوە. دەڕۆیشتم و بە لیواری خەرەندی سەرەولێژ دا خۆم کێش دەکرد و، - چێژم لە ئاشتی و ئاسودەیی هەست بەمەرگ کردن دەبرد.

ڕیتا لەجێی خۆی هەڵدەبەزێتەوە

ئۆ، ئەو جۆرە وشانە بۆ ئەو شتە ترسناکە بەکارمەهێنە!

**ئەڵمەرش**

من ئاوها هەستم بەوە دەکرد. بێ هیچ ترسێ. وام هەست دەکرد، کە من و مەرگ وەک دوو هاوڕێی هاوسەفەری باش ڕێماندەکرد. زۆر بەجێبوو، - زۆر بە ئاسانی، هەمووی پێکەوە، ئەوکاتە وام هەست دەکرد. لە تایەفەکەماندا خەڵک پیر نابن –

**ڕیتا**

ئای، بێدەنگبە شتی وا مەڵێ، ئەڵفرێد! چونکە لەگەڵ ئەوەشدا تۆ باش لەوە دەربازت بوو.

**یەڵمەرش**

بەڵێ؛ ئێدی دوای ئەوە یەکسەر گەیشتمە جێ. بۆ بەری ئەو بەری ئاوەکە.

**ڕیتا**

شەوێک تۆ لە مەترسیدا بوویت، ئەڵفرێد. بەڵام ئێستا دوای ئەوە تۆ خۆت ناخوازیت بۆ خۆت دان بەوەدا بنێیت.

**ئەڵمەرش**

ئەو شەوە منی بەرەو بڕیارێک بەرزکردەوە. ئینجا ئەوە بوو کە من پێچمدایەوە و ڕاستەوخۆ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. بۆ لای ئایۆڵف.

**ڕیتا** هێواش

درەنگبوو.

**ئەڵمەرش**

بەڵی. پاشان ئێدی – ئەو هاوڕێیە[15] هات و ئەوی فڕان -. دوایش لەپاش ئەو ترس بەجێما. لە [پاش ئەوە] هەمووی. لە هەموو ئەوەی، - کە بەهەرحاڵ ئێمە ناوێرین جێیبهێڵین. ئێمە هەردووکمان هێندە بە زەوییەوە پەیوەستین، ڕیتا.

**ڕیتا** بە دڵخۆشیەکی زۆرەوە

بەڵێ، ئەی وا نییە! تۆش! (لێی نزیکتر دەبێتەوە) ئای، لێگەڕێ با ئێمە هێندەی لە تواناداا هەیە پێکەوە ژیان بەسەر بەرین!

**ئەڵمەرش** شانەکانی هەڵدەتەکێنێ

ژیان بەرینەسەر، بەڵێ! ئینجا هیچمان نەبێ ژیانی پێ پڕبکەینەوە. بەرەو هەر کوێیەک دەڕوانم، هەمووی چۆڵەوانی و خاڵییە.

**ڕیتا** بەهەست بە ترسکردنەوە

ئۆف، درەنگ یان زوو تۆ من بە جێدەهێڵیت، ئەڵفرێد! من هەست بەوە دەکەم! تۆش پێتەوە دیارە هەستی پێدەکەم! تۆ من بە جێدەهێڵیت!

**ئەڵمەرش**

مەبەستت، لەگەڵ هاوڕێ هاوسەفەرکەم دا؟

**ڕیتا**

نەخێر، من مەبەستم ئەو شتە خراپترەیە، کە تۆ ئارەزوومەندانە من بە جێدەهێڵیت. چونکە تۆ پێتوایە تەنها لێرە، لەلای من، تۆ هیچ شتێکت نییە تا بۆی بژیت. وەڵامم بدەرەوە! ئایا تۆ بەوشێوەیە بیر ناکەیتەوە؟

**ئەڵمەرش** ڕەپ تەماشای دەکات

ئینجا گەر ئێستا من بەو شیوەیە بیربکەمەوە -؟

لەخوارەوە، دوور دەنگە دەنگ و هات و هاوار و تووڕەیی، بە دەنگی بەرز قسەکردن بە تووڕەییەوە دەبیسترێ. ئەڵمەرش بەرەو مێردڕەوەکە دەچێ.

**ڕیتا**

---

[15] مەبەست لە هاوڕێ هاوسەفەرە باشەکەیتی، کە مەرگە. وەگێر

ئەوە چییە. (بێ چاوەڕیکردنی وەڵام دەست دەکاتەوە بە قسەکردن) ئا، ئەوا دەیبینیت، دۆزیویانەتەوە!

**ئەڵمەرش**

ئەو هەرگیز بوونی نییە.

**ڕیتا**

بەڵام ئەی ئەوە چییە؟

**ئەڵمەرش** بەرەو پێشەوە دەچێ

دیسان شەڕە، - وەک هەمیشە.

**ڕیتا**

لە خوارەوە لەکەنار دەریاکە؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ. هەموو ئەو کەنارە پێویستە پاکبکرێتەوە. ئەوا دیسان پیاوەکان گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەوە. سەرخۆشن، هەروەکو جاران. کەوتوونەتە کوتانی منداڵەکان. گوێبگرە، چۆن کوڕەکان هاوار دەکەن! ئافرەتەکان هاواری بەفریاوەهاتنیان بۆ دەکەن –

**ڕیتا**

بەڵێ، ئەی کەسێک نەنێرینە خوارەوە تا بەفریایانەوە بچێ؟

**ئەڵمەرش** توند و بە تووڕەییەوە

بە فریای ئەوانەوە بچێ کە بە فریایی ئایۆڵفەوە نەچوون! نەخێر، لێیانگەڕێ با بفەوتێن، - هەروەک چۆن ئەوان لێگەڕان ئایۆڵف بفەوتێ!

**ڕیتا**

ئا، تۆ نابێ بەو شێوەیە قسەبکەیت، ئەڵفرێد! ئاوها نابێ بیربکەیتەوە!

**ئەڵمەرش**

من ناتوانم بە شێوەیەکی جیاوازتر لەمە بیربکەمەوە. هەموو ئەو کۆخت و قۆلیتە کۆنانە پێویستە بڕوخێنرێن.

**ڕیتا**

ئەی ئەوسا چی بەسەر ئەو هەموو خەڵکە هەژارەدا دێ؟

**ئەڵمەرش**

با بڕۆن بۆ شوێنێکی دیکە.

**ڕیتا**

ئەی منداڵەکان؟

**ئەڵمەرش**

ناکرێ هەر هەمان شت بێ، بۆ هەر کوێەک بێ مل بشکێنن؟

**ڕیتا** هێواش، بە سەرزەنشتکردنەوە

تۆ زۆر لە خۆت دەکەیت بۆ ڕەق نوواندنێکی ئاوها، ئەڵفرێد.

**ئەڵمەرش** بەتووندی

مافی خۆمە لەمەوداوا ڕەقبم! هەروەها ئەرکی سەرشانیشمە!

**ڕیتا**

ئەرکی سەرشانت؟

**ئەڵمەرش**

ئەرکی سەرشانم لەبەرامبەر ئایۆڵف دا. ئەو نابێ بەبێ تۆڵەسەندنەوە بمێنێتەوە. نەخت و پوخت، ڕیتا! وەکو پێت دەڵێم! بیر لەو مەسەلەیە بکەرەوە. هەموو ئەو شوێنە لەخوارەوە لەگەڵ زەویدا تەختکە، - کە من ڕۆیشتم.

**ڕیتا** لێی وورد دەبێتەوە

کە تۆ دەڕۆیت؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا تۆ شتێکت دەبێ کە ژیانی خۆتی پێ پڕکەیتەوە. ئەوەش پێویستە تۆ هەت بێت.

**ڕیتا** پتە و بڕیار دەرانە

تۆ ڕاست دەکەیت. من پێویستە شتێکی وام هەبێ. بەڵام دەتوانیت هەڵی بێنیت، کە من دەخوازم چی بکەم، - کە تۆ ڕۆیشتیت؟

**ئەڵمەرش**

ئێ، ئەو شتە چییە؟

**ڕیتا** هێواش، وەک تەواو بڕیاری دابێ

هەر کە بەجێت هێشتم، دەچمە خوارەوە بۆ کەنار دەریاکە و هەموو ئەومنداڵە هەژار و لاوازانە دەهێنمە سەرەوە بۆ لای خۆم. هەموو ئەو کوڕە بێ پەروەردانە –

**ئەڵمەرش**

دەخوازیت چیان لێبکەیت لێرە؟

**ڕیتا**

دەخوازم بیان هێنم بۆ لای خۆم.

**ئەڵمەرش**

تۆ ئەوەت دەوێت!

**ڕیتا**

بەڵێ، ئەوەم دەوێ. هەر ئەو ڕۆژەی تۆ سەفەرت کرد، ئەوان دێن بۆ ئێرە، هەموویان پێکەوە، - وەک ئەوەی منداڵی خۆم بن.

**ئەڵمەرش** بە تووڕەییەوە

لە جێگەی ئایۆڵفە بچکۆلەکەی خۆمان!

**ڕیتا**

بەڵێ، لە جێگەی ئایۆڵفە بچکۆلەکەی خۆمان. ڕێگەیان پێدەدرێ لە ژوورەکانی ئایۆڵف دا بژین. ڕێگەیان پێدەدرێ کتێبەکانی ئەو بخوێننەوە. یاری بە شتە بچووکەکانی ئەو بکەن. بە نۆرە لەسەر کورسییەکەی بەتەنیشت مێزەکەوە دانیشن.

**ئەڵمەرش**

گوێگرتن لەمە شێتێ تییەکی تەواوە! من کەسێک لە دنیادا لە تۆ کەم شیاوتر زیاتر بۆ کارێکی ئاوها شک نابەم.

**ڕیتا**

ئیدی دەبێ من خۆم بۆ ئەوە پەروەردەکەم. خۆم فێرکەم. خۆم ڕابهێنم.

**ئەڵمەرش**

ئەگەر تۆ تەواو ئەوەت بە جیدی بێت، - هەموو ئەوەی کە دەیڵێیت، ئەوا دەبێ گۆڕانکارییەک بەسەر تۆدا هاتبێ.

**ڕیتا**

ئەو گۆڕانکاریە بەسەرمدا هاتووە، ئەڵفرێد. تۆ مشوری ئەو گۆڕانکاریەت خواردووە. تۆ شوێنێکی بەتاڵت لە ناخی مندا دروستکردوە. منیش پێویستە هەوڵ بدەم بە شتێک پڕی بکەمەوە. شتێک، کە بتوانێ لە جۆرە خۆشەویستیەک بچێ.

**ئەڵمەرش** ماوەیەک لە بیرکردنەوەدا دەمێنێتەوە؛ تەماشای دەکات

لە بنەڕەتدا ئێمە زۆرمان بۆ ئەو خەڵکە هەژارەی خوارەوە نەکردووە.

**ڕیتا**

ئێمە هیچمان بۆیان نەکردووە.

**ئەڵمەرش**

تەنانەت بەزەحمەتیش بیرمان لێکردوونەتەوە.

**ڕیتا**

هەرگیز بە بەزەییەوە بیرمان لێنەکردوونەتەوە.

**ئەڵمەرش**

ئێمە، کە خاوەنی " سەرمایە و شکۆین" –

**ڕیتا**

ئێمە هەر دەستی داخراو دڵی داخراومان بۆیان هەبووە.

**ئەڵمەرش** سەردەلەقێنی

ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە ئەوان ژیانی خۆیان نەخستووەتە گیانبازییەوە بۆئەوەی ئایۆڵف ڕزگارکەن ڕەنگە شتێکی بەجێ بێ.

**ڕیتا** هێواش

بیر لەوە بکەرەوە، ئەڵفرێد. تۆ زۆر دڵنیای لەوەی، کە – کە ئێمە خودی خۆمان دەمانوێرا ئەوە بکەین؟

**ئەڵمەرش** نائارامانە و بە نکوڵی لێکردنەوە

بەڵام تۆ هەرگیز گوومانت لەوە نەبێ، ڕیتا!

**ڕیتا**

ئا، ئێمە مرۆڤی سەر زوین، تۆ.

**ئەڵمەرش**

بەڕاستی تۆ بیر دەکیتەوە چی بکەیت بۆ ئەو هەموو منداڵە لاوازانە؟

**ڕیتا**

ئێدی دەبێ من بە نزیکترین شێوە هەوڵی ئەوە بدەم، بتوانم چارەنووسیان نەرم و- ڕەسەنکەم.

**ئەڵمەرش**

تۆ بتوانی ئەوە بکەیت، ئەوا لەدایکبوونی ئایۆڵف بیهودە نەبووە.

**ڕیتا**

بێهودەش لێمان نەسێندراوەتەوە.

**ئەڵمەرش** زەق تەماشای دەکات

تەنها شتێکت لا ڕوون بێت، ڕیتا. ئەوە خۆشەویستی نییە، کە تۆ بەرەو ئەمە دەجوڵێنێت.

**ڕیتا**

نەخێر، ئەوە نییە. بەهەرحاڵ هێشتا نا.

**ئەڵمەرش**

ئەی، بەڕاستی ئەوە چییە؟

**ڕیتا** بە نیوە خۆ دزینەوەیەکەوە

ئێدی تۆ زۆربەی جار لەبارەی مرۆڤ و بەرپرسیارێتییەوە لەگەڵ ئاستا قسەت دەکرد –

**ئەڵمەرش**

لەبارەی کتێبەکەوە، کە تۆ قینت لێی دەبووەوە.

**ڕیتا**

من هێشتا قینم هەر لەو کتێبەیە. بەڵام من دانیشتبووم گوێم دەگرت، کە تۆ باست دەکرد. ئیستا دەخوازم خۆم هەوڵدەم بەرەو پێشەوە بڕۆم. بە شێوازی خۆم.

**ئەڵمەرش** سەربادەدات

ئەوە لەبەر خاتری ئەو کتێبە تەواو نەکراوە نییە –

**ڕیتا**

نەخێر، من هۆکارێکی دیکەم هەیە.

**ئەڵمەرش**

چ هۆکارێک؟

**ڕیتا** هێواش، بە زەردەخەنەیەکی قورسەوە

من دەخوازم مەراڕی چوونە نێو ئەو چاوە گەورە و کراوانە بکەم، وەک دەبینیت.

**ئەڵمەرش** وەک گورزێکی بەرکەوتبێ، چاوەی تێدەبرێت

ڕەنگە منیش بتوانم بەشداری بکەم؟ یارمەتیت بدەم، ڕیتا؟

**ڕیتا**

تۆ دەخوازیت ئەوەبکەیت؟

**ئەڵمەرش**

بەڵێ، - ئەگەر تەنها بزانم، من دەتوانم.

**ڕیتا** بە دوودڵییەوە

بەڵام ئیتر دەبێ تۆ لێرە بمێنیتەوە.

**ئەڵمەرش** لەسەرخۆ

با هەوڵدەین، بزانین نابێت.

**ڕیتا** بەحاڵ دەبیسترێ

با ئەوە بکەین، ئەڵفرێد.

هەردووکیان بێدەنگ دەبن. پاشان ئەڵمەرش دەچیتە لای ستونی ئاڵاکەوە و ئاڵاکە تەواو هەڵدەکات. ڕیتا لە تەنیشت پاڤیلیۆنەکەوە وەستاوە و بێدەنگ تەماشای دەکات.

**ئەڵمەرش** دووبارە دێتەوە پێشەوە

ڕۆژانێکی سەختی کارکردنمان لە پێشە، ڕیتا.

**ڕیتا**

دەبینیت، - جاروبار هێمنی ڕۆژانی یەکشەمان باڵ بەسەرماندا دەکێشێ.

**ئەڵمەرش** هێواش، دەجوڵێ

ئەو دەمە هەست بە سەردانی ڕۆحیانەتەکان دەکەین، لەوانەیە.

**ڕیتا** بەچرپە

ڕۆحیانەتەکان؟

**ئەڵمەرش** وەک پێشان

بەڵێ. ئەوسا ڕەنگە ئەوانیش لەدەورمان بن، - ئەوانەی کە لە دەستمان داون..

**ڕیتا** بەهێواشی سەردەلەقێنێ

ئایۆڵفە بچکۆلەکەمان و ئایۆڵفە گەورەکەی تۆش.

**ئەڵمەرش** زەق تەماشای بەردەمی خۆی دەکات

ڕەنگە رووبدات، هێشتا ئێمە جاروبار، - لە ڕێچکەی ژیاندا – وەک چۆن بڵێی ڕۆشناییەکی کەم خایانیان ببینین.

**ڕیتا**

بۆ ئەوە پێویستە ئێمە بەرەو کوێ بڕوانین، ئەڵفرێد -؟

**ئەڵمەرش** چاوەی تێدەبڕێت

بەرەو سەرەوە.

**ڕیتا** گوێگرانە سەردەلەقێنی

بەڵێ، بەڵێ – بەرەو سەرەوە.

**ئەڵمەرش**

بەرەو سەرەوە. – بەرەو لوتکەی چیاکان. بەرەو ئەستێرەکان. ئینجا بەرەو ئەو ئارامییە گەورەیە.

**ڕیتا** دەستی تەوقە لەگەڵکردنی بۆ درێژ دەکات

سوپاس!.

هاودەم ساڵح جاف

23.01.2023

Oslo